# ترسی کورد لەمالیکی لە جێی خۆیەتی



**تایبەت بە رووداو**

پرۆفیسۆری ئەمریکی رۆبێرت ئۆڵسن، مامۆستای زانکۆی کینتاکییە، لەیەکەمین هەڤپەیڤینیدا لەگەڵ میدیای کوردی، بە (رووداو)ی راگەیاند کە ترسی کورد لە هێرشی مالیکی بۆ سەر کوردستان "ترسێکی عەقلانییە"، بەڵام دەڵێ ئەوە زۆر دەخایێنێ و دوای کشانەوەی ئەمریکا لەعێراق، بەغدا دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکان کەمدەکاتەوە. هەروەها گوتی پێویستە کورد پشت بە ئەمریکا نەبەستێ، چونکە ئەمریکا بەرژەوەندی لەگەڵ وڵاتە عەرەبییە سوننەکاندا هەیە کەخاوەنی نەوتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستن و زۆر لەونەوتەش بە تورکیادا تێدەپەڕێت.

لاپەڕە6

# هەولێر بەفەرمی لەهاتنی عەبدوڵڵا گیول ئاگادارنەکراوەتەوە



**تایبەت بە رووداو**

هەرچەندە رۆژنامەی حوریەتی تورکی بڵاویکردەوە کە عەبدوڵڵا گیول هەفتەی داهاتوو سەردانی عێراق دەکات، کە چاوەڕواندەکرێ لەگەڵ مام جەلال سەردانی هەولێریش بکات، بەڵام سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وێڕای ئەوەی گوتی "ئەگەر سەرۆکی تورکیا سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، ئەوە هەنگاوێکی گرنگە"، لەهەمانکاتدا گوتی تا ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی لە هاتنی گیول بۆ هەرێمی کوردستان ئاگادار نەکراونەتەوە.بەڵام دێنیس ناتالی، کە پسپۆرێکی ئەمریکی شارەزای کێشەی کوردە گوتی "پێمواننییە سەرۆکی تورکیا سەردانی هەولێر بکات".

لاپەڕە 3

# کۆمپانیایەک خانوو بە 2500 دۆلار دەداتە هەژارانی کوردستان



**رووداو-سلێمانی**

کۆمپانیای گلی گاندەرا، کە کۆمپانیایەکی خێرخوازییە و بنکەی لە سویسرایە، یارمەتی ئەو وڵاتە هەژارانە دەدات کە مەسیحی لێدەژین، دوای ئەوەی ئیسماعیل عەبدولرەحمان کە خاوەنی گرووپێکی بازرگانییە، لە بەیروت سەردانی نووسینگەکەیانی کرد، کۆمپانیاکە رازیبوو 5000 خانوو بۆ هەژارانی کوردستان دروستبکات. ئیسماعیل عەبدولرەحمان دەڵێ ئەو خانووانە کە لەسەر رووبەری 130 مەتر دروستدەکرێن بە 2500 دلار لەسەر خێزانە هەژارەکان تاپۆ دەکرێن، بەڵام تاوەکو دەستنەکرێ بە دروستکردنیان فۆرمی وەرگرتنیان دابەش ناکەن .

لاپەڕە 8


ژمارە (35)

دووشەممە 2008/12/15

24ی سەرماوەزی 2708

(750) دینار

Rûdaw

رووداو

خوێنەری رووداو ... زانێت

www.rudaw.net


# نەوشیروان مستەفا ناگەڕێتەوە ناو یەکێتی

**تایبەت بە رووداو**

محەممەد تۆفیق رەحیم، ئەندامی دەست لەکارکێشاوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند " من خۆم ناگەڕێمەوەو باوەڕناکەم نەوشیروانیش بگەڕێتەوە".لەلایەکی دیکەوە بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەک، مەکتەبی سیاسی یەکێتی گفتوگۆی ئەگەری گۆڕینی ستافی یەکێتی لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەکات.

بڕیاربوو مام جەلال لەگەڕانەوەی ئەمجارەیدا بۆ سلێمانی، لەگەڵ نەوشیروان مستەفای جێگری دەست لەکارکێشاوەی خۆی دابنیشێ، بەڵام بەبێ ئەنجامدانی ئەو دانیشتنە، رۆژی شەممە گەڕاوە بەغدا بۆ پێشوازیکردن لە سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بوش. سەرچاوەیەکی نزیک لە نەوشیروان مستەفا بە (رووداو)ی راگەیاند مام جەلال لە گەڕانەوەی دووبارەیدا بۆ سلێمانی لەو هەفتەیەدا لەگەڵ نەوشیروان مستەفا دادەنیشێ "بەڵام باوەڕناکەم کاک نەوشیروان بڕیاری گەڕانەوە بۆ ناو یەکێتی بدات". سەعدی پیرە بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە بەغدا لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی بڕیارە مام جەلال رۆژی سێ شەممە بۆ سەرپەرشتی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بگەڕێتەوە سلێمانی و" ئەوکات رەنگە لەگەڵ کاک نەوشیروانیشدا دابنیشێت".

محەممەد تۆفیق رەحیم، کە ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای وشەیە کە نەوشیروان مستەفا بەڕێوەبەریەتی سەبارەت بە گەڕانەوەیان بۆ ناو سەرکردایەتی یەکێتی گوتی " تائێستا هیچ بڕیارێکمان نەداوە بۆ گەڕانەوە، من خۆم ناگەڕێمەوەو باوەڕناکەم کاک نەوشیروانیش بگەڕێتەوە".

سەعدی پیرە، سەبارەت بە ئەگەری گۆڕینی ستافی یەکێتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا گوتی دوای راپۆرتی ئەو لیژنانەی لەلایەن مەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە بڕیاریان لەسەردراوە گفتوگۆ لەسەرگۆڕانکارییەکان دەکرێ " راپۆرتی ئەو لیژنانە لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئایندەدا پێشکێش دەکرێن، دەکرێت ئەوکات قسە لەسەر ئەو گۆڕانکاریانەش بکرێت کە پێویستە یەکێتی لە حیزب وحکومەتدا بیکات".

وردەکاری زیاتر لەلاپەڕە (3) بخوێنەوە

## "نازسیتی لە دهۆک وسلێمانیش دروستدەکەم و پرۆژەی گەورەم لە بەغداش هەیە".. ل 10



گۆڤاری walrusی کەنەدی دەڵێ: زەکەریا کەسێکی لەخۆ رازییە، بەڵام هێمنە (فۆتۆ: zakariamusic.com)

# مامۆستایانی کوردستان دەتوانن 9 مانگ بەخۆڕایی لە ئەمریکا بخوێنن

**تایبەت بە رووداو**

بەپێی ئاگاداریەکی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەبەغدا، کە دراوەتە (رووداو) ئەمریکا بەپێی بەرنامەی فولبرایت، ئامادەیە مامۆستایانی ئامادەیی زمانی ئینگلیزی بۆ 9 مانگ لەسەر خەرجی خۆی بباتە ئەمریکا بۆ ناسینی کۆمەڵگەی ئەمریکا و کارکردن وەک یاریدەدەری زمانی کوردی و عەرەبی و خوێندنی ئینگلیزی.

لەو نووسراوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکادا هاتووە، کە بەرنامەی پێشخستنی توانای مامۆستایانی ئینگلیزی لە عێراق لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پشتیوانی لێدەکرێ،کە خەرجی سەفەر و مانەوەو مووچەیەکی مانگانەیان پێدەدرێ بەدرێژایی ئەو 9 مانگە و، لەماوەیەدا بەشداری دوو خول دەکەن سەبارەت بە لێکۆڵینەوە ئەمریکییەکان و تێکەڵاوی کۆمەڵگەی ئەمریکی دەبن و وەک یاریدەدری مامۆستای کوردی یان عەرەبی لەو دەزگایەی لێی دەمێننەوە کاردەکەن.

بەپێی ئەو ئاگادارییە مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی لە عێراق، دەتوانن تاوەکو 2008/12/16 فۆرمی تایبەت لەو ماڵپەڕەی ئینتەرنێت https://apply.embark.com/student/fulbright/flta/ پڕبکەنەوە، هەروەها بۆ وەرگرتنی روونکردنەوەی زیاتر نامە بۆ ئەو ئیمێلەFulbrightIraq@state.gov بنێرن.




# ڕاپۆرتە هەواڵ




## ئەندام مەڵبەندێكی یەكێتی بریندار دەكرێت

ڕووداو - هەولێر

◆ ئەندام كۆمیتەیەكی یەكێتی بەچەقۆ هێرشدەكاتە سەر ئەندام مەڵبەندێكی یەكێتی لەهەولێر و برینداری دەكات. سەرچاوەیەكی ئاگادار لەپۆلیسی هەولێر بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند "شەوی 2008/12/13، ئەندام كۆمیتەیەكی یەكێتی هێرشیكردووەتە سەر،دكتۆر موحسین، ئەندامی مەڵبەند و برینداری كردووە". گوتیشی هۆكاری ئەو هێرشە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی كە دكتۆر موحسن سەرۆكی لیژنەی قەرەبووكردنەوەی ئاوارەكانەو گرفتەكەش لەسەر قەرەبووكردنەوە بووە.

# مووچەی فەرمانبەران كەمناكرێتەوە



**د. فازل نەبی، بریكاری وەزیری دارایی عێراق:**
**لەسەرەتای ساڵی نوێ جیاوازی دوو مانگی مووچەی فەرمانبەرانی كوردستان و سێ مانگی مووچەی فەرمانبەرانی عێراق خەرج دەكرێت، مووچەش بەهیچ شێوەیەك كەم نابێتەوە**

**ڕووداو-هەولێر**

بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە بودجەی عێراق دووچاری كورتهێنان هاتووەو ئەمەش دەبێتە هۆی كەمبوونەوەی مووچەی فەرمانبەران و بریكاری وەزیری دارایی عێراقیش ئەو دەنگۆیانەی ڕەتكردەوە مووچەی فەرمانبەران لەساڵی 2009 كەمبكرێتەوە.

بۆدانانی بودجەی ساڵی 2009ی عێراق، نرخی بەرمیلێك نەوت بە 62.5 دۆلار دانراوە، لەكاتێكدا نرخی بەرمیلێك نەوت لەبازاڕەكانی جیهان ئێستا لە 40 دۆلار نزیك دەبێتەوە .سامی ئەتروشی، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، دانانی ئەم نرخە بۆ نەوت بە هەڵە ناودەبات ولە لێدوانێكدا بۆ (ڕووداو) گوتی "بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت لەبازاڕەكانی جیهاندا بودجەی گشتیی ساڵی 2009 بەڕێژەی 23% كورتی هێناوە، ئەگەر دابەزینی نرخی نەوت بەو شێوەیە بەردەوام بێت ڕێژەی كورتهێنانەكە دەگاتە 50% و ئەمەش مەترسییەكی گەورەیە".

ئەتروشی، ئاماژەی بەوەدا كە لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی عێراق داوای كردووە كە نرخی بەرمیلێك نەوت بە 50 دۆلار بخەملێندرێت، بۆ ئەوەی گرفتی گەورە لەكورتهێنانی بودجەدا دروست نەبێت "ئەگەر نرخی نەوت بەردەوام بێت لەدابەزین ئەوا حكومەت تووشی شەرمەزارییەكی زۆر دەبێت، چونكە ناتوانێت ئەو پرۆژانە جێبەجێ بكات كە بۆ ساڵی 2009 نەخشەیان بۆ دانراوە و گرفتی لەپێدانی مووچەی فەرمانبەراندا بۆ دروست دەبێت و لەوانەیە مووچە كەمبكرێتەوە".

د. فازل نەبی، بریكاری وەزیری دارایی عێراق، بە (ڕووداو) ی ڕاگەیاند بۆ ساڵی 2009 بڕیاریان لەهەموو ئەگەرەكان كردووەتەوە" لەسەرەتای ساڵی داهاتووشدا پەیڕەوی خشتەی نوێی دابەشكردنی مووچەی فەرمانبەران دەكرێت، جیاوازی سێ مانگی مووچەی فەرمانبەرانی عێراق و دوو مانگی مووچەی فەرمانبەرانی كوردستانیش لەمانگی كانوونی دووەمی ساڵی داهاتوودا خەرج دەكرێت، مووچەش بەهیچ شێوەیەك كەم نابێتەوە".

هەرچەندە ئەو بەرپرسەی وەزارەتی دارایی عێراق پێداگیری لەوە دەكات كە مووچەی فەرمانبەران بۆ ساڵی 2009 كەمنابێتەوە، بەڵام ئەوەی نەشاردەوە كە ئەگەر دابەزینی نرخی نەوت بەردەوام بێت، ڕەنگە بۆ ساڵی 2010 كار لەسیستەمی دابەشكردنی مووچەی فەرمانبەران بكات "ئەو كات ڕەنگە بەپێی خشتەیەكی نوێ مووچەی فەرمانبەران كەمبكرێتەوە".

# پەنابەرە دەركراوەكانی بەریتانیا لە هەولێر نەنیشتنەوە

**ڕووداو- بەریتانیا**

فڕۆكەیەك كە45 پەنابەری كوردی بەزۆر نێردراوە لە بەریتانیا، بەهۆی كوژاندنەوەی ڕووناكییەكانی فڕۆكەخانەوە، ڕێگەی پێ نەدرا لەفڕۆكەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بنیشێتەوەو بەڕێوەبەری فڕۆكەخانەی هەولێریش هەواڵەكەی ڕەتكردەوە.

ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی ڕایگەیاند، ئێوارەی ڕۆژی 2008/12/11 فڕۆكەیەك كە 45 پەنابەری كوردی تێدابوو، لەبەریتانیاوە ڕەوانەی كوردستان كرانەوە، بەڵام فڕۆكەكە نەیتوانی لەفڕۆكەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بنشیتەوە.

یەكێك لەسەرنشینەكانی فڕۆكەكە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"لەسێ كەمپەوە، بەسێ پاس لەیەك كاتدا بردینیان بۆ فڕۆكەخانەی ستانسێت، كە زیاتر بۆ كاروباری بازرگانی بەكاردەهێندرێت، بۆئەوەی بماننێرنەوە بۆ كوردستان".

ئەو پەنابەرە كوردە، ئاماژە بەوە دەكات كە بۆ ئەوەی لەچاوی ڕاگەیاندنەكانی بەریتانیاوە دووربن، لەپشتی فڕۆكەخانەكەوە بەنهێنی بردویانن "كە دونیا تاریك بوو، كاژێر 6:10 دەقیقەی ئێوارە سەریانخستین".

بەپێی گوتەی ئەو پەناهەندە كوردە، ئەو فڕۆكەیەی كە بۆ ناردنەوەی ئەمان تەرخانكرابوو زۆر نەشیاو بووە "سێ تەوالێتی هەبوو، یەكێكیان تێكچووبوو، یەكێكیشیان بۆ كارمەندانەكانی فڕۆكەكە بوو".

پاش هەستانی فڕۆكەكە لەبەریتانیاوە لەبری كوردستان ڕوو دەكاتە ڕۆمانیا، ئەو سەرنشینە دەڵێت"شوفێری فڕۆكەكان فەرەنسی بوون، چووینە ڕۆمانیا و لەوێ شوفێرەكانیان گۆڕی بۆ ڕۆمانی، بەنزین كرایە فڕۆكەكەو بەرەو هەولێر بەڕێكەوتین".

بەپێی لێدوانی ئەوپەنابەرە كوردە كاتێك دەگەنە هەولێر فڕۆكەكەیان ناتوانێت بنیشێتەوە"هەولێرمان ناسییەوە كەش وهەوا زۆرخۆش و بێ گرفت بوو، فڕۆكەیەكیشمان بینی پێش ئێمە لەفڕۆكەخانەی هەولێرەوە هەستابوو، سێ جار بەسەر شاری هەولێر سووڕاینەوەو گڵۆپەكانی هەولێر داگیرسابوون، هەموو شتێكمان دەبینی تەنها فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، چونكە گڵۆپەكانیان كوژاندبووە، بۆ ئەوەی ئێمە وەرنەگرنەوە".

پاش ئەوەی فڕۆكەكە بێ ئومێد دەبێت لەنیشتنەوەی بەرەو شاری غازی عەنتابی توركیا بەڕێدەكەونەوە" دوای 50دەقیقە گەشتینەوە ئەوێ، پێنج كاژێریش لەناو ئەو فڕۆكەدا دانیشتین لەغازی عەنتاب، تەوالیتەكەش پڕبوو، بۆیە داخرا، پاش هەوڵێكی زۆر نەیانتوانی بمانگەڕێننەوە بۆ هەولێر و بەناچار بردینیانە ڕۆمانیاو گوتیان لەوێ شوفێرەكان دەگۆڕین و دەتانبەینەوە هەولێر".

پاش كاژێرێك چاوەڕوانی كردن، شوفێرەكان فڕۆكەكان دەگۆڕن و لەڕۆمانیایەوە پەنابەرەكان دەگەڕێننەوە بەریتانیا.

ئەو سەرچاوەیەی (ڕووداو) بەناوی هەموو پەنابەرانەوە دەستخۆشی لەحكومەتی كوردستان دەكرد "هیوامان وایە وەك ئەمجارە، هەمیشە بەربەست دابنێن بۆ ئەوەی ڕێگری بكەن لەناردنەوەی پەنابەرانی كورد".

تاهیر هەورامی، بەڕێوەبەری فڕۆكەخانەی هەولێر، ڕەتیكردەوە ڕێگریان لەنیشتنەوەی هیچ فڕۆكەیەك كرد بێت"هیچ فڕۆكەیەك نەهاتووە لەفڕۆكەخانەی هەولێر ڕێگەی نیشتنەوەی لێگیرابێت".



جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:

# پەرلەمانی كوردستان ئامادەیە داوای هاوكاری لەپەرلەمانی هۆڵەندا بكات

**ڕووداو-هەولێر**

سەرۆكی پەرلەمانی هۆڵەندا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەگەر پەرلەمانی كوردستان داوای هاوكاری لێبكات، ئامادەن هاوكاریان بكەن و جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستانیش ئامادەی خۆیانی بۆ داواكردنی هاوكاری دەربڕی.

خێردی فێربێیت، سەرۆكی پەرلەمانی هۆڵەندا لە هەڤپەیڤینێكی تایبەتدا لەگەڵ (ڕووداو) كە لە ژمارەی ڕابردوودا بڵاوكرایەوە گوتی"ئەگەر پەرلەمانی كوردستان داوای هاوكاری لەپەرلەمانی هۆڵەندا بكات ئامادەم هاوكارییان بكەم".

هەرچەندە لەبەر زۆری ڕەوەندی تورك و عەرەب لەوڵاتەكەیدا سەرۆكی پەرلەمانی هۆڵەندا، پێشووتر (ڕووداو)ی ئاگادار كردبووەوە، كە ناتوانێت باسی كێشەی سیاسی كورد بكات، بەڵام ئامادەیی پەرلەمانی هۆڵەندای نیشاندا بۆ هاوكاریكردنی پەرلەمانەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەناویشیاندا پەرلەمانی كوردستان.



سەرۆكی پەرلەمانی هۆڵەندا، گوتی "ئەگەرپەرلەمانیكوردستان بیەوێت فێرببێت كە پەرلەمان دەبێ چۆن كاربكات و كامەنەن ئەو مافانەی كەپەرلەمان هەیەتی ئەوا ئامادەین فێریان بكەین". د.كەمال كەركووكی، جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان، ئەم هەنگاوەی پەرلەمانی هۆڵەندای بەگرنگ ناوبرد "بەخۆشحاڵییەوەپێشوازی لەدەستپێشخەرییەكی لەو شێوەیە دەكەین و بەدڵنیاییەوە بەدواداچوونی بۆ دەكەین و كاری لەسەر دەكەین و پەیوەندی دروستدەكەین".

جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان، دروستكردنی پەیوەندی لەنێوان پەرلەمانی كوردستان و پەرلەمانی هۆڵەندا بەگرنگ و پێوست زانی "بوونی پەیوەندییەكی باش لەنێوان پەرلەمانی كوردستان و پەرلەمانێكی ڕۆژئاوادا، خزمەت بەدۆزی كورد دەكات، چونكە هەم ئەوان لەڕاستییەكان تێدەگەن و ئێمەش سوود لەئەزموونی ئەوان وەردەگرین".

لەگەڵ ئەوەی بەردەوام هاووڵاتیان گازندەی ئەوەدەكەن، پەرلەمانی كوردستان لەماوەی ڕابردوودا نەیتوانیوە وەك پێویست كاری خۆی بكات و ئەنجامی ئەو ڕاپرسییانەی لەسەر پەرلەمان كراون دەریدەخەن خەڵك گلەیی لەپەرلەمان هەیە، بەڵام جێگری سەرۆكی پەرلەمان، ڕەتیكردەوە كەمتەرخەم بوو بن"بەپێی ڕەوشی عێراق و ئەو گرفت و تەنگژانەی لەكوردستان و ناوچەكەدا دێنە پێش، پەرلەمانی كوردستان كاری باشی كردووە".

نووسینگەكانی تۆماركردنی سكاڵا لەسەر تاوانبارانی بەعس لەكوردستان و عێراق دادەخرێن

# زیانلێكەوتووانی دەستی ڕژێمی بەعس لەكوردستان قەرەبوو دەكرێنەوە

**ڕووداو-هەولێر**

وەزارەتی شەهیدان و كاروباری ئەنفالكراوان لیژنەیەكی باڵای ڕاوێژكاری بۆ قەرەبووكردنەوەی زیانلێكەوتوانی سەردەمی ڕژێمی بەعس پێكدەهێنێ و حكومەتی عێراقیش نووسینگەكانی تۆماركردنی سكاڵا لەدژی بەرپرسانی بەعس لەشارەكانی هەولێر، سلێمانی، نەجەف و بەسرە دادەخات.

لەسەرەتای ساڵی 2004ەوە، نووسینگەی هەولێر و سلێمانی سەر بەدادگای باڵای تاوانەكانی عێراق كرانەوە، كاری ئەم نووسینگانە وەرگرتنی سكاڵا بوو لەو هاووڵاتیانەی كە زەرەرمەندی دەستی ڕژێم بوون. بەڵام بەبڕیارێكی دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق كە لەمانگی 9 ی 2008دا دەرچووە، ئەو نووسینگانە دەبێت دابخرێن و تا كۆتایی ساڵی 2008، هەر هاووڵاتییەكیش ئەگەر سكاڵای هەبوو دەبێت بچێتە ناوچەی سەوز لەبەغدا.

عەبدولڕەحمان زێباری، سەرۆكی لیژنەی داكۆكیكردن لەقوربانیانی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991ی كوردستان، لەدادگای باڵای تاوانەكانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەم نوسینگانە كاری باشیان كردووەو زۆر هاوكاری ئێمە بوون، هەندێكجار برا دادوەرەكان و لێكۆڵەرەكان خۆیان گوند بەگوند و كۆمەڵگە بەكۆمەڵگە دەگەڕان و هەتاوەكو خەڵكیان قەناعەت پێدەكرد گوفتار بدات".

عەبدولرحمان زێباری، داخستنی ئەم نووسینگانە بەپێچەوانەی یاسا دەزانێت "داخستنی ئەو نووسینگانە بەپێچەوانەی مادەی 3ی یاسای ژمارە 1ی 2003 كە مادەی 38 لەیاسای ژمارە 10ی ساڵی 2005ی یاسای دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق دانی پێداناوەو هەر بڕیارێك بەو یاسایە دەرچووبێ قبوڵكراوە". هەروەها داخستنی ئەو نووسینگانەی بەمەترسیدار وەسفكردو گوتی "بۆ خەڵك زۆر ئەستەمە بچێتە بەغدا بۆ سكاڵایەك".

لەگەڵ ئەوەی بڕیاری داخستنی نووسینگەكانی كوردستان، لەلایەن سەرۆكی دادگەی باڵای تاوانەكانی عێراقەوە دەرچووەو بیانووشی بۆ ئەم بڕیارە گرفتی بودجەیە، بەڵام عەبدولڕەحمان زێباری پێی وانییە ئەم بیانووە ڕاست بێت "سەرۆكی دادگە لەساڵی 2006دا بەمنی گوت، بودجەمان زیاد بووەو 106 ملیارمان گەڕاندووەتەوە بۆ وەزارەتی دارایی عێراق، ئێستا چۆن بودجە كەمە، هەستدەكەین سەرۆك وەزیرانی عێراق، لەپشت ئەم كارەوەیە".


زێباری پێیوایە ئەو كارە تەواو پێچەوانەی یاسایە "چونكە بەپێی مادە 10 لەیاسای ژمارە 10ی ساڵی 2005ی دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق، حكومەتی عێراق پابەندە بەدابینكردنی (الامور المالیە والاداریە)ی ئەو دادگایە".

سەرۆكی لیژنەی داكۆكیكردن لەقوربانیانی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991ی كوردستان، دەڵێت بۆ چارەسەری ئەو كێشەیە دەبێت نووسینگەی هەولێر وەك نووسینگەی هەرێمی كوردستان بمێنێت "چونكە بەپێی مادە 53 لەیاسای (اصول المحاكمات الجزائیة) تاوان لەچ جێگەیەك ئەنجامدراوە، دەبێ لەو جێگەیە لێكۆڵینەوە بكرێت".

هەروەها زێباری گوتی "بەدیلێكی دیكە هەیە ئەویش كە ڕێككەوتن لەگەڵ دادوەر (كاظم الشیخ)، سەرۆكی دادوەرانی لێكۆڵینەوەی دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق بكرێ، بەپێی بنەمای 23 لەبنەماكانی ئیجرائات كە بەرامبەر (اصول المحاكمات الجزائیة)یە بۆ دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق كە شوێنێكی حكومی یان ناحكومی یان ڕێكخراوێكی نێودەوڵەتی دەستنیشان بكرێ بۆ تەواو كردنی لێكۆڵینەوەكان".

لەگەڵ داخستنی ئەو نووسینگانەدا وەزارەتی كاروباری شەهیدان وئەنفالكراوەكانی كوردستان، دەستەیەكی ڕاوێژكاری باڵای بۆ قەرەبووكردنەوەی زیانلێكەوتوانی دەستی ڕژێمی بەعس بەسەرۆكایەتی د.سەعدی بەرزنجی، جێگری سەرۆكی لیستی هاوپەیمانی كوردستان لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و بەسەرپەرشتی چنار سەعد، وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان پێكهێناوە.

عەبدولرەحمان زێباری، سەرۆكی تیمی داكۆكیكردن لەقوربانیانی سەركوتكردنی ڕاپەڕینی بەهاری 1991ی كوردستان، گازندەی ئەوە دەكات كەكارەكانی ئەم لیژنەیە داخراوە"بەنووسراوی فەرمی داوام كردووە ئەندام بم لەو لیژنەدا، بەڵام تائێستا وەڵامیان نەداومەتەوە".



كۆڕەوی ملیۆنی 1991

بەپێی گوتەی ئەو پارێزەرە، ئەو لیژنەیە تائێستا پێنج كۆبونەوەیان كردووە، بەڵام كارەكانیان زیاتر نهێنییە "نازانین كارەكان گەیشتوونەتە چ قۆناخێك، هیچ ناڵێن تاوەكو بتوانن هەڵی بسەنگێنین".

عەبدولڕەحمان زێباری، ڕەخنەی زیاتر لەكارەكانی ئەو لیژنەیە دەگرێت"پێویستە كارەكانی خۆیان ئاشكرا بكەن، تاوەكو خەڵك بزانێت گەیشتنە چ ئەنجامێك، لەسەرەتای پرۆسەی دادگایی كردنەوە لەناو قەزییەكەداین نازانین چی دەكەن خەڵكی ئاسایی چۆن دەزانێت". سەرەڕای ئەوەش "یەكەمین پارێزەر بووم لەكوردستان كە داوای سكاڵاو قەرەبووم كردووە، هەروەها بەپێی بڕیاری ژمارە 2006/2/1 لە 2007/6/24 مافی قەرەبوو كردنەوەم گرەنتی كرد بۆ زەرەرمەندەكان و كەسوكاری ئەنفالكراوەكان".

هەڤاڵ ڕەحمان، سەرۆكی لیژنەی دۆسییەكانی كورد لەدادگای باڵای تاوانەكانی عێراق و ئەندامی لیژنەكە، دەڵێت" عەبدولڕەحمان زێباری مافی ئەوەی نییە بزانێت ئەو لیژنەیە چ دەكات، بۆ كاری ئەو لیژنەیەش پرس بەو ناكەین".

بەڵام عەبدولرەحمان زێباری دەڵێت "لەگەڵ ڕێزم بۆ كاك هەڤاڵ، بەڵام خۆی بەرپرسێكی ماف پەروەر نییە تاوەكو مشتومڕ لەو بارەوە بكات" هەروەها زێباری بەمافی خۆی دەزانێت ببێتە ئەندام لەو لیژنەیە "چونكە ئەو مافەی بەداوایەكی سزایی گرەنتی دەكرێت، هەر هەمان پارێزەر دەتوانێ داوای مافەكانی مەدەنیش بكات، قەرەبووكردنیش مافێكی مەدەنییە".

عەبدولرەحمان زێباری زیاتر ڕەخنە لەكاری لێژنەكە دەگرێ و دەڵێت "دوای 5 كۆبوونەوە تاوەكو ئێستا بەخەڵكیان ڕانەگەیاندوە شێوازی قەرەبووكردنەوەكە چۆنە و شوێنی داواكردن كوێیە، چونكە ئێستا حكومەتی عێراق نووسینگەكانی دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق لەشارەكانی كوردستان دادەخات".

هەروەها ناوبراو شوێنی داواكردنی قەرەبووكردنەوە بۆ هاووڵاتییانی كوردستان ئاشكرا دەكات و دەڵێت "لەهەولێر هاووڵاتییان دەتوانن لەڕێگەی نووسینگەی پارێزەر وریا حەمەكەریم سیوەیلی داوا تۆمار بكەن و داوای قەرەبوو بكەن، لەسلێمانی لەنووسینگەی پارێزەر ناسیح حەمە حوسێن لەدهۆكیش هاووڵاتییان دەتوانن لەنووسینگەی هەڤاڵ وەهاب ڕەشید داوا تۆمار بكەن بۆ قەرەبووكردنەوە" .هەروەها "ئەوهاووڵاتییانەی لە ساڵی 1969 تاوەكو ڕووخانی ڕژێمی بەعس خانووەكانیان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ڕووخێنراوەو زەرەر مەند بوونە دەتوانن لەنووسینگەی حاكم حەسەن لەهەولێر كە سەر بەدادگای باڵای تاوانەكانی عێراقەو دەكەوێتە تەنیشت وەزارەتی ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان، سكاڵا تۆمار بكەن و داوای قەرەبوو كردنەوە بكەن".

لەبارەی شێوازی قەرەبووكردنەوەكەشەوە، هەڤاڵ ڕەحمان، گوتی"ئەوانەی وارسیان ماوە، ئەو وارسانە مافیان دەستەبەردەكرێت و دەتوانن سكاڵا تۆمار بكەن، ئەگەر حكومەتی عێراقی قەرەبوویان بكاتەوە، هەركاتێكیش حكومەتی عێراقی ئامادەیی دەربڕی، هەموو ئاسانكارییەك بۆ ئەو واریسانە دەكەین".

**ئەو شوێنانەی هاووڵاتییان دەتوانن سكاڵای لێ تۆمار بكەن بۆ قەرەبوو كردنەوە**

- نووسینگەی پارێزەر وریا حەمەكەریم سیوەیلی لەهەولێر
- نووسینگەی حاكم حەسەن كە سەر بەدادگای باڵای تاوانەكانی عێراقە و دەكەوێتە تەنیشت وەزارەتی ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان.
- نووسینگەی پارێزەر هەڤاڵ وەهاب ڕەشید لەدهۆك
- نووسینگەی پارێزەر ناسیح حەمە حوسێن لەسلێمانی



**جۆرج بوش: پێڵاوەکە 44 بوو**

**ڕووداو-بەغدا**

◆ دوێنێ 2008/12/14 پەیامنێری کەناڵی (البغدادية) مونتەزەر زەیدی لە کاتی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسیی بوش و مالیکی لە بەغدا، پێڵاوەکەی هاوێشتە بوش و بە "سەگ" ناوی برد، بەڵام بەری نەکەوت. دوای ئەوەی پاسەوانە ئەمریکی و عێراقییەکان ڕۆژنامەوانەکەیان لە هۆڵەکە دەرکردە دەرەوە بوش بە پێکەنینەوە گوتی" ئەو کەسە بۆ سەرنج ڕاکێشان ئەو کارەی کرد و بۆ زانیاریشتان ژمارەی پێڵاوەکە 44 ـە" . ڕۆژنامەنووسێکی عێراقی لە کۆنگرەکەدا هەستایەوە و بەناوی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی داوای لێبووردنی کرد و بوشیش سوپاسی کرد.

ڕیپۆرتاژ

# ئایا گیول سەردانی هەولێر دەکات

**نامۆ عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

واپێشبینی دەکرێ لە سەردانەکەیدا بۆ عێراق، سەرۆکی تورکیا سەردانی هەولێریش بکات. شارەزایەکی ئەمریکایی کێشەی کوردیش دەڵێ "ئێستا کوردەکان بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابورییەکانیان لەهەمووکات زیاتر پێویستیان بە تەنازولی سیاسی هەیە بۆ تورکیا".

هەفتەی ڕابردوو بڵاوکرایەوە کە عەبدوڵڵا گیوڵ سەرۆکی تورکیا لە کۆتایی ئەم مانگەدا، لەسەر داوەتێک کە مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق پێیدابوو، سەردانی بەغدا دەکات و لەوێشەوە هەردوو سەرۆک کۆمار دوای سەردانی کەرکووک سەردانی هەولێریش دەکەن.

ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کۆماریی هەردوولا هەواڵی ئەو سەردانەیان پشتڕاستکردەوە کە سەردانی گیول بۆ عێراق لە ئەجێندادایە، بەڵام کاتی سەردانەکە دیاری نەکراوە.

سەردانی گیول بۆ عێراق و کۆبوونەوەی لەگەڵ تاڵەبانیدا کە کوردە، گرنگی خۆی هەیە. بەڵام ئەم گرنگییە زۆر زیاتر دەبێت کاتێک لە فرۆکەخانەی هەولێر، لەژێر ئاڵای کوردستاندا دادەبەزێت.

سەردانەکەی گیول بۆ هەولێر پشتڕاستنەکراوەتەوە و تەنیا پێشبینییە . بیرۆکەی سەردانی هەولێر لە لایەن عەبدوڵڵا گیولەوە دوای هێرشەکەی PKK بۆ سەر سەربازگەی بێزەلێ (ئاک توتن) لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردوو، هاتە کایەوە، کە بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی تورکیا . ئەمە وای لە تورکیا کرد بیر لە هەبوونی دایەلۆگ بکاتەوە لە گەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان .

بەڵام دێنیس ناتالی، ئەندامی شەرەف لە ئەنستیوتی توێژینەوەی ئیسلامی و عەرەبی لە زانکۆی ئێکزیتەر و پسپۆر لە کێشەی کورد، وتی "پێموانییە سەرۆکی تورکیا سەردانی هەولێر بکات".هەروەها د.فوئاد حوسێنی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش گوتی بەفەرمی هیچ شتێکیان لەوبارەوە بەدەست نەگەیشتووە .

لەکاتێکدا ڕۆژنامەی حوریەتی تورکی دەڵێ عەبدوڵڵا گیول لەهەفتەی داهاتوودا سەردانی عێراق دەکات، د.فوئاد حوسێن، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە هیچ نووسراوێکی فەرمیان لەبارەی سەردانەکەی عەبدوڵڵا گیول بۆ هەولێر پێنەگەیشتووە "ئەوە هەواڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، کە گوایە سەرۆک کۆماری تورکیا لەسەردانەکەی بۆ عێراق سەردانی هەرێمی کوردستانیش دەکات، ئەگەر سەرۆکی تورکیا سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، ئەوە هەنگاوێکی گرنگە". هەروەها گوتیشی "ئەگەر سەرۆکی تورکیا سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، مانای ئەوەیە تورکیا دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکات، ئەوەش شتێکی باشە".

د. ناتالی لە هەڤپەیڤنێکیدا لەگەڵ (ڕووداو) دا گوتی "من زۆر بە گومانم لەوەی عەبدوڵڵا گیوڵ سەردانی هەولێر بکات، چونکە ئەم سەردانە ڕاستەوخۆ ئەوە دەگەیێنێت کە تورکیا بە فەرمی دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنێت".

هۆکارێکی دیکە کەوا لەو پسپۆرە دەکات بڕوانەکات و پێیوابێت عەبدوڵڵا گیول سەردانی هەولێر ناکات، ئەو گرژیانەیە کە لە ڕابردوودا لە نێوان تورک و کورددا هەبووە.

ئەو دەڵێت :"ئێستا ئامادەنین بۆ ئەوە، بەڵام ڕەنگە کۆبوونەوەی دیکە لە شوێنی جیاوازتر و لە نێوان بەرپرسانی نزمتردا ڕووبدات".

پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا بە ئاشکرا لە دەستپێکی شەڕی عێراقەوە لە ساڵی 2003 وەستابوو، هەتا 2008/10/13، کاتێک نوێنەری تایبەتی تورکیا موراد ئۆزچەلیک لە بەغدا لە گەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا کۆبووەوە.

هێمن حوسێن، کە قوتابی توێژینەوەی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی ئەمریکی-سلێمانی، پێچەوانەی د. ناتالی گەشبینە و پێیوایە عەبدوڵڵا گیول سەردانی هەولێر دەکات.

هێمن دەڵێت: "گیول لە هەولێر دادەبەزێت، پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان باشتر دەستپێدەکەنەوە". ئەو بەردەوام دەبێت و دەڵێت "بۆچی گیول بۆ سەیرکردنی یارییەکی تۆپێن دەچێتە ئەرمینیا، بەڵام پێی ئاسایی نەبێت بێت بۆ هەرێمی کوردستان".

تورکیا لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان نزیک دەبێتەوە کە وابڕیارە لە 2009/3/29 ئەنجامبدرێن. سەردانی گیول بۆ هەولێر ریکلامێکی باش دەبێت بۆی تا دیسانەوە پارتە ئیسلامییەکەی کە پارتی دادوگەشەپێدان AKPیە سەرنجی کوردانی تورکیا ڕابکێشێتەوە، کە ئێستا ڕێژەی لایەنگرانی لەباکووری کوردستان لە کەمبوونەوەدایە .



عەبدوڵڵا گیول سەرۆک کۆماری تورکیا

سەردانی عەبدوڵڵا گیول بۆ هەولێر ڕووداوێکی گرنگ دەبێت بۆ کوردستان و تورکیاش. بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە، چونکە چاوی لە پەیوەندییەکی بەهێزە لەگەڵ یەکێک لە بەهێزترین وڵاتانی ناوچەکە . گرنگی هەرێمی کوردستانیش بۆ تورکیا لە چەند خاڵێکدایە،کە کێشەی PKK و نەوتە.

تورکەکان زۆر حکومەتی هەرێمیان بەوە لۆمەکردووە کە هاوکاری تورکیا ناکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی PKK .

بەڵام نێچیرڤان بارزانی، لەلێدوانێکدا لەوبارەوە بۆ ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی گوتی "تورکیا نایەوێت لەسەر یەک مێز لەگەڵمان دابنیشێ، کەواتە ئێمە چۆن دەزانین کە چ جۆرە یارمەتیەکیان پێویستە تا هاوکاریان بکەین؟". PKK لە لایەن تورکیا و یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکاوە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەقەڵەمدەدرێت. تورکیا دەیەوێت حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەمان هەڵوێست بنوێنێت و شەڕ لە دژی PKK بکات و دەریان بکات، بەڵام ڕای گشتی کوردستان دژی هەنگاوێکی بەو شێوەیە و سەرکردایەتی سیاسی باشووری کوردستانیش پێداگیری لەسەر چارەسەری ئاشتیانەی ئەو کێشەیە دەکات بە ڕێگەی دیالۆگی سیاسی، بەڵام تورکیا تا ئێستا ڕێگەچارەی دیالۆگی سیاسی ڕەتدەکاتەوە لە گەڵ PKK.

هەندێک لە چاودێرانی سیاسی تورکیا، پێیانوایە مەسعود بارزانی، سەرۆکی کوردستان، کەسێکی زۆر نەتەوەییە و



## زۆر بە گومانم عەبدوڵڵا گیول بێت هەولێر

دێنیس ناتالی
ئەندامی ئەنستیوتی توێژینەوەی ئیسلامی و عەرەبی لە زانکۆی ئێکزیتەر

بەهیچ شێوەیەک لە دژی کورد ناجەنگێت. کەمێک پێش سەردانەکەی سەرۆک وەزیرانی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بۆ بەغدا، بارزانی بە ڕۆژنامەی (Il Tempo)ی ڕاگەیاند کە PKK پارتێکی تیرۆریست نییە. بارزانی وتی ئەوان کاتێک بە تیرۆریست دادەنرێن ئەگەر چارەسەری ئاشتیانە و پرۆژەی چارەسەری سیاسی ڕەتبکەنەوە.

قسەی باو ئەوەیە کە سیاسەت بازاڕ ئاراستە دەکات، بەڵام بەکردەوە دیوەکەی دیکەی ئەم قسەیە پێدەچێت دروست بێت کە بازاڕیش سیاسەت ئاراستە دەکات.

کورد و تورک پەیوەندییەکی بەهێزی ئابووریان لەگەڵ یەکتردا هەیە. زیاتر لە سەت کۆمپانیای تورکی لە هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن، یەکێک لە گەورەترین پرۆژەکانی کۆمپانیا تورکییەکان دورستکردنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرە بە گوژمەی 400 ملیۆن دۆلار.هەروەها لەو بێ بازاڕیەی جیهان تێیکەوتووە، هەرێمی کوردستان بازاڕێکی گەرمی کەلوپەلی تورکییە.

سەرمایەدارانی تورک، کە هەندێکیان جەنەراڵە خانەنشینەکانن چەند جار لەکاتی گرژییەکاندا داوایان لە تورکیا کردووە هێرش نەکاتە سەر هەرێمی کوردستان . د.ناتالی دەڵێ "لە بەرژەوەندی ژەنەراڵە تورکەکاندا نییە شەڕبکەن یان سنووری و سیاسی و ئابوریان دابخەن"، لە هەمانکاتیشدا بە سەرکردایەتی کورد دەڵێ" واباشترە لەبەر پەیوەندییە ئابووریەکانیان لەم کاتەدا تەنازولی سیاسی بکەن، تەنازولی سیاسی بۆ کورد ئێستا لەهەموو کاتێک گرنگترە".

هەرێمی کوردستان لە ئێستاوە مەترسی لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا هەیە، لە کۆتایی 2011دا بەپێی ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئەمریکا، کەلەلایەن بەغداوە هێرشی بکرێتە سەر، بۆیە نایەوێ ئەو هەڕەشەیە لەلای تورکیاش بهێڵێ بۆ سەر خۆی. بەڵام ئەو پسپۆرە ئەمریکییە دەڵێ "هیچ گەرەنتییەک نییە کە تەواوی سەربازەکانی ئەمریکا عێراق بەجێبهێڵن،لە ڕێککەوتنی SOFA دا باس لە مانەوەی مەرجدار کراوە، ئەمە ئەو مانەیە دەگەیێنێت کە لە هەر حاڵەتێکدا دەکرێت سەربازانی ئەمریکا بمێننەوە".

ڕەفەی سوپەرمارکێتەکانی کوردستان پڕن لە بەرهەمی تورکی هەر لە خۆراک و جل وبەرگەوە تاوەکو ئامێرە کارەباییەکان. هاوڵاتییەکی کورد دەڵێت "من شتومەکی تورکی دەکرم، چونکە متمانەم پێیە. ماستی تورکی دەخۆم، پانتۆڵی تورکی لەبەردەکەم، بەتانی و تاقمی نووستنەکەم هەمووی تورکین".

ئەنقەرە خۆشحاڵە کە گۆڕان لە گوتاری کوردیدا بەرامبەر تورکیا لە مانگی ئایارەوە بەدیدەکرێت، بەڵام بەرپرسانی تورکیا هەر دەڵێن هێشتا کورد دەبێ زۆرتر بکات لەوبارەوە.

ئایا کورد چی دەکەن؟ ئایا ئابووری وایان لێدەکات سازشی سیاسی بکەن، بەتایبەتی لەدژی PKK .دێنیس ناتالی دەڵێت تەنیا ئابووری نییە "هاتنی عەبدوڵڵا گیوڵ زۆر گرنکە بۆ هەرێمی کوردستان، کە دواجار بە شێوەیەکی سیمبولی حکومەتی تورکیا دان بەحکومەتی هەرێمدا دەنێت وەکو یەکەیەکی قانوونی سیاسی کە لە دەستوری عێراقدا دانی پێدانراو".

# یەکێتی لیژنەیەک بۆ گەڕاندنەوەی کادیرە دابڕاوەکانی پێکدەهێنێ

**عەلی حەمەساڵح**
**ڕووداو-سلێمانی**

ئەو لێژنانەی مەکتەبی سیاسی بڕیاری پێکهێنانی داون بۆ ڕێکخستنەوەی دۆخی ناوخۆی یەکێتی و هەڵسەنگاندنی کارە حیزبی و حکومییەکانی،بڕیارە لە هەفتەی یەکەمی ساڵی داهاتوو ڕاپۆرتەکانیان پێشکێش بکەن .بەپێی سەرچاوەیەکیش نەوشیروان مستەفاو هیچ کام لە ئەندامانی پێشووی مەکتەبی سیاسی ناگەڕێنەوە ناو یەکێتی.

سەرەتای مانگی 12ی2008 مام جەلال گەڕایەوە سلێمانی، چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی، لیستی سەوز لەپەرلەمانی کوردستان و وەزیرو بەرپرسانی یەکێتی لەحکومەت و ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و لێپرسراو و جێگرانی مەڵبەندەکان و نوێنەرانی سکرتێری گشتی و کارگێڕانی مەڵبەندو مەکتەبی ڕێکخستنی بەدوای خۆیدا هێنا .

مام جەلال بەبێ تەواوکردنی بەرنامەکەی بۆ پێشوازی سەرۆکی ئەمریکا گەڕاوە بەغدا و بڕیارە ڕۆژی سێشەممە بێتەوە سلێمانی بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و دانانی پێکهاتەی لیژنە بڕیار لێدراوەکان .بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەکی یەکێتی بۆ (ڕووداو) مام جەلال،ئامادەیە هەندێک لە دەسەڵاتەکان کە پێشتر لای خۆی بوون بداتەوە مەکتەبی سیاسی، بۆ ئەوەی خۆی بەرپرسی هەموو بڕیارەکان نەبێ "باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو نامەیەیە کەپێش گەڕانەوەی لەبەغدا بۆ مەکتەبی سیاسی نارد و تێیدا دەسەڵاتی خۆی داوە بە دووجێگرەکەی لەکاتی ئامادەنەبوونی خۆیداو، دانی دەسەڵاتی زیاتر بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی".

بەپێی گوتەی ئەو سەرچاوە ئاگادارە لەمەودوا بەرنامەی کارە حیزبییەکانی تاڵەبانی لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە دادەنرێ "تەنانەت تەواوی ئەو کۆبوونەوانەی مام جەلال لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت و حیزبدا لەکاتی گەڕانەوەیدا ئەنجامیداون، پێشووتر لەمەکتەبی سیاسییەوە بەرنامەی بۆ دانرابوو".

بەشێک لە کاری مام جەلال دیاریکردنی کاری ئەو حەوت لیژنەیە، کە دوای یاداشتەکەی چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی سەر بە باڵی ڕیفۆرم، لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی لە 2008/11/18 لەبەغدا بۆچارەسەرکردنی گرفتە ناوخۆییەکانی یەکێتی بڕیاری دروستکردنیان لەسەردرا .هەرچەندە هەندێ سەرچاوە دەڵێن ئەو لیژنانە دەکرێنە چوار لیژنە، بەسەرپەرشتی چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی .هەرچەندە مام جەلال لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 2008/12/4، لەهۆڵی شەهید شازاد سائیب لەسلێمانی کاری ئەو لیژنانەی ڕاگەیاند.

کە هەر وەک ئەندامێکی بەشداری کۆبونەوەکە ڕایگەیاند "کاری هەندێ لەو لیژنانە هەڵسەنگاندن و چاکسازی لەکاری حکومەتیش دەگرێتەوە،کاری ئەوانیدیکەش چاوخشاندنەوەیە بەکاروباری یەکێتی و ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و هێزە چەکدارەکان و دارایی گشتی و گرفتی کادرە دابڕاوەکان".

عوسمان بانیمارانی،ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، وێڕای پشتراستکردنەوەی زانیارییەکانی ئەو سەرچاوەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"لیژنەکان لەسەرجەم ئاستەکاندان و بۆ هەموو پێکهاتەکانی یەکێتین و 2009/1/2 کۆتایی بەکارەکانی ئەو حەوت لیژنەیە دێت و ڕاپۆرتی خۆیان دەدەنە کۆمیتەی سەرکردایەتی".

هەرچەندە سەرچاوەیەکی ئاگاداری یەکێتی بە (ڕووداو) ڕاگەیاند کە"فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ڕۆڵێکی چالاکی دەبێت لەکاری ئەو لیژنانەدا"، بەڵام فەرید ئەسەسەر، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئاماژەی بەودا کە لە ڕۆژانی داهاتوودا دەردەکەوێت کە ئەندامە لەلیژنەکاندا یاخود نا. گوتیشی " تائێستا ئەندامانی ئەو لیژنانە دیاری نەکراون".

تاڵەبانی لەکۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسی مەڵبەندەکانی یەکێتی ونوێنەرانی سکرتێری گشتی و کادیرە پێشکەوتووکاندا گوتی هەموو جۆرە ڕەخنەو گلەیی و پێشنیازو گازاندەیەک قبوڵە، بەڵام پاراستنی یەکێتی ناو یەکێتی هێڵی سوورە نابێ ببەزێندرێ، لەهەمانکاتدا بڕیاریش دراوە، کاری یەکێک لەو لیژنانە تایبەتە بەکادیرە دابڕاوەکانی یەکێتی و گەڕاندنەوەیان .

عوسمان بانیمارانی، کادیرە دابڕاوەکانی یەکێتی بەگرفتێک لەگرفتەکانی یەکێتی ناو دەبات و دەڵێ "لەچوارچێوەی کاری ئەو لێژنانەدا ئەو گرفتە چارەسەردەکرێت، کادیرە دابڕاوەکانی یەکێتی پۆلێن دەکرێن، لەوانەیە خەڵک هەبێت لەسەر حەق بێت و مافی خۆی پێنەدرابێت".

لەماوەی ڕابردوودا چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی دەستیان لەکار کێشایەوە، کە ژمارەیەکیان ئێستا لە کۆمپانیای وشەدا بەسەرپەرشتی نەوشیروان مستەفا کۆبوونەتەوە.

بەپێی گوتەی چاودێرانی سیاسی ئەو لیژنانەی کە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە ناوخۆییەکانی یەکێتی پێکدەهێنرێن و بەشێک لەکارەکانیان کادیرە دابڕاوەکانە، بەڵام دەسەڵاتی ئەوەیان نییە لەگەڵ ئەندامە دابڕاوەکانی مەکتەبی سیاسی و بەتایبەت نەوشیروان مستەفادا گفتوگۆبکەن.

هەرچەندە بڕیاربوو لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان، تاڵەبانی لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا کۆببێتەوەو هەموو بابەتەکانی لەگەڵدا بەگەڕانەوەو نەمانی یەکجارەکی لە یەکێتی دا لەگەڵدا یەکلا بکاتەوە. بەڵام سەرچاوەیەکی نزیک لە نەوشیروان مستەفا گوتی مام جەلال لە گەڕانەوەی دووبارەیدا بۆ سلێمانی لەو هەفتەیەدا لەگەڵ نەوشیروان مستەفا دادەنیشێ "بەڵام باوەڕناکەم کاک نەوشیروان بڕیاری گەڕانەوە بۆ ناو یەکێتی بدات".

محەممەد تۆفیق ڕەحیم، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی و ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای وشە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"هیچ کۆبونەوەیەکمان لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتیدا نەکردووەو هیچ پەیوەندیشمان بەو لیژنانەوە نییە کە دانراون".

محەممەد تۆفیق ڕەحیم، هەروەها دەڵێت"تائێستا هیچ بڕیارێکمان نەداوە بۆ گەڕانەوە، من خۆم ناگەڕێمەوەو باوەڕناکەم کاک نەوشیروانیش بگەڕێتەوە".

بەپێی سەرچاوەیەکی ئاگادار، نەوشیروان مستەفا بڕیاریداوە بەشداریی کۆنگرەی داهاتووی یەکێتیش نەکات، کەبڕیارە لە ساڵی ئایندە سازبکرێت.

لەگەڵ ئەوەی عوسمان بانیمارانی دەڵێت "بەرنامە هەیە بۆ دانیشتنی مام جەلال و کاک نەوشیروان و، گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە"، بەڵام محەممەد تۆفیق ڕەحیم، گومانێک



## تا ئێستا هیچ بڕیارێکمان نەداوە بۆ گەڕانەوە، من ناگەڕێمەوە و باوەڕناکەم کاک نەوشیروانیش بگەڕێتەوە

محەممەد تۆفیق ڕەحیم
ئەندامی دەست لەکارکێشاوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی

دروستدەکات لەسەر بوونی ئەو دانیشتنە "ئەگەر دانیشتنیش ببێت تەنیا لەنێوان مام جەلال و کاک نەوشیرواندا دەبێت، ئەویش ئەگەر ببێت".

سەعدی پیرە، بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە بەغدا، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سبەینێ مام جەلال دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و ئەوکات ڕەنگە لەگەڵ کاک نەوشیروانیشدا دابنشێت، ئەوان چەند ساڵە برادەرن و هەرکاتێک بیانەوێت دادەنیشن، ئەم بابەتەش هەندێک کەس گەورەی دەکەن بۆئەوەی نان و پیازی پێوەبخۆن".

لەماوەی ڕابردوودا یەکێتی چەندین لێژنەی بۆچارەسەرکردنی گرفتە ناوخۆییەکان پێکهێناوە، بەڵام ئەو لیژنانە نەیانتوانیوە چارەسەرێکی ریشەیی بۆ ئەو گرفتانە بدۆزنەوە.

عوسمان بانیمارانی، پێیوایە ئەم حەوت لێژنەی کە ئێستا پێکهاتوون، ناتوانن چارەسەری تەواوی گرفتەکانی یەکێتی بکەن "لێژنە بەدواداچون و چارەسەری بەشێک لەکەم و کورتییەکان دەکات، بەڵام هەرگیز چارەسەری کێشەو بابەتە فکرییەکان ناکات".

## کوردستانی



**هیوای پارچەکانی کوردستان لە هەولێر**

رووداو-هەولێر

◆ دووەمین فیستیڤاڵی منداڵانی پەنابەری پارچەکانی دیکەی کوردستان لەهەرێمی کوردستان، لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری لەهۆڵی رۆشنبیری بە ئامادەبوونی رێکخراوە بیانیەکان لە هەولێر سازکرا. سەرۆکی تیپی منداڵانی کەمپی موقبلێ لە دهۆک، کە دانیشتوانەکەی خەڵکی رۆژئاوای کوردستانن " ئێمە لەژێر خیوەتان رزگار بکەن"، هەروەها ئاڵا خدر زادە، کە منداڵە ئاوارەیەکی رۆژهەڵاتی کوردستانە گوتی "هیوامان ئازادی خاکمانە".



# باکوور و باشوور باسی بێدەنگکردنی چەکەکان دەکەن

## ئەندام پەرلەمانێکی DTP ئامادەیە هاوکاری بێدەنگکردنی چەک بکات

**تایبەت بە رووداو**

دوای گفتوگۆی کورد و تورکیا، دوای هاتنی شاندێکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP بۆ هەرێمی کوردستان، کورد بەخۆیان کەوتوونەتە نێو گفتوگۆی بێدەنگکردنی چەکەکان و بەردەوامیدان بەو ئاگربەستە 9 رۆژیەی PKK لەجەژنی قورباندا رایگەیاند . بەنگی یڵدز ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لەسەر لیستی DTP بە (رووداو)ی راگەیاند" ئێمە ئامادەین یارمەتی بێدەنگکردنی چەک بدەین" .

DTP کە گەورەترین پارتی مۆڵەتپێدراوی کوردییە لە تورکیا و 22 ئەندامی لە پەرلەمانی تورکیا هەیە، رۆژی 12/12/2008 شاندێکی پارتەکە بەسەرۆکایەتی ئەحمەد تورکی سەرۆکی DTP گەیشتە هەرێمی کوردستان بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆک کۆماری عێراق. بەنگی یڵدز سەبارەت بە ئامانجی ئەو سەردانەی پارتەکەیان بە (رووداو)ی راگەیاند "ئامانجی ئەو سەردانە ئاگاداربوونی باکوور و باشووری کوردستانە لە تێڕوانینەکانی یەکتر، رێگرتنە لە دووبارە کەوتنەوە ناو تەڵەی شەڕی براکوژی بەتایبەتی کە پارتی دادو گەشەپێدانAKPی دەسەڵاتدار لە تورکیا ئامانجێکی لەو شێوەیان هەیە" . لەو بوارەشدا گوتی"هەڵوێستەکانی مەسعود بارزانی روونن بۆ رێگرتن لەشەڕ، بەڵام هەندێ جار هەڵوێستەکانی مام جەلال روون نابینین" .

یاسمین چۆنگارا،بەرپرسی بەشی هەواڵ لە رۆژنامەیTaraf ی تورکیدا بڵاویکردەوە، کە نەخشەیەکی سێکوچکەیی :ئابووری، ناسنامەیی و سەربازی هەیە بۆ هێنانە خوارەوەی PKK لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان. چۆنگارا بەپشت بەستن بە سەرچاوەی زانیارییەکانی لە تورکیا و عێراق و هەرێمی کوردستان، دەڵێ هەندێ هەنگاو دەهاوێژرێن بۆ دانانن بە ناسنامەی کوردی بەبڵاوکردنەوەی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی بە کوردی و باشکردنی دۆخی زیندانیکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە دوورگەی ئیمرالی، تەرخانکردنی پارە بۆ پێشخستنی باری ئابووری داتەپیوی باکووری کوردستان و هێنانە خوارەوەی چەکدارانی PKK لەچیا و دەرکردنی لێبووردنێک بۆ گەڕانەوەیان بۆ ماڵەکانیان .جگە لەهەندێ هەنگاوی دیکەش ئەو نەخشەیە پێکدێنن.

چۆنگارا دەڵێ ئەندازیاری ئەو نەخشەیەش ئەمرە تانەری بەرپرسی دەزگای هەواڵگری تورکیا MIT ە،کە سەرەڕای نائامادەیی تورکیا بۆ دانیشتن لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان، پێوەندییەکانی ئەو لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بەردەوام بووە . بەپێی هەندێ سەرچاوەی ناوخۆییش تەنەر لایەنگری چارەسەری سیاسییە نەک چەکداری،راپۆرتێکی یەکێتی ئەورووپا دەڵێ لەگەڵ موراد قەرەیلانی سەرۆکی کۆنسەی سەرۆکایەتی PKK دانیشتووە، بەڵام PKK رەتیکردەوە کە ئەو دانیشتنە کرابێ.

چۆنگارا دەڵێ، ئەمرە تانەر کە لەدایکبووی ساڵی 1942 ی شارۆچکەی لجی سەر بە دیاربەکرە و ئاواتی ئەوەیە پێش خانەنشینبوونی لە ساڵی 2009 دا پرۆگرامێکی هەمە لایەنە بۆ هێنانە خوارەوەی PKK لە چیا دابنرێت.

ئەحمەد دەنیز، بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆما جڤاکێن کوردستان، کە چوارچێوەیەکی دیکەی PKK یە و قەرەیلان سەرۆکایەتی دەکات، بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەوان ئاگاداری بەرنامەی DTPن "ئەوان حیزبێکی سەربەخۆن و بەخۆیان سەردان و بەرنامەکانیان دیاری دەکەن"، بەڵام لەهەمانکاتدا "گوتی PKK هەمیشە لەگەڵ چارەسەری ئاشتیانە و سیاسیانەدایە، بۆ ئەو مەبەستەش ئەگەر ئیشارەتی ئەرێنی راستەوخۆ و لەرێی ناڕاستەوخۆوە لەسەر ئەو ئاگربەستەمان لەلایەن تورکیاوە ببینین، ئێمە ئامادەین هەموو رێگەکان بۆ چارەسەری سیاسیانە خۆشبکەین" . بەڵام لەهەمانکاتدا گوتی جەختکردنەوەی رەجەب تەیب ئەردۆغان لەسەردانی مانگی رابردووی دا بۆ باکووری کوردستان لەسەر تورکیایەکی " یەک نیشتمان، یەک نەتەوە، یەک ئاڵا" و، بەردەوامی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا نیشانەی قبوڵنەکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد و چارەسەری ئاشتیانەیە .

بەڵام سەلاحەدین دەمیرتاش، ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لەسەر لیستی DTP بە رۆژنامەی ZAMAN ی تورکی نزیک لەAKP رایگەیاند " پێویستە حکوومەت گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئێمە وەکو پارتێکی ئۆپۆزسیۆن بەناڕەوا نەبینێت"، دەبێ حکومەتی تورکیا بۆ بێدەنگکردنی چەکی PKK گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان بکات، هەروەک چۆن پێشتر هەندێ بەرپرس بۆ گفتوگۆ دەچوونە زیندانەکەی و گوتیشی " هەرچییەک بێت ئۆجەلان لە تورکیا مەحکومێکی فەرمییە و دەتوانن بێدەنگکردنی چەکەکانی PKK لە رێگەی ئۆجەلان ئەنجامبدەن" .

بەنگی یڵدز ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لەسەر لیستی DTP بە (رووداو)ی راگەیاند " ئەگەر ئەمریکا و سەرکردایەتی باشووری کوردستان داواکاری دروستکردنی ئاگربەستێکی درێژخایەن لەلایەن PKKەوە پێشکێشی شاندی DTP لەو سەردانەدا بکەن، DTP ئامادەیە هاوکاری بکات، بەڵام پێویستە داوای هەنگاو هاوێشتن لە تورکیاش بکەن بۆ دروستبوونی ئەو ئاگربەستە و بێدەنگبوونی چەک "، هەروەها گوتی تورکیا لەچەند ئاگربەستی رابردوودا هیچ هەنگاوێکی نەهاوێشت "وەک کاتی ئاگربەستەکانی پێشوو دەڵێن کێشەی کورد نەماوە، ئایا ئەگەر ئاگربەست بێتە ئاراوە حکوومەتی تورکیا دانوستان لەگەڵ DTP دەکات و دێت لە باشووری کوردستان بپرسێت چارەسەر چییە، کێشەکە ئەوەیە دەوڵەتی تورکیا ئامادەی ئەوەنییە" .

بۆیە پێیوایە بەبێ بوونی پرۆژەیەکی چارەسەری سیاسیانە لەلایەن تورکیاوە، ئاگربەست کۆتایی بەکێشەکە ناهێنێ، گوتیشی ئاماژەی باش لەلایەن AKP نابینرێن " ئەردۆغانی سەرۆک وەزیر ئامادەنییە لەپەرلەمان تەوقە لەگەڵ پەرلەمانتارانی کورد بکات، ئامادە نییە سەلامیان لێبکات و بڵێت ئێوە چۆن بیردەکەنەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە" .

### ئەگەر تورکیا ئاماژەی ئەرێنی بدات، ئامادەین هەموو رێگەکان بۆ چارەسەری سیاسییانە خۆشبکەین

ئەحمەد دەنیز

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆماجڤاکێن کوردستان

ئەحمەد دەنیز، گوتی پێشکەوتنی گەورە بەهۆی خۆڕاگری ئەوان بۆ کورد لەباکوور و باشوور بەدیهاتوون " تورکیا ئەگەر ئێستا دەیەوێ بەرنامەی تەلەڤزیۆنی بە کوردی پێشکێش بکات، ئەوە لە ئەنجامی تێکۆشانی ئێمەیە، بەڵام ئەوە چارەسەر نییە کورد زۆر تەلەڤزیۆنی هەیە، کێشەی کورد پێویستی بە چارەسەری سیاسییە نەک تەلەڤزیۆن، مەگەر هەر بۆئەوەی بێ بە زمانی کوردی دژایەتییەکەی دژی کورد فراوانتر بکات" . دەنیز لەوبارەوە ئەرکێک لەپێناو چارەسەریدا دەکەوێتە سەر عێراق و ئەمریکا " پێویستە بە تورکیا بڵێن ئاگرەکە لەناو ماڵی خۆتدا بکوژێنەوە، شەڕی تورکیا و PKK لەناو تورکیا دروستبووەو دەبێ لەوێش بکوژێندرێتەوە" .

بەنگی یڵدز، گوتی ئێستا DTP دروشمی پێشووی پارتەکانی باشووری کوردستانی هەیە کە ئۆتۆنۆمییە بۆ باکووری کوردستان " پێویستە کوردانی باشوور بە تورکیا بڵێن ئەو داوایە بۆ 20 ملیۆن کورد داوایەکی رەوایە،ئەوەتا ئەگەر لەگەڵ PKKش دانانیشن لەگەڵ DTPبیکەن " .



ئەحمەد تورک، سەرۆکی DTP دیارییەک پێشکەشی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات (فۆتۆ:DIHA)

## پەرلەمانتارێکی هۆڵەندا بە وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی دەڵێ:

# مەهێڵن لەیلا زانا زیندانی بکرێت

**رووداو-هۆڵەندا**

دوای ئەوەی داداگایەکی تورکی لە رۆژی 2008/12/4 ئەندام پەرلەمانی پێشووی تورکیای بە 10 ساڵ زیندان حوکمدا، پەرلەمانتارێکی سەر بە پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندا داوای لە وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی دەکات سەبارەت بە دۆزی لەیلا زانا لە پەرلەماندا وەڵامی چەند پرسیارێکی بداتەوە.

لە پرسیارنامەیەکدا کە هاری فان بۆملی بەرپرسی دۆسیەی کاروباری دەرەوەی پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندا، وێنەیەکی لێ بۆ بەشی هۆڵەندی ماڵپەری رووداونێت www.rudaw.nl ی ناردووە، دەردەکەوێت کە ناوبراو داوای لە ماکسیم فێرهاخنی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی کردووە سەبارەت بە سەرلەنوێ حوکمدانەوەی لەیلا زانا بە دەساڵ زیندان لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە، وەڵامی چەند پرسیارێکی بداتەوە.

فان بۆمڵ دەیەوێ بزانێ کە وەزیری دەرەوە تا چەند ئاگای لەوەیە کە زانا لەسەر بنەمای کردەوەی نایاسایی حوکمنەدراوە، بەڵکو هۆی حوکمدانەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تەنیا گومانی لێدەکرێ کە ئەندامی پارتێکی قەدەخەکراو بێت. هەروەتر داوا لە وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا دەکات کە گوشار بخاتە سەر دەوڵەتی تورکیا بۆ ئەوەی سزاکە جێبەجێنەکرێ.

فان بۆمڵ لە فێرهاخن دەپرسێ، ئایا ئاگاداری ئەوەیە کە بەو زووانە لە تورکیا هەڵبژاردن دەکرێ و زاناش رەنگە پاڵێوراوی گەورەترین شاری کورد واتە ئامەد (دیاربەکر) بێت. بەپێی یاسا وەزیری دەرەوە لەسەریەتی لەماوەی سێ هەفتەدا وەڵامی پرسیارەکانی ئەو پەرلەمانتارە بداتەوە.

هاری فان بۆمڵ یەکێکە لەو دوو پەرلەمانتارە هۆڵەندییەی کە داوایان لە وڵاتەکەیان کرد دەستپێشخەری بکات لە بە جینۆساید ناساندنی رەشەکوژی و بەکۆمەڵکوشتنی کورد لە لایەن سەددامەوە. پارتەکەی فان بۆمڵ سێیەمین پارتی گەورەی ناو هۆڵەندایە و ناوبراویش یەکێکە لە سیاسەتڤانە دەستڕۆیشتووەکانیەتی.

مەسەلەی سزای دەساڵ زیندانی کە بەسەر لەیلا زانادا سەپێندراوە، دەنگدانەوەیەکی دیاری هەبوو لە مێدیای هۆڵەندیدا و رۆژنامەی (تەلەگراف) کە تایبەتە بە چینی مامناوەند و پڕخوێنەرترین رۆژنامەی هۆڵەندییە، بە تایتڵێکی گەورە نووسیبووی: "ژنە قارەمانەکەی کورد بە دەساڵ زیندان حوکمدرا" .

### بەهۆی زیندانەوە تەنیا 5ساڵ لەگەڵ مێردەکەی ژیاوە

لەیلا زانا لە 1961/5/3 لەگوندی باخچە، کە 20 کیلۆمەتر لەناحیەی فارقینی سەر بەشاری ئامەد دوورە، لەدایکبووە. گوندەکەی لەیلازانا ئێستا 8 ماڵی تێدایە و سەرجەمیان خزم و کەسی یەکترن و شێخەکەیان سەر بەتەریقەتی نەقشبەندین.

لەیلا زانا، لەتەمەنی 14 ساڵی دراوەتە مەهدی زانای ئامۆزای،کە ئەویش لەساڵی 1977 بە سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر هەڵبژێردرا، بەڵام دوای کودەتا سەربازییەکەی 12ی ئەیلولی 1980 دەستگیر دەکرێ و بە 36 ساڵ حوکمدەدرێ، دوای 9 ساڵ زیندانی ئازاد دەکرێ. لەیلا زانا، لەکاتی دەستگیرکردنی مێردەکەی دەست بەکاری سیاسی دەکات و خۆیشی فێری زمانی تورکی و نووسین و خوێندنەوە دەکات، کچ و کوڕەکەشی بەخێو دەکات.



ماکسیم فێرهاخنی، وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا



پەرلەمانتار هاری فان بۆملی

لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا لەساڵی 1992 لەیلا زانا لەسەر لیستی پارتی رەنجی گەل HEP کە بە هاوبەشی لەگەڵ پارتی سۆسیالیستی تورکی، کەوتە هەڵبژاردن و خۆی پاڵاوت و بووە ئەندامی پەرلەمانی تورکیا .بەڵام لەبەرئەوەی لە رۆژی سوێندخواردنی ئەندامێتی پەرلەمان دا لەگەڵ هاوەڵەکانی دیکەی بە کوردی سوێندی خوارد و رەنگەکانی ئاڵای کوردستان سەوز و سوور و زەردی لە پرچی خۆی بەستبوو، پەرلەمانتارانی تورکیا دەستیان بە مستدان لە مێزەکانیان و جنێودان کرد، بەڵام لەیلا هەر بەردەوامبوو لەسەر سوێندخواردنەکەی بە کوردی، دواتر لەگەڵ حەوت ئەندام پەرلەمانی دیکەی کورددا لەلایەن دادگای باڵای تورکیاوە بە تۆمەتی جیاوازیخوازی بە 15 ساڵ حوکمدرا، دوای بەسەر بردنی 11 ساڵ لەزیندان لەیلا لەژێر فشاری یەکێتی ئەورووپا ئازاد، بەڵام تاوەکو ئێستاش کاری سیاسی لێ قەدەخەکراوە.

مەهدی زانا لەهەڤپەیڤینێکی پێشتری لەگەڵ (رووداو) داگوتی " بەدرێژایی ژیانی ژن و مێردایەتیمان تەنیا 5 ساڵ بە یەکەوە بووینە من 16 زیندانیکراوم و ئەویش 11 ساڵ" . ئێستاش لەیلازانا لە گوندی باخچە و مەهدی زانای مێردیشی بەهۆی حوکمدرانی لەلایەن تورکیاوە چەند ساڵێکە لە سوێد دەژی. کچ و کوڕەکەشیان لەفەرەنسا دەخوێنن.

لەیلا زانا یەکەمین ژنە پەرلەمانتاری کوردە کە زۆرترین خەڵاتی جیهانی پێبەخشرابێت، لەوانەش خەڵاتی ئاشتی سەخارۆف، هەروەها مانگی رابردووش لەئیتاڵیا خەڵاتێکی رێزلێنانی پێبەخشرا.

سەرەڕای ئەو پەرتبوونە، بەشی لەیلا لەزیندانەکانی تورکیا کۆتایی نەهاتووە، ساڵی رابردوو لەسەر ئەوەی لەیلا زانا لەئاهەنگی نەورۆزی ساڵی 2007 لە ئامەد هەرسێ سەرکردە: کاک مەسعود و مام جەلال و عەبدوڵڵا ئۆجەلانی بە سێ سەرۆکی کورد ناوبردن، داواکاری گشتی کۆماری تورکیا دۆزێکی لەدژ کردەوە بەتۆمەتی جیاوازیخوازی داوای 25 ساڵ زیندانی بۆ کرد،دادگاییکردنەکەی بەردەوامبوو تاوەکو رۆژی 4ی ئەم مانگە لەلایەن دادگای تورکیاوە بە 10 ساڵ زیندان حوکمدرا، بەتۆمەتی ئەوەی کە لە 9 وتاریدا لەبەرامبەر خەڵک و کۆنگرەکاندا پروپاگەندەی بۆ جیاوازیخوازی و پارتی کرێکارانی کوردستان کردووە. سزاکە هێشتا جێبەجێنەکراوەو، لەلایەن پارێزەرانی داوای پێداچوونەوە کراوە لە دادگای پێداچوونەوەی تورکیا.



لەیلا زانا وتار بۆ جەماوەری شاری ئامەد دەدات (فۆتۆ:DIHA)



**مام جەلال 1 ملیار دینار دەداتە کڵێسەکانی مووسڵ**

زینە موسڵاوی-مووسڵ

◆ ژێدەرێکی یەکێتی ڕایگەیاند، مام جەلال یەک ملیار دیناری وەک کۆمەک پێشکەش بەکڵێسەکانی مووسڵ کردووە، هەرێم کەمال ئاغا، بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتیی لەمووسڵ ڕوونیکردەوە"یارمەتییەکەی سەرۆک تاڵەبانی درایە ئیدارەی کڵێسەکانی شارو بەسەر ئاوارەو هەژارانی مەسیحیدا دابەشی دەکەن". لەکۆتایی مانگی ئەیلوولی ڕابردوودا کریستیانی مووسڵ کەوتنە بەر شاڵاوێکی کوشتن و دەرکردن و نزیکەی 2000 خێزانیان ئاوارە بوون.



### پسپۆڕی ناسیۆنالیزمی کوردی، ڕۆبێرت ئۆڵسن بۆ (ڕووداو):

# بە بەهێزتربوونی حکومەتی مالیکی دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان کەمدەبێتەوە

**پرۆفیسۆرێکی ئەمریکی سەرنجی تایبەتی خۆی لە سەر دوایین ڕووداوەکانی پەیوەست بە کورد لە عێراقدا دەخاتە ڕوو. پێیوایە سەرکردەکانی کورد دەبێ ئێستا کێشەی کەرکوک و ناوچە لەسەرەکان یەکلایی بکەنەوەو پشت بە ئەمریکا نەبەستن، چونکە ئەمریکا بەرژەوەندی گەورەی لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییە سوونییەکان و تورکیادا هەیە.**

**هەڤپەیڤین: نامۆ عەبدوڵڵا**
**تایبەت بە ڕووداو**

پرۆفیسۆر ڕۆبێرت ئۆڵسن، مامۆستای زانکۆی کینتاکییە، کە بەپێی توێژینەوەیەکی ئەمریکی باشترین زانکۆی توێژینەوەیە لە ئەمریکا. ئۆڵسن پسپۆرە لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ناسیۆنالیزمی کوردی و مێژووی ئیسلام. ئەم پرۆفیسۆرە تا ئێستا پێنج پەرتووکی گرنگی بڵاوکردوونەتەوە کە دەنگدانەوەیەکی زۆریان هەبووە. دوو لەو کتێبانە لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردین : سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ( 1880 – 1925)، بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی و کاریگەرییەکانی لەسەر تورکیا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

ئەم پرۆفیسۆرە، کە ئەمساڵ لەگەڵ دوو پرۆفیسۆری دیکەی ئەمریکی سەردانی باشووری کوردستانی کرد و لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی کورد دانیشت،ترسی هێرشکردنی بەغدای بۆ سەر کوردستانی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی 2011دا لە وتارێکدا خستەڕوو.

ڕۆبێرت ئۆڵسن بۆ یەکەمجارە بۆ میدیای کوردی قسەدەکات، ئەویش لەو هەڤپەیڤینەیدا کە بەتایبەت بۆ (ڕووداو) دوا. سەرنجی تایبەتی خۆی لە سەر دوایین ڕووداوەکانی پەیوەست بە کورد لە عێراقدا دەخاتە ڕوو. لە هەمانکاتیشدا تیشکدەخاتە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی و ئەو ئەگەر و مەترسیانەی کە دەکرێت ڕووبەڕووی ببنەوە لە عێراق و ناوچەکەدا:

**ڕووداو: لە کاتێکدا پەیوەندی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان گرژی تێکەوتووە لە سەر ناوچەکانی "ململانێ لە سەرەکان" و لە ماوەی ڕابردووشدا ئەم گرژیانە تا لێواری شەڕ ڕۆیشتن، لەم کاتەدا زۆر کورد ترسی ئەوەیان هەیە مالیکی هەمان تراژیدیای سەدامیان بەسەربهێنێتەوە، ئایا ئەم ترسە عەقڵانییە؟**

**ئۆڵسن:** بەڵێ، ترسێکی عەقڵانییە. بەڵام پرۆسەکە واپێدەچێت پرۆسەیەکی زۆر درێژ بێت. بڕوام وایە گرنگە ببینین کەچی بەسەر ریفراندۆمەکە دێت،کە بڕیارە لەسەر

## کورد نابێ متمانە بە ئەمریکا بکات

چارەنووسی کەرکووک و ناوچە ململانێ لەسەرەکانی دیکە بکرێ. هەر کە حکومەتی ناوەندیی لە بەغدا بەهێزتر دەبێت، عەقڵانییە ئەگەر بێت و پێمانوابێت کە ئەم حکومەتە ویستی کەمکردنەوەی ئەو ناوچانەی دەبێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا بەڕێوەیان دەبات، مەبەستم ناوچەکانی ململانێ لەسەرە، نەک هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک. بۆیە پێموایە، کە گفتوگۆکان لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی مالکیدا چڕ بکرێنەوە، نەک تەنیا لە سەر کەرکووک، بەڵکو لە سەر تەواوی ئەو ناوچانەی کە پێیان دەوترێن ناوچە ململانێ لەسەرەکان.

**ڕووداو: هیچ کام لە ئێران وسوریا و تورکیا، دان بە مافە سیاسییەکانی کوردەکانیاندا نانێن. ئەگەر حکومەتی عێراق بەهێزتر ببێت، ئایا ئەمیش وەکو ئەو حکومەتانەی دراوسێی لێ نایێت بەرامبەر کورد؟**

**ئۆڵسن:** دەکرێت وای لێبێت. بەڵام گرنگە ئەوەشمان لە بیر بێت کە لە هیچ یەک لەو سێ وڵاتەدا، کورد حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستانی نییە. ئەمە گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە. بێگومان، ئێستا کاتێکی باشە بۆ کوردەکان و سەرکردەکانی کوردستانی عێراق زیاتر حکومەتەکەیان بەموئەسەساتی بکەن و بارودۆخی ناوچەکانی ململانێ لەسەر یەکلایی بکەنەوە، بە دیاریکردنی چارەنووسی کەرکووکیشەوە. کوردەکانی عێراق دەبێت بەبەردەوامی پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ کوردەکانی تورکیا و سوریا وئێراندا چاک و بەهێز بکەن. دەبێت هەموو کوردەکان کاربکەن بۆ ئەوەی لەسەر زمانێکی کوردی هاوبەش ڕێکبکەون و هەموو کوردەکان بەو دیالێکتە شت بڵاوبکەنەوە. هەروەها گرنگیشە تا دەکرێت تەنیا ئەو دیالێکتە لە کاروبارە گشتییەکان ومیدیاکاندا بەکاربهێنرێت. دواجار ئەمە ناسیۆنالیزمی کوردی بەهێزدەکات کە باشترین قەڵغانە بۆ بەرگریکردن لە دژی سەرکوتکردن و داگیرکردن و شەڕ.

**ڕووداو: تا چ ئاستێک ئەمریکا دەکرێت متمانەی پێبکرێت لە پشتگیریکردنی کەیسی کورد لە عێراق؟**

**ئۆڵسن:** نابێت متمانە بە ئەمریکا بکرێت لە پشتگیریکردنی کەیسی کورد لە عێراق. ئەمە بەو مانایە نایێت کە ئەمریکا دژی دۆزی کورد مامەڵە بکات، بەڵام ئەمریکا ئەو کارە دەکات کە سەرکردەکانی پێیان وایە باشترین کارە بۆ بەرژەوەندییەکانیان. بە لە بەرچاوگرتنی ئەوە، کەسێک دەکرێت ئەوە بەهەند وەربگرێت کە ئەمریکا بەرژەوەندی نیشتمانی گەورەی لە گەڵ وڵاتە عەرەبییە سوونییەکاندا هەیە، بۆ نموونە سعودیبیە، میسر، و ئوردن بەهۆی مەسەلەی نەوتەوە

## ئێستا کاتێکی باشە بۆ سەرکردەکانی کورد کە چارەنووسی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە یەکلا بکەنەوە

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. زۆربەی زۆری ئەو نەوتەش لە وڵاتە سوونی نیشینەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقادایە. ئەمریکا پەیوەندییەکی بەهێزی لە گەڵ تورکیادا هەیە، ئەمەش بەهۆی ئەندامبوونی تورکیا لە ناتۆ و پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل و تێپەڕبوونی بۆڕییەکانی ناردنە دەرەوەی نەوت بە تورکیادا.

مەسەلەی کوردی بە پلەی دووەم دوای ئەو بەرژەوەندییانەی ئەمریکا دێن. سیاسییەکانی کورد دەبێت هەموو ئەم مەسەلانە بە بایەخەوە وەربگرن، پێش ئەوەی هەر چەشنە بڕیارێکی درێژخایەنی جیۆپۆلەتیکی و جیۆستراتیژی بدەن.

**ڕووداو: ئایا ناسیۆنالیزمی کوردی یان شوناسی کوردی لە عێراق لە ژێر هەڕەشەدایە؟**

**ئۆڵسن:** پێموانییە ناسیۆنالیزمی کوردی یاخود کوردایەتی لە ژێر هەڕەشەدا بێت لە عێراق. بەڵکو لە ڕاستیدا بەردەوام لە گەشەکردندایە، بەڵام بەهێزکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی ئەومانایە ناگەیێنێت کە بزووتنەوەی کوردی بەخێرایی بەرەو هەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەنگاوبنێت. گرنگە لە بیرمان بێت کە کوردەکانی تورکیا و ئێران و سوریاش بەرژەوەندییان لەوەدایە کە دەبینن ناسیۆنالیزمی کوردی لە عێراق لەگەشەکردن و فراوانبوون و بەهێزبووندایە. بەهەمان شێوە لاوازبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی لە عێراق، کوردی سێ پارچەکەی دیکەش لاوازدەکات. لەم ڕووەوە،گرنگە کوردەکانی عێراق و سەرکردەکانیان بەبەردەوامی تا ئەو ئاستەی لە توانایاندایە، پاڵپشتی هەموو رووخسارەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی بکەن.

**ڕووداو: پێتوایە پارتی و یەکێتی تاچەند خاوەنی پرۆژەی نەتەوەیین؟**

**ئۆڵسن:** من زانیاریم لە بارەی سیاسەتی پارتی و یەکێتییەوە نییە، کە چۆنە لە ناوخۆدا. بەرای من، ئەم دوو پارتە هەر لە دروستبونیانەوە، پارتی لە ساڵی 1946 و یەکێتی لە 1975، کارێکی مەزنیان کردووە لە سەرخستنی دۆزی کورد لە زۆر بارودۆخی دژوار و ناهەمواردا، بۆ نموونە ئەم دوو پارتە بۆ ماوەی چەندین دەیە لە ژێر هەڕەشەی ڕژێمە جیاوازەکاندابوون لە بەغدا، هەروەها لەلایەن حکومەتەکانی تورکیا و ئێران وسوریاوە هەڕەشەیان لێدەکرا. بەیەکداچوون و ئاڵۆزبوونی سیاسەتی کوردەکانی عێراق نەک تەنیا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا، بەڵکو لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بەتایبەتی سیاسەتی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی و لەم ساڵانەی دواییشدا سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و ئەمریکا، دۆخێکی دژواریان ڕووبەڕووی سەرکردەکانی کورد کردەوە کە دەبوو تێیدا کاربکەن. داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە هێندەیتر مەسەلەکانی ئاڵۆزتر کرد، کە چەندین خیار و کێشەی خستە بەردەم سەرکردایەتی کورد.

**رووداو: ئەنتۆنیۆ دامانتۆ، پرۆفیسۆری قانونی ئەمریکی لە بابەتێکدا، ئامۆژگاری کورد دەکات کە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ئەوانیش سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیێنن، چونکە بەڕای ئەو ئەگەر کورد وا نەکات ئەوا ئۆتۆنۆمییەکەشیان دەکەوێتە مەترسییەوە، تۆ چ دەڵێی و بەرای تۆ ئێستا پێویستە کورد لە عێراق چی بکات؟**

**ئۆڵسن:** بەدڵنیاییەوە من لەو پۆستەدا نیم کە بە سەرکردەکانی کورد بڵێم چی بکەن و چی نەکەن. بڕوام وایە، خۆیان باش دەزانن بارودۆخەکە چۆنە و خاوەنی پلانن بۆ هەر داهاتوویەک کە ڕەنگە ڕووبەڕوویان ببێتەوە و، چاکترین وشیاوترین پلان جێبەجێدەکەن لە هەر بارودۆخێکدا کە دەکرێت بێتە پێش. بە دڵنیاییەوە ئەوان هەموو ئەو ئەگەرانەی کە لەبەردەمیاندایە، بە پێشنیارەکەی پرۆفیسۆر ئەنتۆنیۆ دامانتۆشەوە بەهەند وەردەگرن.

### بەعسییەکانی کەرکووک خەریکی خۆ ڕێکخستنەوەن

# ڕۆژانە 80 کۆنە بەعسی دەگەڕێنەوە ناو سوپای عێراق

**ئامانج کەرکووکی**
**ڕووداو–کەرکووک**

سەرچاوەیەک لەسوپای عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ڕۆژانە نزیکەی 70– 80 ئەندامی پێشووی حیزبی بەعس دەگەڕێنەوە ناو سوپاو بەهەمان ڕێز و پلەی پێشوویان دادەمەزرێندرێنەوە. بەرپرسانی پۆلیس و سوپای عێراقیش نیگەرانن لەگەڕاندنەوەی ئەو کۆنە بەعسییانە.

دوای ڕووخانی حوکمڕانی 35 ساڵەی حیزبی بەعس، بەبڕیارێکی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان سەرجەم دەزگا ئەمنییەکان و سوپای عێراق و ڕاگەیاندنی عێراق هەڵوەشانەوە، هەروەها یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس دەرچوو و حیزبی بەعسیش وەک حیزبێکی هەڵوەشاوە ڕاگەیێندرا کە قەدەخەیە کار لە عێراق بکات. بەڵام ماوەیەکە بەبڕیاری کاربەدەستانی عێراق بەرە بەرە بەعسییە لەکار لادراوەکان بەتایبەتی ئەفسەرانی پۆلیس و سوپا دەگەڕێندرێنەوە سەر کارەکانیان.

وەفیق سامەڕایی، بەر لەهەڵاتنی لەنێوەڕاستی ساڵانی نەوەتەکاندا بۆ کوردستان و لەوێشەوە بۆ بەریتانیا، بەرپرسی دەزگای هەواڵگری سەربازیی عێراق بوو، لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)دا بڵاو کراوەتەوە دەڵێت "دەبێ واز لە زێدەڕۆیی کردن لەدانانی لەمپەر لە بەردەم گەڕانەوەی ڕژێمی پێشوو بێنین، هەڵەیەکی زۆر کوشندەیە شەڕ دژی بەعسییان بکرێت، چونکە حیزبی بەعس بەهێزترین حیزب بوو کە عیراق بووە بەدرێژایی مێژووی عێراق ".

هەروەها لەبەشێکی دیکەی وتارەکەیدا دەڵێت "بەعسییەکانیش توانایان هەیە لەگەڵ ڕەوشی تازەدا بژین، بۆیە پێویستە کۆت و بەندی جەور و ستەم لەسەر بنکەی جەماوەریی ئەو حیزبە هەڵبگیرێ و پێداچوونەوە بەیاسای ڕیشەکێش کردنی بەعسدا بکرێت، نەک ڕێ لەوانە بگیرێ کە بەرپرسی بەعس بوون بەپلەی ئەندام فیرقە کە نەچنە پەرلەمانەوە".

جگە لەگەڕاندنەوەی کۆنە بەعسییەکان، حکومەتی عێراق بەردەوامە لەگواستنەوەی بەرپرسە سەربازییەکانی کورد لەکەرکووک و ماوەیەک لەمەوبەر بەبڕیاری وەزارەتی بەرگری عێراق، عەمید عەبدوڵڵا دەلۆیی فەرماندەی لیوای 15ی سوپای عێراق گوێزرایەوە بۆ شاری تکریت. عەمیدێکی تورکمان بەناوی موئەیەد حسێن لەشوێنی ئەو دەست بەکار بوو. هەر بەبڕیاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق بڕیاری دەرکردنی عەقید عەباس محەممەد، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیس دووز خورماتوو درا، بەڵام لەژێر فشاری جەماوەری گەڕێندرایەوە شوێنەکەی خۆی.

وەک بەرپرسانی سوپا و پۆلیس لەکەرکووک ئاماژەی پێدەدەن، حکومەتی عێراق هاوکاریان ناکات. عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکان بە (ڕووداو) ڕاگەیاند "تا ئێستا 700 پۆلیسمان کوژراون و 1700پۆلیسیشمان بریندار بوون، بەڵام حکومەتی بەغدا ئامادە نییە مووچەی خانەنشینی و شەهیدانە بداتە کەسوکارەکانیان. ڕۆژانە کەسوکاری شەهیدەکان داوای خوێنی شەهیدەکانیان دەکەن".

ئێستا پاراستنی شاری کەرکووک بەدەست هێزەکانی پۆلیسەوەیە، بەپێی ئەو ئامارەی دەست (ڕووداو) کەوتووە نزیکەی 10 هەزار پۆلیس لەپارێزگای کەرکووک هەن، کە 40%یان کوردن و 29% عەرەبن و 29% تورکمانن و 2%یان مەسیحین. هەر بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون حکومەتی عێراق ماوەیەک بەر لە ئێستا 900 پۆلیسی بۆ عەرەب و تورکمانەکان لەکەرکووک دامەزراندووەو جگە لەگەڕاندنەوەی 27 ئەفسەری پێشووی سوپای عێراق بۆ سەر کارەکانیان، ئامادەش نییە یەک پۆلیس بۆ کورد دابمەزرێنێت.

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکان گوتی "تا ئێستا پێنج جار نووسراومان بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرز کردووەتەوە بۆ جێگیرکردنی پلەی ژمارەیەک لەئەفسەرانی کورد کەچی تائێستا هەوڵەکانمان بێ ئەنجام بووە".

بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەک بۆ (ڕووداو) ماوەیەکە جموجوڵی بەعسییەکان لەباشووری شاری کەرکووک دەستپێکردووە، بەتایبەتیش لەشارەدێی سەعدیە چەند پیاوماقوڵێکی سەردەمی بەعس و چەند سەرۆک هۆزێکی عەرەب مانگانە ئابوونەی حیزبی کۆ دەکەنەوەو فۆرمی ئەندامێتی بەسەر خەڵکدا دابەش دەکەن. هەروەها ماوەیەک بەر لە ئێستا هێزەکانی ئاسایشی کەرکووک لەناو شاری کەرکووک دەستیان بەسەر کۆگایەکدا گرت کە زیاتر لە 700 ئاڵای سەردەمی حیزبی بەعسی تێدا بوو، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر ئارم و دروشمی حیزبی بەعس.

عەمید هەڵۆ نەجات هەمزە، بەڕێوەبەری ئاسایشی پارتی لە کەرکووک لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو)، ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە بەعسییەکان خەریکی خۆ ڕێکخستنەوەن و ئابوونەی حیزبیشیان لەخەڵک وەرگرتووە "ئەمجارە هێزێکی گەورەیان لەپشتە بۆ گەڕانەوەیان بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ، سەرەتا بە بڕیاری سەرۆک وەزیرانی عێراق لەریزەکانی هێزی ڕابوون (صحوة)دامەزرێنران و ئێستاش بڕیارێک هاتووە کەدەبێت چەکدارانی هێزەکانی ڕابوون بچنە ریزەکانی سوپاو پۆلیس". ئەوەش گەڕانەوەی بۆ نێو سوپای عێراق دەگەیێنێ، لەکاتێکدا هەندێ لەچاودێران و تەنانەت عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، مەترسیی خۆی لە بەرپابوونی کودەتایەکی سەربازی ڕاگەیاند.

عەبدوڵڵاسامی عاسی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لەسەر لیستی عەرەبی گردبوونەوەی کۆماری عێراق، گەڕانەوەی ئەو بەعسییانە بۆ سەر کار بە"کارێکی ئاسایی" دەبینێ و دەڵێ "بەعسییەکان سەرجەمیان عێراقین و لەپێناو عێراق دا بوونەتە قوربانی و ئێستاش مافی ڕەوای خۆیانە لەو پێناوەدا چەک هەڵبگرن و بەشداری لەپاراستنی خاکی عێراق بکەن"، گوتیشی "دڵنیام ئەوان زۆر دڵسۆزانەتر کاردەکەن لەکەسێکی دیکە".

هەروەها وەفیق سامەڕایی لەوتارەکەیدا زۆر بەئاشکرا پێشنیازی گەڕانەوەی کۆنە ئەفسەرانی سوپای پێشووی عێراق دەکات " کاری دروست ئەوەیە زۆرترین ژمارەی ئەفسەرانی سوپای پێشوو بگەڕێندرێنەوە نێو سوپا، لە نێویاندا ئەوانەی خاوەنی پلەی بەرزن و ئارەزوو دەکەن بگەڕێنەوە ریزی سوپا".

بۆ بەرەنگاربوونەوە و کەمکردنەوەی هێزی چەکدارە توندڕەوەکان، ساڵی ڕابردوو حکومەتی عێراق بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکییەکان لە چەند ناوچەیەکدا بڕیاری دروستکردنی هێزەکانی ڕابوون (سەحوە)ی دا، کە هێزێکە لە کەسانی عەشایر پێکهێندراوە کە زۆربەیان پێشتر لە قاعیدە و گرووپە چەکدارەکاندا بوون، بەڵام سەرکردایەتی کورد دژی دروستکردنی ئەوهێزانە وەستایەوە لە ناوچە کوردنشینەکاندا. ئێستا حکومەتی عێراق بڕیاریداوە 20%ی ئەو هێزانە بچنە ریزی پۆلیسەوە. کە بریتین لە 2500 عەرەب و 350 تورکمان.

لیوا جەمال تاهیر، بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکووک، مەترسی خۆی لەو بڕیارەی حکومەتی عێراق نەشاردەوەو گوتی "ئەو ڕێژەیە بارو دۆخەکە تێکدەدات لەبەر ئەوەی بەبڕیاری هێزەکانی هاوپەیمانان لەساڵی 2003 ڕێژەکان بۆ سەر هەر چوار نەتەوەکە دابەشکراون، ئەو 20%ە دەبێتە هۆی تێکدانی ڕێژەکەی پێشوو و مافی کوردو تورکمان لەو ناوەدا زیانی پێدەکەوێت".



چەند گومانلێکراوێک لە کاتی دەستگیرکردنیاندا لە بنکەیەکی پۆلیسی کەرکووک (فۆتۆ:AFP)

## مەلا ئیدریس، نوێنەری مام جەلال لەکفری:

# پێکهاتەی مەڵبەندی ڕێکخستنی یەکێتی لەکفری نەخوێندەوارن



**بیلال سەعید**
**رووداو-کفری**

نوێنەری مام جەلال لەشارۆچکەی کفری، ستافی مەڵبەندی کفری بەتەزویریکردن لە کاتی هەڵبژاردنەکانی یەکێتی تاوانبار دەکات و بەنەخوێندەواریشیان ناو دەبات و دەڵێت "خەڵکانێکن قەت لەرابردوودا خۆیان لەریزی بزووتنەوەی کوردایەتیدا نەبینیوەتەوە".

ئیدریس حەمە فەرەج (مەلا ئیدریس)، لەساڵی 1969 لەدایکبووەو دەرچووی کۆلیژی یاسا و رامیارییە، ناوبراو رۆژی 2008/4/2 بەنووسراوێکی رەسمی کراوەتە نوێنەری مام جەلال لەسنووری مەڵبەندی 26ی ڕێکخستنی یەکێتی لەکفری، ناوبراو وەک نوێنەری مام جەلال پلەی جێگری مەڵبەندی هەیە و بەشداری لەکۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی مەڵبەند دەکات. لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە دەچێتە پرسەکان و سەردانی نەخۆش دەکات و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکەش چارەسەر دەکات.

ئەو هەرچەندە نوێنەری مام جەلالە، بەڵام وەک دەردەکەوێت مەڵبەندی کفری وەک نوێنەری مام جەلال هەڵسوکەوتی لەگەڵ ناکەن، مەلا ئیدریس هۆکارەکەی بۆ خودی کادیرەکانی دەستەی کارگێری مەڵبەند گێڕایەوەو گوتی "هەندێک لەپێکهاتەی دەستەی کارگێری کادیری نا وشیارن و هەندێک کادیری دیکە پلەیان بۆ بەرژەوەندی شەخسی کۆکردووەتەوە". هەروەها هۆکاری دیکەش بۆ ئەو دەستەگەرێتییەی ناو یەکێتی دەگەڕێنێتەوە.

مەڵبەندی کفری بەتاکە مەڵبەندی باڵی ریفۆرم

تەواوی مەقپەیڤینەکە
لە (رووداونێت)دا بخوێنەوە
WWW.RUDAW.NET

ناسراوە، رەنگە مامەڵە نەکردنی مەڵبەند پەیوەندی هەر بە مەسەلەی باڵی ریفۆرم و باڵی مام جەلالەوە هەبێ، مەلا ئیدریس پێیوایە شتێک نییە لەناو مەڵبەندی کفری بۆنی ریفۆرمی لێوە بێ "ئەوەی ئێستا من دەیبینم ململانێ و یەکتر قبوڵنەکردنە و لەچوارچێوەی ریفۆرمدا نایبینمەوە، شەرمەزارییە بڵێی ململانێم بۆ دەسەڵاتە بۆیە دێن ناوێکی دیکەی لێدەنێن". گوتیشی "ئەوانەی لەسنووری مەڵبەندی کفری ئیدیعای ریفۆرم بوون دەکەن دوورن لەریفۆرمەوە، لەبەرئەوەی ریفۆرم ئیرادەو توانای خۆی دەوێت و زۆربەی پێکهاتەی مەڵبەند نەخوێندەوارن و خەڵکانێکن لەرابردوودا لەریزی بزووتنەوەی کوردایەتیدا قەت خۆیان نەبینیوەتەوە".

سەبارەت بەئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەرپرس و کارگێرانی مەڵبەندی کفری، مەلا ئیدریس دەڵێت "بەدەر لەرەچاوکردنی ئاستی هۆشیاری هەریەکەیان، پەیوەندییەکی باشم لەگەڵیان هەیە لەرووی رێکخستنەوە کە من سەرپەرشتی کۆمیتەیەک دەکەم، تەواوی برادەرانی ئەو مەڵبەندە بەمەرجەعی ئیشوکاری رێکخستنی خۆمیان دەزانم، بەڵام بەکۆمەڵێک رەخنە و پێشنیازەوە".

لەهەڵبژاردنی رابردووی ئۆرگانەکانی یەکێتی، زۆربەی ئەوانەی لەمەڵبەندی کفری دەرچوون سەر بەباڵی ریفۆرم بوون، بەڵام مەلا ئیدریس پێیوایە ئەوانە بەمافی خۆیان دەرنەچوون "بەگوێرەی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ئەو ستافەی کە ئێستا دەست بەکارن براوە نەبوون، من کاندیدی بەرپرسی مەڵبەندبووم، بەڵام گەورەیی جەنابی مام جەلال بۆ کۆکردنەوەو یەکبوونی کادیرەکانی یەکێتی واکرا ئەو ئەنجامە بدرێتە دەست ئەو برادەرانە". گوتیشی "لەنێوان من و ئەوان 10 دەنگ هەبوو، بەڵام ئەوان 6 دەنگی تەزویریان کردبووە ناو سندوقەکانەوە کە لەسەریان ساخ بووەوە".

ئەو پێشیوایە ئەوانەی لەمەڵبەندی کفرین خاوەن بڕیاری خۆیان نین، پرس بەو کەسانە دەکەن کە لەسەرووی خۆیانن "پرس بەو کەسانە دەکەن کە دەیانەوێت یەکێتی بەرەو ئاقارێکی دیکە ببەن".

لەهەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی یەکێتی، مەسەلەی کوتلەوکوتلەکاری یەکێتی لەکفری گەیشتە لوتکەو شەڕو پێکدادانی لێکەوتەوە کە سەرەنجام کوژرانی ژنی قایمقامی شارۆچکەکەی لێکەوتەوە. مەلا ئیدریس ئەو کوتلەو کوتلەکارییەی کفری دەبەستێتەوە بەکێشەی کۆمەڵایەتی نێوان هەردوو تیرەی دەلۆ و زەنگەنە "ئەمە بووە بنەمایەک کێشەکە سەرهەڵبداتەوەو خەڵکانێک کە لەرووی کادیرێتییەوە سەلیقەی ئەوەیان نەبوو بەرامبەر رازی کەن هاتن لەسەر بنەمای خێڵەکایەتی ئەو کێشەیان قوڵکردەوە بۆ ئەوەی لەهەڵبژاردنەکان براوەبن".

باڵی مام جەلال لەکفری بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە پارەیەکی زۆریان بۆ هەڵبژاردنەکان تەرخانکرد، بەڵام براوە نەبوون، مەلا ئیدریس ئەو تۆمەتەی رەتکردەوەو گوتی "لەکەس نەپارامەوەو پارەشم نەدایە کەس، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەهەڵبژاردن ئەو شتانە هەبوو، پلەو پارەو ئیمتیازی زۆریان بەخەڵک دا و بەڵێنیان بەخەڵکدا دەتکەینە بەڕێوەبەری فڵان جێگە، بەڵام ئێستا بۆیان ناکرێت".

رەخنەی ئەوە لە بەرپرسی ئێستا مەڵبەندی یەکێتی دەگیرێت کە ئەوەندی کەسێکی سەربازییە ئەوەندە سیاسی نییە، مەلا ئیدریس ئەمە پشتڕاستدەکاتەوەو دەڵێت "برای بەڕێزم کاک مەردان ماوەیەکی زۆر لەدەرەوە پێشمەرگە بووە، رەنگە لەشاخیشدا زۆر خۆی لەکاری رێکخستن نەدابێت، بەڵام وەک گەنجێک پێشمەرگە بووە، ئێستاش رەنگە ئەو لایەنە بەسەریدا زاڵ بێت و بیەوێت لەو رێگەیەوە دڵسوزی خۆی دەربخات، بەڵام رەنگە سەردەمی عەسکەرتایەت ئەستێرەی ئاوا بووبێت. دەبێت ئێمە وەک کورد بیر لەخەباتی دیپلۆماسی و سیاسی بکەینەوە".

زێدەباری ململانێی کوتلەکانی یەکێتی، کەمی خزمەتگوزاری لەناوچەکەدا هاوڵاتییانی کفری نیگەران کردووە، مەلا ئیدریس لەبارەی کەمی خزمەتگوزارییەکان دەڵێت "خەڵک باشی بۆ کراوەو حەقیشیەتی داوای زیاتر بکات، ئێستا کفری گەورەیی بەخۆی بینیوە، رەنگە ئەو خزمەتگوزاریانەی کە دەکرێن جێی رەزامەندی تەواوی خەڵک نەبێت".

مەلا ئیدریس، لەقسەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ بەرپرس و ئەندامانی مەڵبەندا هەیە، بەڵام ئەوان کەمتر حیسابی نوێنەری مام جەلالی بۆ دەکەن، تا کار گەیشتووەتە ئەوەی لیژنەیەک بۆ ئەو مەسەلەیە رەوانەی مەڵبەندی کفری بکرێ "لەماوەی پێشووتر لیژنەیەک هات بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەکێشەکانی رێکخستن لەسنووری ئەو مەڵبەندە لەگەڵ ئەوەشدا باس لەو کارەی من کرا، تەواوی برادەران ئەوەیان قبوڵ بوو کە من وەک نوێنەری مام جەلال لەسنووری مەڵبەند هاوکارم بن و مامەڵەیان لەگەڵ بکەم، بەڵام بە کونفەیەکونێک هەموویان رایان بووە یەک و ئیعترازیان گرت لەکاری نوێنەرایەتی من لەسنووری ئەو مەڵبەندەدا".

(رووداو) هەوڵیدا رای مەڵبەندی کفری لەبارەی قسەکانی مەلا ئیدریس وەربگرێت، بەڵام کەسیان ئامادە نەبوون قسە بکەن.

## تەقینەوەکەی چێشتخانەی عەبدوڵڵا چاوەڕوانکراوبوو

# کەرکووک تاقیکردنەوەیەکە بۆ ستراتیژی ئۆباما



جۆرج پاکەر

لە هاوینی 2004 کەرکووک دوا شار بوو لەدەرەوەی کوردستان، کە خەڵکی بیانی دەیتوانی بەتەنیا پیاسەی تێدا بکات و لەچێشتخانەکانی نان بخوات و زۆر نەترسێت. سێ جار سەردانی ئەو شارەم کردووە و زۆر حەز لە شوێنەوارە مێژوویی و شەقامە کۆنەکانی دەکەم، هەروەها حەز لە فرەزمانی و دەموچاوە جیاوازەکانیشی دەکەم، شەیدای لێبووردەیی و سووربوونەکەشیم.

کەرکووک شیکاگۆی عێراقە، بەڵام بەهۆی مێژووە خوێناویەکەیەوە لەژێر دەستی سەدامدا، کێڵگە نەوتییەکەی و سێ نەتەوە رکابەرەکەی، رەنگە کەرکووک ئەو فیوزەبێت کە شەڕی ناوخۆیی لە عێراقدا بتەقێنێتەوە.

من زۆر هەڵە بووم بەوەی کاتێک لە ساڵانی 2005 و 2006 شەڕی ناوخۆ روویدا، ئەو شەڕە لەنێوخۆی عەرەبەکاندا بوو کە سوننە و شیعە رووبەرووی یەکتر بوونەوە، ئەوکات کەرکووک ببووە شوێنێکی مەترسیدار و شەڕاویی، لەگەڵ ئەوەی رێکخراوی قاعیدە بوونی لەو شارە هەبوو، بەڵام بەو رێژەیەش نەبوو کە من و عێراقییەکانی دیکە پێشبینیان دەکرد. شەڕە نێوخۆکەی دیکەی عێراق ئەو شەڕەیە کە لە نێوان عەرەب و کورددایە و، لە ئاستێکی نزم ماوەتەوە لەنێزیک ئەو هێڵە هەڵانەی کە ئەو دوو نەتەوەیە یەکدەخاتەوە کە ئەویش موسڵ ناوچەکانی باکووری رۆژئاوا و کەرکووک و پارێزگای دیالەیە لەسەر سنووری ئێران. هۆکاری سەرەکیش کە ئەو شەڕە زیاتر پەرەی نەسەندووە ئەوەیە چارەنووسی شاری کەرکووک هەر دوادەخرێت. ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەی کەرکووک ساڵ بە ساڵ دوادەخرێت. سیاسەتکاران و دیپلۆماتکارانی بەغدا کارەساتێکی دیکەیان ناوێت، بەڵام کێشەکە نابێت بۆ کاتێکی نادیار دوابخرێت.

خۆ تەقاندنەوەی خۆکوژێک کە بووە هۆی کوشتنی پەنجا کەس، لە چێشتخانەیەکی باکووری شاری کەرکووک لە 2008/12/11 کە سەرکردەکانی کورد و عەرەب کۆبوونەوەیان لەسەر چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان دەکرد، شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو. ئەوە ئامانجێکی ئاشکرا بوو، بۆ ئەوانەی دەیانەوێت وەڵامی هەموو پرسیارێکی داهاتووی شاری کەرکووک لەناوبەرن. ئەوان پێیانخۆش بوو کە زۆربەی قوربانییەکان منداڵ و ئافرەت بوون: لەبەرئەوەی ئەوە دەبێتە هۆی تووڕەبوونی هەردوولا و زیاتریش لەیەکتریان دوور دەخاتەوە.

لە سەردانەکانمدا بۆ کەرکووک، چاوم بە چەندین خەڵکی تێگەیشتووی هەموو نەتەوە وئاینەکانی ئەو شارە کەوتووە کە پێش هەر جیاوازییەکی نەتەوەیی دیکە خۆیان بە کەرکووکی دادەنێن و بەردەوامن لە هامووشۆکردنی هاوڕێکانیان بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە جیاوازی نەتەوە و ئایین، ئەو خەڵکە زۆر لاواز بوون، بەڵام لەهەمانکاتدا کەمتەرخەم و بێ هێز نەبوون. بیرۆکەی ئەوان بۆ ئەو شارە ئەوەبوو شارێکی بەهێزە، ئەمەش هیچ دوور نەبوو لە راستی، لەبەرئەوەی هەتا سەدامیش نەیتوانی بەتەواوی فرەنەتەوەیی ئەو شارە لەناوبەرێت، ئیتر بۆچی یەکێکی دیکە سەرکەوتوو دەبێ؟ پاشان کێ دەیەوێت خۆی تاقی بکاتەوە؟

لەبەرئەوەی ئەوکات یەکتر بینین لەسەر شەقامەکانی مەترسیدار نەبوو، زۆر قسەم لەگەڵ ئەو کەرکووکیانە کرد و بە زۆریش لەکاتی نانخواردندا، لەو شارە خزمەتێکی باش دەکرام. ئەمە لەکاتێکدا پارچەکانی دیکەی عێراق بۆ خەڵکی بیانی قەدەخە بوون، من ئەو چێژەم لەو ساتانە وەرگرت لەنێو ئەو هاتوهاوارەی خزمەتکارەکان. لە چێشتخانە بڕواپێکردنێکی گشتی هەیە، کاتێک لە چێشتخانە لەگەڵ چەند کەسێک کۆدەبیتەوە، تۆ رازیت بەوەی خەڵکی دیکەش لەسەر مێزەکەت بن،تەنانەت خەڵکی بێگانەش. هەر ئەو رازیبوونەش چەند رۆژێک لەمەوپێش لە چێشتخانەی عەبدوڵڵا هەبوو، هەر بۆیە بووە ئامانجی دڕندانەی تیرۆرستان.

کە ئەمەریکییەکان عێراق بەجێدێڵن زەحمەتە پرسی چارەنووسی شاری کەرکووک بەئاشتییانە چارەسەر بکرێت، رەنگە کەرکووک ببێتە تاقیکردنەوەیەکی سەرەتایی بۆ ستراتیژی کشانەوەی ئۆباما و بەڵێنە نادیارەکانی کە دەستێوەردانی کاروباری ئەو وڵاتە بکات ئەگەر دوای کشانەوەی ئەمەریکا جینۆساید رووبدات. زۆر زەحمەتە گەشبین بیت بەرامبەر بە کەرکووک، من ئێستا پێوەندیم لەگەڵ خەڵکی کەرکووک پچڕاوە، بۆیە نازانم بۆچوونییان بەرامبەر شارەکە وەک خۆیەتی، یاخود ئەوەی لە چێشتخانەی عەبدوڵڵا روویدا بۆچوونی گۆڕیون.

**لە گۆڤاری The New Yorker وە**

# ڕێکخراوێکی تورکی تەقینەوەکەی کەرکووک دەخاتە ئەستۆی خۆی

## بەرپرسێکی پۆلیس لەسەر تەقینەوەکەی چێشتخانەی عەبدوڵڵا لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ

**رووداو-کەرکوک**


ڕێکخراوێکی تورکی ئەنجامدانی تەقینەوەکەی ئەم دوایەی کەرکوکی خستە ئەستۆی خۆی و بەڕێوبەری بنکەی پۆلیسی عەرەفەش بەهۆی ئەو تەقینەوەیە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی کەرکووکەوە بۆ لێکۆلینەوە دەستگیرکراوە.

یەکێتی تۆڵەسەندنەوەی تورک TÎB، کە لە ماوەی رابردوودا بەرپرسیارێتی لە ئەنجامدانی چەند هێرشێک دژی کورد لە دیاربەکر و شارەکانی دیکە راگەیاند، لە ماڵپەڕەکەیدا ئەنجامدانی تەقینەوەکەی 2008/12/11ی کەرکووکی خستە ئەستۆی خۆی کە بووە کوژران و بریندار‌بوونی 150 کورد و عەرەب.

TÎB لەسەر ماڵپەرەکەی www.ataturkcudirenishareketi.tr.cx بڵاویکردەوە کە "ئیستیخباراتی TÎB کە لەسەر خاکی تورکمان ئیللی (نیشتمانی تورکمان) دامەزراوە، لە 2008/12/5 پیلانێکی بۆ ئاشکرابووە بۆ لەناوبردنی تورکمان، بۆ ئەو مەبەستەش چاوپێکەوتنی نوێنەرانی کورد و عەرەب ئەنجامدراوە، ئەمەش بە مەرامی دەستنیشانکردنی ئەو ستراتیژیەتە". هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە نوێنەرانی یەکێتی و چەند عەشیرەتێکی عەرەب بەشداری ئەو پیلانەن "بۆ ئەمەش کۆماندۆ خۆکوژەکانمان ئەو چالاکییەیان بەسەرکەوتوویی ئەنجامداو ئەو پیلانەی لەدژی تورکمانەکان دارێژرابوو پووچەڵکرایەوە". هەر لەو ماڵپەڕەدا، کەبەدەنگی ئاتاتورک دەکرێتەوە: "بژی دەوڵەتی سەربەخۆی تورکمان ئیللی، رێ لە سەرکەوتنی تورکە خوداییەکان ناگیرێت"، ئەو ڕێکخراوە بەڵێندەدات کە لە هێرشەکانی دژی کورد بەردەوامبێ "لە هێرشەکانمان دژی کورد بەردەوام دەبین و، چەکی کیمیاوی دژی کورد بەکاردەهێنین کە لەتورکیا ئامادەکراوە بەناوی S-HARDAL-68".

رۆژی 2008/5/11 لە ئەنجامی کردەوەیەکی خۆ کوژیدا لەچێشتخانەی عەبدوڵڵا لەسەر رێگەی کەرکووک-هەولێر، لە نزیک دەروازەی شاری کەرکووک 48 کەس کوژران و 107 بریندار بوون، لەکاتێکدا کە شاندێکی عەرەبەکانی حەویجە کە لەلایەن یەکێتیەوە داوەتکرابوون لە چێشتخانەکەدابوون، هەروەها جگە لە هاووڵاتیانی کورد و عەرەب کرێکارێکی بەنگلادیشیش گیانی لەدەستدا و چواری دیکەش بریندار‌بوون.

بەپێی زانیاری سەرچاوە رۆژنامەڤانییەکان تەقینەوەکە لەرێگەی کچێکی خۆکوژ بەناوی (بەسمە حسێن محەمەد ئەحمەد)، تەمەن 25 ساڵ ئەنجامدراوە و کچەکە دانیشتووی گوندی غەماری سەر بەناحیەی



چێشتخانەی عەبدوڵڵا، دوای تەقینەوەکەی 2008/12/11

(فۆتۆ:AFP)

سلێمان بەگە، بەپێی زانیارییەکان مامێک و برایەکی ئەو کچە سەر بەرێکخراوی قاعیدەن.

لیوا جەمال تاهیر، بەڕێوبەری پۆلیسی کەرکووک، رەتیکردەوە کە هیچ رێکخراوێکی وەک TÎB، کە رێکخراوێکی نەناسراوە دەستی لەو تەقینەوەیەدا هەبێت و گوتی "ئەوەی کە نووسراوە تەنیا بۆ دروستکردنی گرفتە و بۆخستنەوەی دووبەرەکییە لەنێوان کورد و تورکماندا، ئێمە بەدوای پلادانەرانی تەقینەوەکەوەین و لەزووترین کاتیشدا هەموو زانیارییەکان بڵاو دەکەینەوە".

لەبەیاننامەیەکدا، باڵیوێزی ئەمریکا و فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، تاوانی ئەنجامدانی ئەو تەقینەوەیان خستە ئەستۆی رێکخراوی قاعیدە.

لەبەیاننامەکەدا هاتووە "ئەو تیرۆریستانەی کە هێرشە خۆکوژییەکەی شاری کەرکووکیان ئەنجامداوە سەر بەرێکخراوی تیرۆریستی قاعیدەن و ئەم کردەوەیە لەدژی هەموو ئایین و نەتەوەکان ئەنجامدراوە، ئامانجی قاعیدە لەم هێرشە ئەوەیە درزێک بخاتە نێوان عێراقییەکان و لەیەکتریان جیا بکاتەوە". هەروەها عەبدوڵڵا گیول لە برووسکەیەدا بۆ سەرۆک کۆماری عێراق مام جەلال، تەقینەوەکەی پرۆتستۆکرد و ئامادەیی تورکیای بۆ چارەسەرکردنی برینداران نیشاندا، بۆیەش دوای ئەو برووسکەیە 14 بریندارى خەتەرناکی تەقینەوەکە رەوانەی تورکیا کران.

بەبڕیاری وەزیری ناوخۆی عێراق و بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک، لیژنەیەک پێکهاتووە بۆ لێکۆڵینەوە لەو هێرشە خۆکوژییە، بەبڕیاری ئەو لیژنەیەش عەقید ئەفرام، بەڕێوبەری بنکەی پۆلیسی عەرەفە بۆ لێکۆلینەوە دەستگیرکراوە.

لەبارەی هۆکاری دەستگیرکردنی ئەو بەرپرسەی پۆلیس، لیوا جەمال تاهیر، بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو لیژنەیە لێپێچینەوەی لەگەڵ چەند کەسێک کردووە، بۆ ئەوەی بزانین کێ گوناهبارە، بەڕێوبەری بنکەی پۆلیسی عەرفەش دەستبەسەرە چونکە لێپێچینەوەی تەواوی نەکردووە".

## پارێزگاری شاری دویزبۆرگی ئەڵمانیا بۆ (رووداو):

# نەهێڵن خێزانی ئێوەش وەک ئێمە تێکبچێت



**سـەرۆکی شـارەوانی یان پارێزگاری دویزبۆرگ، ئەدۆلف زاوەرلاند، خێزاندارە و چوار منداڵی هەیە. پێش ئەوەی ببێتە پارێزگار مامۆستای قوتابخانەی پیشەیی بوو و وانەی دەدا قوتابیانی تەمەن 17- 20 ساڵ. ئەو لە هەڵبژاردنەکانی رۆژی 2004/10/10 بە رێژەی 61.2%ی دەنگەکان بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی دویزبۆرگ هەڵبژێردرا. زاوەرلاند ئەندامی پارتی دیموکراتی کریستیانە کە ئێستا پارتەکەی سەرۆکایەتی حکومەتی ئەڵمانیای فیدراڵ دەکات. ئەم حیزبە دوای پەنجا ساڵ توانی پۆستی پارێزگار لە دویزبۆرگ بەدەست بێنێت.**

**لە ئێوارەیەکی درەنگدا، (رووداو) سەردانی ئەدۆلف زاوەرلاندی کرد لە نووسینگەی تایبەتی خۆی. زاوەرلاند مرۆڤێکی رووخۆش و مێشک کراوەیە و هەر بەو شێوەیەش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**هەڤپەیڤین: سەیدخان کوریژ**
**رووداو- ئەڵمانیا**

**رووداو: چەند کورد لە شاری دویزبۆرگ دەژین؟**

**ئەدۆلف زاوەرلاند:** بەداخەوە زانیاری تەواومان لەو بوارەدا نییە، چونکە هەموو پەنابەران بەپێی پاسپۆرتەکانیان تۆماردەکرێن، واتە کورد یان وەک تورک، یان عەرەب یان فارس تۆماردەکرێن، بۆیە بە دروستی نازانین چەند کورد لە شارەکەماندا دەژین، بەڵام بەحوکمی چالاکییە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانیان کە ساڵانە ئەنجامیدەدەن و بانگهێشتمان دەکەن بۆ بەشداریکردن لەو بۆنەیان، دەزانین کە زۆر کورد لە دویزبۆرگ هەن.

**رووداو: زانیاریتان لەبارەی رەوشی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردانی شارەکەتان چییە؟**

**ئەدۆلف زاوەرلاند:** ئەو کوردانەی لە تورکیاوە هاتوون، جێگای خۆیان بەباشی کردووەتەوە، چونکە لە مێژە لە ئەڵمانیا دەژین، زۆربەیان پێش 35- 40 ساڵ هاتوون، بەڵام گەورەترین کۆمەڵەی کوردی کە لە شاری دویزبۆرگ دەژیت لە باکووری عیراقەوە هاتوون. کاتێک مرۆڤ رەوشی کوردانی تورکیا و باکووری عیراق لەگەڵ یەک بەراورد بکات، دەبینیت کە کێشەکانی کوردی باکووری عیراق زۆر گەورەترن. زۆربەی هەرە زۆری کوردانی باکووری عیراق لە گەڕەکی هۆمبێرگ دەژین، ئەو گەڕەکە لە بواری کۆمەڵایەتی دا لاوازە، هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی لەو گەڕەکەدا هەن پێویستە ئیدارەی شار هاوکاریان بکات.

**رووداو: واتە هەموو گەڕەکی هۆمبێرگ کێشەی هەیە؟**

**ئەدۆلف زاوەرلاند:** گەورەترین کێشە ئەوەیە کە هۆمبێرگ وەک کۆگایەکی لێهاتووە، زۆربەی پەنابەران لە یەک شوێنی ئەو گەڕەکە کۆبوونەتەوە و بە ویستی خۆیان چوونەتە ئەوێ. لە لایەکی دیکەوە هۆمبێرگ بە خۆی شوێنی نیشتەجێبوونی کەسانی کەم دەرامەتە. بۆ نموونە زۆربەی هاووڵاتیانی ئەو شوێنە بێکارن، زۆربەی گەنجانیان خوێندنیان تەواو نەکردووە، یان تەنیا 10 ساڵ خوێندوویانە و هیچ پیشەیەک نازانن. ئەمانە کێشەی گشتین، بەڵام لە هۆمبێرگ زیاتر بەدی دەکرێن. هەڵبەت هەر گەنجێکی بێ پیشە لە ئەڵمانیا ناتوانێ کار بدۆزێتەوە. ئەوجا کە گەنج بێ کار بن، هیوایان بە پاشەرۆژ کەم دەبێتەوەو ناتوانن داهاتووی خۆیان ببینن و پلان و پرۆژە دابڕێژن، لە ئەنجامیشدا دەکەونە کۆڵانان و بەهاترین کاتەکانیان بە شێوەیەکی واڵا دەربازدەکەن، لە کۆتاییشدا کاری نایاسایی دەکەن و تاوانبار دەبن.

**رووداو: بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە و نەهێشتنی ئەو رەوشە نالەبارە، کارگێڕی شار چی کردووە؟**

## کوردانی تورکیا لەدویزبۆرگ خۆیان گونجاندووە بەڵام کوردانی عێراق کێشەیان هەیە

**ئەدۆلف زاوەرلاند:** دوای ئەوەی لە سەری ساڵی رابردوو هەندێک کاری تێکدەرانە لە هۆمبێرگ روویاندا، دەستمان بە پرۆژەی سوسیال و هاوکاری گەنجان کرد، هەروەها هێزێکی زیاتری پۆلیس و ئاسایشمان لەو گەڕەکە دامەزراند. دەمانەوێ گەنجەکان فێری پیشەیەک بکەین بۆ ئەوەی بتوانن بەئاسانی ئیش بکەن. لەم سەردەمەدا گەنجێک کە باوەڕنامەیەکی باشی نەبێت، ناتوانێت ببێتە خاوەن پیشەیەکی باش. چونکە فێربوونی پیشە لە ئەڵمانیا زۆر زەحمەتە، ئامادەبیە پیشەییەکانیش بەشناکەن. بۆیە زۆر گەنج هەیە شوێنێک نابینێ بۆ فێربوونی پیشە.

ئێمە لە دویزبۆرگ، پرۆسەی فێرکردنی زمان لە چوار ساڵییەوە دەستپێدەکەین، چونکە لێرە زۆر منداڵی پەنابەران هەن کە زمانی ئەڵمانی باش نازانن. مەسەلە ئەوە نییە بڵێین ئەوان زیر و زیرەک نین، بەڵام کە زمان نەزانن لە قوتابخانەش زیرەک نابن، بۆیە هەر لە باخچەی منداڵانەوە دەستپێدەکەین و فێری زمانی ئەڵمانیان دەکەین، بەشێوەیەک کاتێک دەچنە قوتابخانەی سەرەتایی دەبێ باش زمان بزانن، چونکە بێ زمانی ئەڵمانی ئەوان ناتوانن باوەڕنامەیەکی باش بەدەست بێنن.

**رووداو: پرۆژەیەکی تایبەتیتان هەیە بۆ منداڵی کورد لە دویزبۆرگ؟**

**ئەدۆلف زاوەرلاند:** بۆ مەسەلەی تێکەڵاوبوون و ئینتیگراسیۆن، پرۆژەمان نییە کە تایبەت بێت بە نەتەوەیەک، پرۆژەکانمان بۆ هەموو پەنابەرانن. ئەوەی تایبەتە بە کورد و چەند ساڵە پەیڕەوی دەکەین، ئەوەیە کە خوێندکارانی کورد لە سێ قوتابخانەی ئەم شارەدا وانەی زمانی دایک دەخوێنن.

**رووداو: شاری دویزبۆرگ لەگەڵ چەند شاری دیکەی جیهان کە یەکێکیان شاری غازی عەنتابە پەیمانی دۆستایەتی مۆرکردووە. ئایا دەکرێ ئەو پەیمانە لە نێوان شاری دویزبۆرگ و شاری دهۆکیش مۆربکرێ، بە تایبەت کە زۆربەی کوردانی دویزبۆرگ لەدایکبووی دهۆکن؟**

**ئەدۆلف زاوەرلاند:** بیرۆکەیەکی باشە .ئەو شارانەی ئێمە پەیمانی دۆستایەتیمان لەگەڵ هەن چالاکی کولتووری هاوبەشیان لەگەڵ دەکەین، بەردەوام شاندەکانمان سەردانی یەکتری دەکەن، بەڵام بەداخەوە ناتوانین لەگەڵ هیچ شارێکی دیکە دۆستایەتی بکەین. چونکە نابێ لە دە شار زیاتربێ. ئێستا لەگەڵ حەوت شاری دنیا دۆستایەتیمان هەیە و چەندین شاری دیکەش داوایان کردووە و لە چاوەڕوانیدان.

**رووداو: گەنجانی کوردستان و جیهانی سێیەم، بەردەوام هەوڵدەدەن بێنە ئەڵمانیا و رۆژئاوا، هەندێکیان لەپێناو مانەوە رازین لەگەڵ پیرەژنێکی رۆژئاواییش ژیانی هاوسەری پێکبێنن، چۆن دەڕوانییە ئەمە؟**

**ئەدۆلف زاوەرلاند:** من لەگەڵ ئەوەدا نیم و، بە حوکمی تەجروبەی خۆمان دەزانین کە بۆ وەرگرتنی مافی مانەوە زۆربەی پیاوان ژن دێنن، بەڵام پرۆسەی هاوسەرییان بە سەرکەوتوویی ناچێتە سەر و بە تراژیدیا تەواو دەبێت. چونکە زۆربەیان دوای ماوەیەکی کەم لێک جیادەبنەوە و منداڵەکانیان بێ سەرپەشت دەمێننەوە. ئەوانەی داوای مافی پەنابەریش دەکەن، داواکارییان قبووڵ ناکرێت و لەوانەیە دواتر بگەڕێندرێنەوە وڵاتەکانیان. چەند ساڵێکە ئەڵمانیا یاسایەکی دەرکردووە، بەپێی ئەو یاسایە ئەڵمانیا کارمەندی دەرەکی وەردەگرێت، بەڵام بە چەند مەرجێک . ئابووری ئەڵمانی پێویستی بە کەسانی خاوەن پیشەی وەک ئەندازیارە. لێرە دەمەوێ پێشنیازێک پێشکێشی ئەو کەسانە بکەم کە دەیانەوێ بێنە ئەڵمانیا و پێیاندەڵێم: سەردانی بالیۆزخانە و کونسولخانەکانی ئەڵمانی بکەن لە وڵاتی خۆتان و زانیارییان لێ وەربگرن، باشترە ئەوە بکەن و بەرێی یاسایی بێن بۆ ئەڵمانیا، چونکە بە رێی نایاسایی کێشەیان بۆ دروست دەبێ .

**رووداو: نەتەوەی جیا جیا لە ئەڵمانیا دەژین، چ بەرنامەیەکتان بۆ تێکەڵبوونی کورد لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەڵمانی هەیە؟**

**ئەدۆلف زاوەرلاند:** مەسەلەی ئینتگراسیۆن شتێکە وابەستەی ئاین، نەتەوە، کولتور و رەنگ نییە، بەڵکو گرێدایی کەسەکانە. خەڵکی 140 نەتەوە لەم شارەماندا دەژین و دەمانەوێ هەموویان پێکەوە بە ئاشتی بژین و ئێمە بۆ ئەو ئامانجە کار دەکەین. مومکین نییە جیهانی پێش پەنجا ساڵ بگەڕێتەوە. واتە کاتی وڵات و شاری یەک نەتەوە نەماوە .پێویستە پرۆژەکانیشمان بە گوێرەی ئەو راستییە بن. ئەوانەی لە دویزبۆرگ دەژین خۆیان بە دویزبۆرگی دادەنێن و لەبوارە جیاجیاکاندا تێکەڵاوی یەکتر دەبن، لە کۆمەڵە و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی، وەرزشی، کولتوریی ئەم شارەدا بەشدارن. بەڵام بەداخەوە کۆمەڵە خەڵکێکیش هەن تێکەڵی کۆمەڵگە نەبوونە و وەک گرووپی داخراو لەناو خۆیاندا دەژین و پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەڵمانی نییە، زمانی ئەڵمانی باش نازانن، تەنانەت کڕین و فرۆشتن و مامەڵەکردنیشیان لەنێو خۆیاندایە. دەمانەوێ هەموویان بەلای خۆماندا رابکێشین بۆ ئەوەی ئەوانیش هەست بەوە بکەن کە ئەوانیش خەڵکی دویزبۆرگن و دویزبۆرگین و تێکەڵی گشت بوارەکانی ژیانی ئەم شارە ببن.

**رووداو: ئایا کولتور و ئایین رێگرن لەبەردەم تێکەڵبوون بە کۆمەڵگا؟**

**ئەدۆلف زاوەرلاند:** نەخێر، بەڵکو ئەوانیش کۆمەڵگە دەوڵەمەند دەکەن. پێویستە هەوڵبدەین شتە هاوبەشەکان دیاربکەین و دیالۆگیان لەسەر بکەین. کێشەکان زیاتر کۆمەڵایەتین، ئەوانەی بێکارین و داهاتێکی باشیان نەبێت بۆ ژیانێکی نۆرماڵ، ناتوانن تێکەڵ بە ژیانی کۆمەڵگە ببن. پێویستە خەڵک بە جیاوازی کولتورو ئایینەکانیانەوە کێشە کۆمەڵاتیەکانیان نەشارنەوە . هەڵبەت لە دویزبۆرگ کێشەی ئایین و نەتەوەییمان نییە، بەڵام کێشەی کۆمەڵایەتیمان هەیە و دەبێ ئێمە هۆیەکانی پەیدابوونی ئەو کێشانە لەناوبەرین.

**رووداو: کورد نزیکەی 18 ساڵە خەریکی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستانن، وەک سەرۆک شارەوانییەک (پارێزگا)یەکی مۆدێرن، چیتان هەیە لەو بارەوە بە دەسەڵاتدارانی کوردستانی بڵێن؟**

**ئەدۆلف زاوەرلاند:** من نامەوێ ئامۆژگاری کەس بکەم، چونکە هەر وڵاتێک کێشەی جیاوازی خۆی هەیە و هیچ راچێتێکی ئامادە لەبەردەست نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا . بەڵام دەمەوێ بڵێم کە من وەکو پارێزگاری دویزبۆرگ، هەر شتێکم کردبێت، بەهاوبەشی لەگەڵ خەڵکی ئەم شارە کردوومە. تەنها ئامۆژگاریم بۆ برایانی کورد ئەوەیە کە هەموو کارەکانیان بە هاوبەشی لەگەڵ گەلی خۆیان بکەن. پێویستە ئەوان لەگەڵ خەڵک و هاووڵاتیانی خۆیان راوێژ بکەن و پرۆژەکانیان پێکەوە ئەنجامبدەن.

**رووداو: لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر کێشە هەن کە یەکێکیان مەسەلەی یەکسانی ژن و پیاوە. ئێوە وەک کۆمەڵگایەکی مۆدێرن، چۆن توانیتان کاتی خۆی ئەو کێشەیە چارەسەربکەن؟**

**ئەدۆلف زاوەرلاند:** تا ئێستا مەسەلەی یەکسانی ژن و پیاو لە هیچ شوێنێکی جیهان، چارەسەرنەکراوە. راستە لای ئێمە بە هەوڵێکی دوور و درێژ زۆر لە مافەکانی ژن قەبووڵ کراون، بەڵام هێشتا کێشەمان هەیە. بە بۆچوونی من پێویستە ژن و پیاو وەک هاوکاری یەکتری تەماشا بکرێن. من خۆم زۆر گرنگی بە خێزان دەدەم، چونکە خێزان بنچینەی کۆمەڵگەیە. کە خێزان تێکچوو، کۆمەڵگەش تێکدەچێت. بەداخەوە ئەمرۆ لە ئەوروپا گرنگیی خێزان نەماوە، لە ئەوروپا خێزان وردە وردە بەرەو پارچەبوون و هەڵوەشانەوە دەڕوات. ئێستا لە کۆمەڵگەی ئێوەدا خێزان گرنگی خۆی هەیە و، پێویستە رێ نەدەن تێکبچێت.

## ئەو کوردانەی لەپێناو مانەوە پیرەژنی ئەڵمان مارەدەکەن کارەکەیان سەرناگرێت

**140**
**نەتەوە لە شارەکەماندا دەژین و رۆژگاری وڵات و شاری یەک نەتەوە نەماوە**

## دویزبۆرگ ناتوانێ ببێتە دەستە خوشکی دهۆک

تەواوی هەڤپەیڤینەکە
لە (رووداونێت)دا بخوێنەوە
WWW.RUDAW.NET

### سیستەمی ئیداری لە ئەڵمانیا

سیستەمی ئیداری لە ئەڵمانیا، بەسەر سێ ناوەندا دابەشکراوە: ناوەند (بوندس)، هەرێم (لاند) و شارەوانی. سەرۆک شارەوانی لە هەر شارێک، سەرۆکی ئیدارییە و نوێنەری باڵای سیاسییە. ئەدۆلف زاوەرلاندی پارێزگاری دویزبۆرگ، سێ یاریدەدەری هەیە، ئەوان وەک بریکاری پارێزگار لە بواری سیاسیدا کاردەکەن. یەکێکیشیان بریکاری کاروباری ئیدارییە و وەک سەرۆکی شار (قایمقام) دەناسرێت. وێڕای ئەمانە چەند سەرۆک شارەوانی ناوچەکان هەیە کە ئەوانیش سەر بە دویزبۆرگن.

هەروەها لە دویزبۆرگ کە ژمارەی دانیشتوانی نیو ملیۆن کەسە، چەند بەڕێوەبەرایەتییەک هەیە کە لەلایەن سەرۆک شارەوانیەوە سەرپەرشتی دەکرێن. ئەوانیش ئەمانەن:

- کاروباری فینانسە و یەکێتی ئەورووپا.
- کاروباری یاسایی و ئەمنی.
- کاروباری خێزان، پەروەردە و کولتوری.
- کاروباری سۆسیال، وەرزش، تایبەتی و ئۆرگانیزاسیۆن.
- کاروباری بینای شار.
- کاروباری دەوروبەر، تەندروستی و مافی کڕیار و بەکارهێنەر.

بەڕێوەبەرانی ئەم بەشانە، لەلایەن شارەوانییەوە هەڵدەبژێرێن بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەردەوامی بەکارەکانیان دەدەن.



شاری دویزبۆرگ



زامبیا خەریکی دڵدارییە

ڕێبەر ئاراس
ڕووداو - سلێمانی

◆ گۆرانیبێژ زامبیا نوێترین کلیپی خۆی بەناوی (دڵداری) بەرهەمهێنا کە زامبیا دەکەوێتە داوی خۆشەویستی کوڕێکی باڵابەرز، بەڵام هەر زوو کۆتایی بەو خۆشەویستیە دێت.دڵداری شیعری کەژاڵ ئەحمەدەوهێمن حوسێن مزیکەکەی ئامادەکردووەو سەرجەم دیمەنەکانی کلیپی دڵداری لە شاری سلێمانی وێنە گیراوە و، هونەرمەند لەسەر ئەرکی خۆی ئەم کلیپەی بەرهەمهێناوە بەڵام سوپاسی ڕێکخراوی ڕۆشنبیری پرژان-یش دەکات بۆ هاوکارییەکەیان.



# چیرۆکی خۆشەویستی هانی زۆردوور و درێژە

**ڕووداو- هەولێر**

ئەگەر ناوی بنێت (شەو تا بەیانی) ئەوا دەبێتە یەکەم سیدی کچە گۆرانیبێژی سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (هانی). لە فیستیڤاڵی ژنپارێزیدا لە ڕۆژی 2008/11/27، هانی بە جلێکی ڕەش و باڵای بەرزییەوە بە گۆرانییەک دژ بە ژنکوژی سەرنجی ئامادەبووانی ڕاکێشا،

چالاکڤانی پاراستنی مافی ئافرەتان مەهاباد قەرەداخی بیرۆکەی ئەوگۆرانییەی خستە بەردەم هانی . هەڵکەوت زاهیر کە خۆی خاوەنی شیعری ئەو گۆرانییەیە، زۆر لە گوتنەکەی هانی ڕازییە و دەڵێ" هانی چووەتە قووڵایی گۆرانییەکەوەو، ڕەنگدانەوەی هەستی هانی لەگۆرانییەکەدا دەردەکەوێت و بە ئەکادیمی گۆرانییەکە دەڵێت " . هانی لەکاتی ئەو گۆرانیەدا دەمێک مایکەکەی بەردەمی بەتووندی گرتبوو، دەمێکیش بە سەمایەکی سەرنج ڕاکێش، نمایشێکی کوردی جوانی نیشاندەدا.

هانی لە فیستیڤاڵەکانی ئێران بە موزیکی "سوننەت"ی و لە ئەورووپاش لە کۆنسێرتەکاندا لە سەر سکرینی ڕۆژ تیڤی کاروانی هونەری خۆی دەستپێکردووە، بەڵام تائێستا هیچ ئەلبوومێکی بڵاونەبووەتەوە،هانی دەڵێ " هاوکاری و دەرفەتم نەبووە سیدی دەربکەم" .

هانی، لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)، بەشێک لە ژیانی هونەری خۆی بۆ خوێنەران ئاشکرا دەکات.

ئەو کچە گۆرانبێژە، بە پرچێکی کورت و جلوبەرگێکی ڕۆژئاوایی ڕەنگ ڕەش لە بارەگای ڕووداو، بە شێوەزاری سنەیی، بۆ (ڕووداو) دەدوا. هانی باسیکرد لە تەمەنی 22 ساڵی دەستی بە گۆرانی گوتن کردووە بەستایلێک کە لە ئێران ڕێپێدراوەو بە ستایلی سوننەتی ناسراوە . بەڵام کە پێش چوار ساڵ و نیو چووە ئەڵمانیا، دەستی بە گۆرانی گوتن بە ستایلەکانی دیکەش کرد" زۆر حەزم لەگۆرانی بوو، بەناچاری چوومە ناو ستایلی سوونەتییەوەو توانیم سوودی لێوەربگرم بۆ گۆرانی کوردی، بەڵام هەستمکرد ناتوانم تەنها لەنێو ستایلی سوونەتی بەردەوام بم، حەزم لەموزیکی ڕاک و پۆپە" .

لە ئێران گۆرانی گوتن بەتایبەت بۆ ئافرەتان کارێکی ئاسان نییە، هانی دەڵێت "لەبەر مەسەلەی سیاسی، ژن لەوێ هیچ ئازادییەکی نییە کە بتوانێت بەتەواوی بچێتە بواری هونەری و کۆنسێرت بکات، بۆیە چوومە ئەوروپا" .

هانی، لەنێو خێزانێکی هونەردۆست بە وێنەکێشان و دواتریش بە گۆرانی گوتن لەگەڵ هونەردا گەورەبووە، دەڵێ "کەسوکارم شانازیان بە هونەرمەندێتی منەوە دەکرد، لە سنەش خەڵک لە نێو بازاڕ ڕێزی لێدەگرتم" .



هانی ئەوکاتەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، بەهاوکاری 7 کچی کورد لەساڵی 2001 یەکەم گرووپی موزیکی کچانیان دامەزراند بەناوی (گرووپی ڤیان)، دەڵێت "لەوەحدەتی تاران تەنها بەرهەمی کوردیمان پێشکەش دەکرد، لە زۆر فیستیڤاڵی گەورەی ئێران بەشداریمانکرد و زۆربەی جارەکانیش پلەی یەکەممان بەدەست دەهێنا و لە ڕۆژنامە هونەرییەکانی ئێراندا زۆرم لەسەر دەنووسرا" .

هانی بڕوانامەی دیپلۆمی بەدەستهێناوەو، ماوەیەک مامۆستای قوتابخانە بووەو وانەی وێنەکێشانی بە منداڵان گووتووەتەوە.هەر ئەوکاتیش وەرزشیشی کردووەو ماوەی 3 ساڵ خەریکی مەشقی یۆگا بووە. ئێستا لەئەڵمانیا هەوڵدەدات دەست بەخوێندن بکاتەوە"ئێستا خەریکم دەست بە کۆرسێک دەکەم لەبەشی هونەری کە پانتۆمیم، کۆمیدیا، تەنزی مۆدێرن و هونەری گۆرانی موزیک دەگرێتەوە و 3 ساڵ دەخایێنێت".

هەرچەندە زمانی ئەڵمانی یەکێکە لە زمانە قورسەکان، بەڵام هەر زوو تێکەڵاوی کۆمەڵگەی ئەڵمان بووەو لەگەڵ گۆرانیبێژ و موزیکژەنانی ئەڵماندا بەشداری کۆنسێرتەکانی ئەوێی کردووە، هانی دەڵێ "دوای چەند مانگێک لە چوونم بۆ ئەڵمانیا لەمیدیاکان دەرکەوتم، پەیوەندیم لەگەڵ موزیکژەنە ئەڵمان و فارسەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە دروستکرد، هەندێک سەریان سوڕما کە چ زوو وا دەرکەوتم". ئەو دەڵێ هەستی حەز بە تێکەڵاوبوون و زوو فێربوون و بوونی ئامانجێک لە مێشکیدا هاندەری بووە کە بتوانێ ئەوە بکات"شتێک کە خۆم شانازی پێوە دەکەم وەک کچێکی کورد لەئەوروپا، ئامانجەکەمە،

## پیرەکانیش دەنگی منیان پێ خۆش دەبێت

کە دەمەوێ کورد وەک خاوەن کولتورێکی دیکە بناسێنم" .

ئەو دەڵێت، تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی ئازارەکانی کورد و مەینەتییەکانی ژنی کورد بناسێنێت "وەکو ژنێکی کورد ئەوەم بەئەرکی سەرشانم دەزانم، چونکە ئێمە ئازادیمان دەوێت" .

هانی تا ئێستا چەند گۆرانییەکی تۆمارکراوی هەن،ئێستا جیا لە ئەلبوومی (شەو تا بەیانی)، ئەو گۆرانیانەشی ئامادەکردوون کە لە ئەلبوومێکدا لەلایەن کۆمپانیای میر موزیک بڵاودەکرێنەوە .زۆربەی میلیۆدییەکانی ئەو گۆرانیانە لەلایەن هانی خۆیەوە دانراون "هیوادارم ساڵێکی دیکە بتوانم دەریبکەم بابەتەکانیشی زیاتر لەسەر چەوساندنەوەی ژن و مەسەلە نیشتمانییەکانە" . گۆرانییەکانی هانی زیاتر لەسەر نیشتیمان و مەسەلەی ژنان بوون.بەڵام بەرهەمی دڵداری و خۆشەویستی نییە، هەرچەندە ئەو بەرهەمانە لە ئێران قەدەخەن، لەگەڵ ئەوەشدا هانی هۆکاری دیکەشی هەیە و گوتی "ئەوە پێشینەیەکی قووڵی هەیە، خۆشەویستی من کتێبێکی دوور و درێژی دەوێت کە لەتەمەنی دوو ساڵی دەست پێدەکات، بەڵام بەهیچ شێوەیەک نابمە دوژمنی پیاوان" .

سەردانی هانی بۆ باشووری کوردستان بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی یەکەم سیدی گۆرانییەکانیەتی،کە هەڵکەوت زاهیر پێشبینی دەکات لەلایەن کۆمپانیای کۆڕەکەوە بڵاوبکرێتەوە . ئەو سیدییەی هانی لە 12 تراکی ستایل جیاواز پێکدێت کە لە گۆرانییەکان بە ستایلی سوننەتی (سێگا)یە، کە ناوی سیدییەکەی لێدەپرسیت وەڵام دەداتەوە "تا ئێستا نازانم ناوەکەی چی دەبێت"، دواتر دەڵێت "ڕەنگە ناوی بنێم شەو تا بەیانی"، لەدوای ئەو قسەیەش زۆر پێدەکەنێت.

تێکستەکانی ئەلبوومی شەو تابەیانی لە شیعرەکانی :حەمە سەعید حەسەن، د. ئاراس عەبدولکەریم، ئەدیب چەلکی، حەمە سەعید ئیبراهیم، مەهاباد قەرەداخی، هەڵکەوت زاهیر، کاوە حوسێنن .هەموو ئاوازەکانی لەلایەن هەڵکەوت زاهیر دانراون، دابەشکردنی کاری موزیک لەلایەن هێمن حوسێن و سەرجەم تۆمارکردنی کارە دەنگییەکانیش کاوە شێخ ئەنجامیداون.

هانی سوپاسی تەلەڤزیۆنی زاگرۆس دەکات کە گۆرانیەکانی لەستۆدیۆیەکەی ئەوان تۆمارکردووە . گۆرانیەکانی بەهەر سێ شێوەی زاری هەورامی و کرمانجی و سۆرانی گوتووەو، دوو گۆرانیشی بەشێوەی دوێت لەگەڵ میران و هەڵدێر گوتوون.

هانی کە ئێران بەجێدێڵێت دەبینێ دونیا بەجۆرێکی دیکەیە "ئێران وڵاتێکی سنووردارە، ئەو کۆنسێرتانەی کە من لەوێ بەشداریم تێدا دەکردن و دەمبینین هەموویان سوننەتی بوون".

هانی بە سوود وەرگرتنی لە ئەزموونەکەی لە ئێران و لە ئەورووپا دەڵێ " دەمەوێ ببمە هانی و ڕێچکەی خۆم بدۆزمەوە" .

هانی، کە بە بەشداریکردن لە بەرنامە هونەری و کۆنسێرتەکانی ڕۆژ تیڤی لە ئەورووپا لە ڕاگەیاندنی کوردیدا دەرکەوت، شانازی بەو بەشدارییەی خۆیەوە دەکات و دەڵێ " زۆر ئاسوودە بووم لەگەڵیان".

هەڵکەوت زاهیر، دوا ڕۆژێکی "زۆر گەش" بۆ هانی پێشبینی دەکات و پێشبینی دەنگدانەوەیەکی فراوانیش بۆ (( شەو تا بەیانی) دەکات و دەڵێ" هانی دەنگێکی زۆر جوان و توانایەکی شاراوەیە" .

هانی خۆیشی پێشبینی سەرکەوتنی یەکەم ئەلبوومی خۆی دەکات و دەڵێ"لەخێزانێک پەروەردە بوومە کە زۆر کێشەی سیاسیمان هەبووە، بەو ئازارە گەورە بوومە و ناتوانم لەبیری بکەم، دەزانم پێشوازییەکی باش لەبەرهەمەکەم دەکرێت، چونکە بەو نێوەڕۆکەیە بە شێوازێکی هونەری" .

سەبارەت بەو گوێگرانەی ئەو لە پێش چاوی گرتوون بۆ ئەو ئەلبوومەی گوتی"بێگومان ئەلبوومەکەم پێشکێشە بە گەنجان، بەڵام پیرەکانیش پێیانخۆش دەبێ گوێی بۆ بگرن" .

## جۆرج بوش چاوی بە زەکەریا کەوتووە

# گۆرانیبێژێکی کورد عێراق دەهەژێنێ



**ئێمیلی پادن و تایلەر تۆین**
**هەولێر-هەرێمی کوردستان**

ئەمە هەشتەمین ڕۆژمانە لە گەشتەکەمان بۆ "عێراقەکەی دیکە" کە بە کوردستان ناسراوە، لەو ماوەیە بەنێو گردو چیاکانی ئەو ناوچەیەدا گەڕاوین و دوکان و بازاڕەکانمان بینیووە و چاومان بە سەرکردە سیاسی و نووسەر و ئاکادیمکارەکان کەوتووە . ئێستا گەیشتووینەتە پایتەختی کوردستان و بەنێو قەڵا تەمەن 8 هەزار ساڵییەکەی ئەو شارەدا دەگەڕێین کە گوایە لەو قەڵاتە ئەسکەندەری مەکدۆنی لەگەڵ فارسەکان بەشەڕ هاتووە .

کە زەنگی مۆبایلەکەمان لێیدا، دەنگێک کە نامۆ نەبوو لەلامان پرسیاری کرد و گوتی"دەتوانن بێنە ئاهەنگێکی خواردنەوەی ئەوروپایی؟"، ئەو دەنگە زەکەریا بوو، ئەو گۆرانیبێژ، ئەستێرە و نەتەوە دروستکەرەی کە پێش چەند ڕۆژێک یەکتریمان ناسی .هەرچەندە فڕۆکەکەمان کاژێر 3ی بەرەبەیان لە فڕۆکەخانەی مۆدێرنی نێودەوڵەتی هەولێرەوە دەفڕێت، بەڵام بانگهێشتەکەی زەکەریا سەرنجمان ڕادەکێشێت و دەنگەگە فەرمانی کرد "جانتاکانتان بێنن" .

زەکەریا کە خۆشی نامۆ نییە بە شەوانی درەنگ،

## لە دهۆک وسلێمانیش نازسیتی دروستدەکەم و پرۆژەی گەورەم لە بەغداش هەیە

نزیکەی پانزدە ساڵ لەمەوپێش کاژێر چواری بەرەبەیان لە ماڵی باوکی لە هەولێری ئەو کاتدا کە هێندەی ئێستا پێشکەوتوو نەبوو، سەریهەڵگرت و لەدەست ڕژێمی سەدام حوسێن هەڵات. ئەو مێردمنداڵە پیانۆژەنە خۆی گەیاندە وڵاتی سوید، لەوێ وەکو یاریدەدەری گۆرانیبێژ لە چەند گرووپێکی میوزیک کاری کرد، هەتا گەیشتە ئەوەی ئاواز بۆ خۆی دابنێت، کە تێکەڵەیەک بوون لە میوزیکی نەریتی کوردی و پۆپ،کە کورد لە سەرانسەری جیهاندا گوێی لێدەگرن.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە ساڵی 2003، زەکەریا گەڕایەوە هەرێمی کوردستان، کە چەندین پلانی بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەی هەبوو. زۆربەی کوردانی عێراق لەگەڵ براکانیان لە تورکیا، سووریا و ئێران خەون بەوە دەبینن دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت،بەڵام بەهۆی بەرزبوونەوەی بەختی کورد لەدوای سەدام، هەستی نەتەوەییان هەندێک توونڊ بووەتەوە. ئێستا ئەوان کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری نەوتی عێراق دەکەن (ئەگەر شاری کەرکوکی چارەنووس نادیاریش لەژێر کۆنترۆڵی کورد دابنرێت) . کورد بەچاوێکی دۆستانە تەماشای ئەمەریکا دەکەن. سەرۆک کۆمار و وەزیری دەرەوەی عێراق کوردن، بەمەش هەوڵدەدەن مەسەلەی کورد بکرێتە مەسەلەیەکی نیشتمانی.

زەکەریا بە سەرمایەگوزاری زۆرەوە پێگەیشت و بووە بەشێک لەو پێشکەوتنە. بەرزبوونەوەی خێرای بۆ چینی سەرەوە و نێزیک بوونەوەی لەگەڵ بارزانییان کە خانەوادەی دەسەڵاتداری کوردستانن، توخمێکی نێودەوڵەتی داوەتە دۆزەکە. دەنگۆی ئەوەش هەیە لەوکاتەی جۆرج دەبلیو بوش سەردانی عێراقی کردووە، چاوی بە زەکەریا کەوتووە کە بووەتە سیمبولێکی سەرەکی نەتەوەیی کورد. یەکێک گوتی "بیهێنەپێش چاوی خۆت تۆ ئێرلەندی بیت و بۆنۆ-گۆرانیبێژێکی ناسراوی ئێرلەنداو ئەندامی باندی U2ە- پاپا بێت" .

بەخێرایی ئێمەیان بە چوار ئۆتۆمبێلی بەرزی سپی بێ ژمارە بەرەو ناز سیتی برد بۆ ئەوەی چاومان بە زەکەریا بکەوێت. ناز سیتی کۆمەڵگەیەکی جوانە لە قەراخ شاری هەولێر، کە زەکەریا بە یارمەتی هاوپشکەکانی دروستیکردووە، بەمەبەستی ڕاکێشانی کوردانی دەرەوەی وڵات بۆ وڵاتەکەی خۆیان. ئەو کۆمەڵگەیە بریتییە لە حەوت باڵاخانەی گەورە، گەراجێکی شێرزەمینی کە جێگەی 1100 ئۆتومبێل دەبێت، سەنتەرێکی مەشق و ڕاهێنانی کراوە ""gym"، دوو یاریگەی تێنسی سەرزەوی، مەلەوانگە، سیستەمی ئاسایشی 24 کاژێری کە زەکەریا دەڵێ خۆی نەخشەی سیستەمەکەی کێشاوە.

چەند پاسەوانێک لە تاریکی ژێرزەمینەکەوە ئێمەیان گەیاندە ئەو ئەپارتمانە چراخانەی زەکەریای لێ بوو. لەکاتێکدا وا ڕاگەیێندراوە کە ناز سیتی 80%ی گیرابێت و فول بووبێت و ماڵی حەوت وەزیر و 112 ئەندام پەرلەمان و 56 پرۆفیسۆری زانکۆی لێبێت، کەچی ئێمە هەتا لەلایەن بەڕێوەبەری کارەکانی زەکەریاوە پێشوازی نەکراین، یەک کەسمان لەباڵاخانەکەدا نەبینی.

بەڕێوەبەری کارەکانی زەکەریا پێیگوتین بەرنامەی ئەو شەو لە ماڵە نموونەییەکەی نازسیتی دەست پێدەکات و پاشان بەنێو کۆمەڵگەکەدا دەمانگەڕێنن، کە بریتییە لە ژوورێکی نووستنی گەورە کە چیاکانت لێوە دیارە، ژووری منداڵان کە کورسی و قەنەفەکانی هەموو چەرمی ڕەشە، ئەو بەڕێوەبەرە لێی پرسین"چاوەڕوانتان دەکرد شتی ئەوها لە عێراق ببینن؟"، ئەو پرسیارە چەندین جاری دیکەش لە گەشتەکەمان بۆ کوردستان لێمانکراوە و هەموو جارێکیش وەڵامدانەوەیەکی دڵنیاکەرانەمان داوەتەوە کە ئەویش "نەخێر چاوەڕێمان نەدەکرد".

زەکەریا دەرنگ دەرکەوت. ئێمە بەبێدەنگی لەسەر کورسییەک دانیشتین و چاومان بڕییە ئەو گۆشتە برژاوەی کە دایکی زەکەریا ئامادەی کردبوو. کاتێکش ئەستێرەکە بۆخۆی گەیشت، لە باڕەکەی خۆی شەڕاب و ویسکی پێشکێش کردین. زەکەریا کە کەسێکی لەخۆڕازییە، بەڵام هێمنە، پێیڕاگەیاندین کە "شاری تەندروستی" لەنزیک نازسیتی دروستدەکات، هەروەها لە شارەکانی سلێمانی و دهۆکیش بە هەمان شێوە کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی وەک ناز سیتی دروست دەکات. زەکەریا ئەوەشی درکاند کە پارەی لە پرۆژەیەکی گەورەی ئاوەدانکردنەوەش لە بەغدا خەرج کردووە و گوتی هەرکاتێک کورد و عەرەب پێکهاتنەوە، پێویستە یەکێک هەبێت پردەکان دروست بکات.

زەکەریا لەگەڵ میوانەکانی باسی دوا ئەلبوومی گۆرانییەکانی خۆی دەکرد. میوانەکانی بریتیبوون لە بەڕێوەبەری ئاسایشی شاری هەولێر، سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان و چەند بەرپرسێکی گەورەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بێجگە لەوانیش چەندین پاسەوانی چەکدار لەوێ بوون. چونکە لەوەتەی لیستێکی کوشتن دۆزراوەتەوە کە لە لایەن گرووپێکی ئیسلامی تیرۆرستییەوە ئامادەکرابوو، زەکەریا چوارەم ناوبوو لەو لیستەدا، بۆیە ئەو پاسەوانانە کە بەتایبەتی مەشقیان پێکراوە، شەوو ڕۆژ چاودێری زەکەریا دەکەن.

نزیکی نیوەی شەو، پاسەواناکان لەیەکدی کۆبوونەوەو چەکەکانیان لەلایەک داناو دەستیان کرد بە هەڵپەڕکێی کوردی و زەکەریاش لەسەر باڕەکە دانیشتبوو سیگاری کوبی بەدەمەوە بوو هاواری دەکرد "زەکەریا" و پاسەوانەکانیش بەدوایەوە دەیانگوتەوە.

بەپێچەوانەی زەکەریاوە، پاسەوانەکان نەیانخواردەوە،بەڵام بە هەرحاڵ ئەوانیش چووبوونە کەشوهەوای خۆیانەوە و هەڵبەز و دابەز و هاواریان دەکرد و لە کۆمەڵگاکە دەنگیدەدایەوە.

کاتێکیش کاتی ڕۆیشتنی ئێمە نێزیک بووەوە، ناچاربووین داوا بکەین یەکێک بمانگەیێنێتە فڕۆکەخانە، بەڵام زەکەریا دەیویست ئاهەنگە ئەوروپییەکەی بەردەوام بێت. پاشان زەکەریا مۆبایلێکی لە چاکەتە ئیتاڵییەکەی دەرهێناو چەند وشەیەکی کوردی گوت و ڕووی کردە ئێمە و بە پێکەنینەوە گوتی"نیگەران مەبن، فڕۆکەکەتان بۆ ڕادەگرم" .

**لە گۆڤاریwalrusی کەنەدییەوە**



کۆمەڵگەی نازستی لە هەولێر (فۆتۆ: ڕووداو)


# تاراوگە

## کوردانی هۆڵەندا حکومەتی ئێران شەرمەزاردەکەن



رووداو-هۆڵەندا

◆ بەبۆنەی 60 مین ساڵڤەگەڕی ڕاگەیاندنی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ ژمارەیەک کوردی نیشتەجێی هۆڵەندا خۆپێشاندانێکیان لەبەردەم باڵیۆزخانەی ئێران کردو سیاسەتی حکومەتی ئێرانیان دژی کورد شەرمەزارکرد وداوای ئازادکردنی ئەو چالاکڤانە کوردانەیان کرد کەلەلایەن ئێرانەوە زیندانیکراون.



ڕێبەر هاڤین:

# هۆڵەندی و بەلجیکییەکان چیرۆکی ئەفسەرە تورکەکەیان بەلاوە سەیرە

**رووداو- دەنهاخ**

کە ڕێبەر هاڤین دەستی بە نووسینی کتێبی ( گوندی حەوت برایان) کرد ناچاربوو وازلە کاری سیاسی بێنێ. کە کتێبەکەیشی بە زمانی هۆڵەندی بڵاوبووەوە یەکەمین پرسیار کە لە مێدیای هۆڵەندی و بەلجیکیدا لێیکرا، پرسیارکردن بوو دەربارەی چیرۆکی ئەو ئەفسەرە تورکەی کە ئەو لە کتێبەکەیدا باسیدەکات، کە بە خەڵکی کوردی ئاخێوی گوندەکەیانی گوتووە:" ئەو زمانە پیسە چییە قسەی پێدەکەن؟ جارێکیتر گوێم لێنەبێ "و، دواتریش زللەیەکی سرەواندووەتە بناگوێی هاڤین. ئەو نووسەرە کوردە هۆڵەندینووسە لە هەڤپەیڤینێکیدا لە گەڵ (رووداو) دەڵێت" رۆژنامەنووسەکانی هۆڵەندا لێمدەپرسن چۆن دەکرێ شتی وا روویدابێ؟!".

هاڤین کتێبەکەی خۆی کۆتایی ساڵی رابردوو چاپ و بڵاوکردەوە. ئەو نزیکەی دوو ساڵ کاری لە نووسینی کتێبەکە کردبوو. بەر لەو کاتە هەر لە ساڵی 1999ەوە هاڤین ببووە ئەندامێکی هەڵسووڕاوی پارتی چەپی سەوزی هۆڵەندی کە یەکێک لە چالاکترین پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنە لەو وڵاتەدا. ئەو سەرەتا دەبێتە ئەندامی فراکسیۆنی گەنجانی پەرلەمانی پارتەکە و دواتریش دەگاتە پلەی ئەندامی دەستەی سەرکردایەتیی پارتەکە، بەڵام پاش کارکردن لەسەر بیرۆکەی کتێبەکەی، هاڤین بڕیاردەدات ئەدەب و نووسین هەڵبژێرێ و لە سیاسەت دووربکەوێتەوە" چەپی سەوز دەیانگوت لەناو حیزبدا بمێنەوە و کتێبی خۆشت بنووسە، بەڵام من ئەوەم پێنەدەکرا. ئێستا لە نێوان سیاسەت و ئەدەبدا ئەوەی دووەمیانم هەڵبژاردووە و ناشزانم لە ئایندەدا دەگەڕێمەوە ناو کاری سیاسی یان نا".

### (رووداو) شتێکی دیکەیە

هاڤین لە کتێبەکەیدا داستانی ژیانی خۆی وەک کوڕە شوانێک کە لە گوندێکی نزیک ئامەد ژیاوە و تا تەمەنی هەژدە ساڵیش نەیتوانیوە بە جوانی بخوێنێتەوە و بنووسێ دەگێڕێتەوە. ئەو باسی کێشە جڤاکییەکان دەکات. باسی شێوە ژیانێک کە بۆ ئەوروپییان زیاتر لە سەدەیەکە بووەتە بەشێک لە مێژوو. بۆیەش مێدیاکانی هۆڵەندا و بەلجیکا بایەخێکی زۆریان بە کتێبەکەیدا. لە هۆڵەندا زۆربەی هەرە زۆری ئەو رۆژنامانەی کە لە سەر ئاستی هەموو وڵاتدا بڵاودەکرێنەوە نووسینیان دەربارەی " ئەو کوردەی ئازارەکانی گەلەکەی کردووەتە کتێب" بڵاوکردەوە .رادیۆکانیش هەڤپەیڤینیان لەگەڵ سازدا، بەڵام هاڤین ئامادەنەبوو هەڤپەیڤین لەگەڵ تەلەڤزیۆن بکات، لەبەر ئەوەی بۆ پاراستنی گیانی خۆی نەیدەویست وێنەی بڵاوببێتەوە.

ڕێبەر هاڤین، مافی بڵاوکردنەوەی یەکەم وێنەی خۆی دەداتە هەفتەنامەی (رووداو) و دەڵێ" من تا ئێستا نەمهێشتووە هیچ مێدیایەک وێنەم بگرێ، ئەو رۆژانە تەلەڤزیۆنێکی هۆڵەندی دێنە لام تا دەربارەی تۆڵەی شەرەف هەڤپەیڤینم لەگەڵ بکەن، بەڵام من لە ئێستاوە دەمەوێت یەکەم وێنەم کە لە مێدیادا بڵاودەبێتەوە بۆ (رووداو) بێت، چونکە (رووداو) شتێکی دیکەیە".

### ئەفسەرە تورکەکە

زۆر کورد،باسی خیانەتی خانەخوێی سەربازانی تورکیان لەلایە، ڕێبەر هاڤینیش لەبارەی ئەو ئەفسەرە تورکەوە کە لە کتێبەکەیدا باسیکردووە دەڵێ"لە کتێبەکەمدا چیرۆکی ئەو ئەفسەرە تورکەم نووسیوەتەوە کە هاتبووە گوندەکەمان چونکە پێیوابوو "تیرۆریست" مان شاردوونەتەوە!، کاتێک مامم بانگهێشتی ماڵی خۆیکرد تا چایەک بخواتەوە، ئەفسەرەکە گوێی لێبوو کە ئێمە لە ناوخۆماندا بە کوردی قسە دەکەین، لەبەر ئەوە زۆر تووڕەبوو و پێیگوتین: ئەو زمانە پیسە چییە قسەی پێدەکەن، جارێکیتر شتی وانەکەن و دواتریش زللەیەکەی بە هێزی لە بناگوێی مندا".بە گوتەی هاڤین ئەو رەفتارەی ئەفسەرە تورکەکە وایکرد کە ئەو بیربکاتەوە و بپرسێ چۆن دەکرێ مرۆڤ لە ماڵی خۆیدا ڕێی پێنەدرێت بە زمانی خۆی قسە بکات؟

" زۆربەی خوێنەرە هۆڵەندی و بەلجیکییەکانی کتێبەکەم ئەو چیرۆکەم پێدەڵێنەوە و دەڵێن: چۆن دەکرێ شتی وا روویدابێ؟".

### گەریلا و کێشەی نامووس

هاڤین لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا رووەدەکاتە چیا و دەبێتە گەریلای پارتی کرێکارانی کوردستان. ئەو باوەڕی بە یەکسانی و ئازادی گەلەکەی دەبێت، بەڵام لەوێ ناگونجێت، بۆیەش لە ساڵی 1992 دا رووەدەکاتە هۆڵەندا. ئەو شوانە گەنجە کوردە دوای ساڵانێکی زۆر لە خوێندن و فێربوونی زمان لە ساڵی 2001 دا، پاش ئەوەی بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆ تەواودەکات وەک شیرەتکاری کۆمەڵایەتی دەستبەکاردەبێ. ئەو کەسانەی کە هاڤین هاوکارییان دەکات زۆرتر ئەوانەن کە کێشەی نامووس (شەرەف) یان هەیە ولەوبارەوە دەڵێ " خەڵکی جیاجیا دێنە لام: کورد، تورک، ئەفغانی،





## پیاوی کورد دەبێ بە توندی سزا بدرێ


سوودانی وهەندێجار مەغریبی. مەغریبییەکان کەمتر باوەڕیان بە کوشتن هەیە، ئەوان زۆرتر ئازاری جەستەیی ژنان دەدەن".

### سزای قورسیان بدەن

ئەرکی هاڤین ئەوەیە کە شیرەت و ئامۆژگاری بداتە ئەو ژن و پیاوانەی کە رووی تێدەکەن، یەکەمجار هەوڵدەدات ببێتە جێی باوەڕیان، بۆ ئەوەی کێشەکەیان بە روونی بۆ باس بکەن، دواتر لەگەڵ خاوەن کێشەکە پێکەوە پرۆگرامێکی شەش مانگی دادەڕێژن و هەوڵدەدەن کێشەکە پێکەوە چارەسەر بکەین. هاڤین دەڵێت " زۆربەی ئەو کوردانەی دێنە لام پێمدەڵێن تۆش کوردیت و لێمان تێدەگەیت کە مەسەلەی نامووس بۆ ئێمە چەند گرنگە. من ئەو کوردانە لەوە ئاگادار دەکەمەوە کە لە هۆڵەندا چ سزایەک چاوەڕێیان دەکات ئەگەر ژن لەسەر نامووس بکوژن و ڕێگەچارەشیان بۆ دادەنێم". بەڵام بە بڕوای هاڤین ئەو چارەسەرەی ئەو بۆ کوردێکی دانیشتووی هۆڵەندای دادەنێ، زەحمەتە بتوانێ کاریگەر بێ بۆ کوردێکی ناوەوەی کوردستان " چونکە لە کوردستان ئەگەر مرۆڤ نەشیەوێت تاوانەکە بکات، دەوروبەر ناچارتدەکەن کە بیکەیت".

ئەو شیرەتکارە کۆمەڵایەتییەی هۆڵەندا، شیرەتێکی لەوبارەوە بۆ حکومەتی کوردستانیش هەیە و پێیوایە ئەرکی حکومەتی کوردستانە کە کار لەسەر گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەی پیاوانی کورد سەبارەت بە ژنان بکات " تەماشکردنی ژن وەک لەیستۆک و کەرەستەی ناوماڵ، وا دەکات کە هێندە کە پیاوانی کورد زۆر بە ئاسانی دەستیان بە خوێنی ژنان سوور بێت" . ئەو پێشنیازی ئەوەش دەکات کە سزای یەکجار گران بەسەر ئەو پیاوانەدا بسەپێندرێ کە ژن دەکوژن " لە هەموو دنیادا ئەوەی یاسا دەچەسپێنێت جۆری ئەو سزایەیە کە بۆ ئەوانەی پەیڕەویی لێناکەن دانراوە، پێویستە لە کوردستانیش هەر یاسا نەبن، با سزای توندیش بۆ سەپاندنی ئەو یاسایانە هەبن".

ئەو نووسەرە گەنجە کوردە هۆڵەندینووسە کە کتێبی یەکەمی پێشوازییەکی زۆری لێکرا لە بازاڕ، بە تەمایە لە ساڵی نوێدا دوو کتێب بڵاوبکاتەوە کە ئێستا ئامادەی چاپن. یەکێکیان بەشی دووەمی کتێبی (گوندی حەوت برایان)ە و ئەوەی دیکەشیان کتێبێکی شیکاریی کۆمەڵناسییە دەربارەی مەسەلەی نامووسپارێزی.



چەند پەناخوازێکی کورد لەبەردەم نووسینگەی UN HCR لە جاکارتای پایتەختی ئەندەنووسیا (فۆتۆ: AFP)

لەناو قوڕو لیتەی ئەندەنووسیا

# کورد خەون بە ئۆستر الیاوە دەبینن

**رووداو-هاوار عەبدولڕەزاق**

مانگی رابردوو نێزیکەی 40 کۆچبەری کوردی رۆژهەڵات و باشووری کوردستان،ئەوەندەیان نەمابوو لە دەریایەکی نێوان ئەندەنووسیاو ئۆسترالیادا بخنکێن،دوای ئەوەی بەقاچاخ کەوتبوونە ڕێ بەرەو ئوسترالیا،بەڵام لەنێوەڕاستی دەریاکەدا بەلەمە بچووکەکەیان، مەکینەکەی لە کار کەوت.

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی (The Australian )، پاش ئەوەی ئەو کۆچبەرە کوردانە نان و ئاویشیان پێ نامێنێ، ناچار بوون بگەڕێنەوە دوورگەی سامبوای ئەندەنووسیا و لەوێ لەلایەن پۆلیسی ئەو وڵاتەوە دەستبەسەرکراون.

یەکێک لەو کۆچبەرە کوردانە،کە ناوی شەهاب مەلەکشایە و تەمەنی 43 ساڵە، لەگەڵ بوشرا حەسەنی هاوسەری و چوار منداڵەکەی، لە ئۆردوگایەکی ئاوارەکان لە دوورگەری سولاواسی نیشتەجێکراون . شەهاب دەڵێ ئەو ئۆردوگایە زۆر دوورە لە شار و ڕێگاکەشی قیرتاو نییە، بەڵکو هەمووی قوڕولیتاوە.

شەهاب ئەوەشی راگەیاند کە ئەو هەوڵەیان بۆ گەیشتنیان بۆ ئوسترالیا نێزیکەی 23 هەزار دۆلاری تێچووە،کە زۆرترە لەو بڕە پارەیەی لە کوردستانەوە بۆ هاتووەو پێی گەیشتوونەتە ئەندەنووسیا.

هەندێک لەو کوردانەی کە بۆ گەیشتنە ئوسترالیا، لە ئۆردووگاکانی ئەندەنووسیا لە چاوەڕوانیدابوون، دوای رووخانی رژێمی سەدام گەڕانەوە کوردستان، بەڵام ژمارەیەکیشان هەر ماونەتەوە بە هیوای گەیشتنە ئەوێ.

شەهاب لە درێژەی قسەکانیدا، ئەوەشی ئاشکراکرد کە زۆربەی دانیشتووانی ئەو ئۆردوگایە خەڵکی رۆژهەڵات و باشووری کوردستانن، کەهەندێکیان ئەوانەن کە کاتی خۆی دوای رووخاندنی رژێمی سەدام گەڕابوونەوە نێو کەسوکاری خۆیان لە باشووری کوردستان. شەهاب بۆ سەلماندنی ئەوەی کە لەوەو پێش لە ئوسترالیا ژیاوە، مۆڵەتی شۆفێری ئوسترالی خۆی دەرهێنا .

زۆر لەو کوردانەی لەو ئۆردوگایە دەژین،ماوەی چەند ساڵێکە لە لیستی چاوەڕوانی نەتەوەیەکگرتووەکان ناوی خۆیان نووسیووە، بەڵام بەهۆی نیگەرانیان بەرامبەر کاربەدەستانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەندەنووسیا، بەوەی هەتا ئێستا هیچ کارێکیان بۆ ئەنجامنەداون، بەناچاری بڕیاریاندابوو پارە بدەنە چەند قاچاخچییەکی نەناسراو وئەو ڕێگە پڕ مەترسییە هەڵبژێرن.

شەهاب لە کۆتاییدا دەڵێ ئاوارەکانی ئەو ئۆردوگایە، داهاتوویان نادیارە و نیگەرانن دووچاری چیدەین و ناڕەزایشیان بەرامبەر هەڵسوکەوتی‌کاربەدەستانی‌ئەندنەنووسیایش دەربڕی کە خواردن و خواردنەوەیان زۆر کەمە و هەڵسوکەوتیشان توندە لەگەڵیان.

لەمبارەیەوە مەلەک شاە گوتی" تەنانەت کە نەخۆشیش دەکەوین، پزیشک لێرە نییە، ئێمە بۆ ئوسترالیا زۆر سوودمەند دەبین و هەموو خزموکەسوکارەکانمان لە ئوسترالیان، مافی خۆمانە لە بارودۆخێکی باشتر لەوەی ئێستا بژین".

رادەی خەوتنی کوردانی سوێد باش نییە

# تەندروستی کوردانی دانیشتووی سوێد لە سوێدییەکان خراپترە

**کاوە ئەمین**

**رووداو-سوێد**

رۆژی 2008/12/1 کتێبی تێزی دوکتۆرای مارینا تالۆیان بڵاوکرایەوە، کە تێیدا لێکۆڵینەوەیەکی وردی لەسەر ژیانی کوردانی دانیشتووی سوێد کردووە، بەپێی ئەو لێکۆلینەوە ئەکادیمییە "باری تەندروستی و دەروونی کوردانی نیشتەجێی سوێد دوو بەرامبەر لە سوێدییەکان خراپترە".

مارینا تالۆیان، ژنێکی کوردیی خەڵکی گورجستانە و لە ساڵی 1991 وە لە وڵاتی سوێد دەژی. ئەو لە سوێد و پێشتریش لە گورجستان لێکۆڵینەوەی لەسەر کورد کردووە و ماستەرنامەکەی لەبواری ئێتنۆلۆگییە، کە دەربارەی خێزانی کوردە لە سوێد. دوکتۆرانامەکشی نامەی بە ناوی،Health migration and quality of life among – kurdish immigrants in Sweden تەندروستی، کۆچ و چۆنیەتی ژیان لە نێو کورداندا) بڵاوکرایەوە.

مارینا تالۆیان، گفتوگۆی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کورد و سوێدی کردووە و بەراوردی باری تەندروستی کورد و سوێدییەکانی کردووە. توێژینەوەی لەسەر پێوەندی نێوان ئێتنیستێت و تەندروستی کوردان کراوە کە تێیدا دەرکەوتووە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو کوردانە پێش هاتنیان بۆ سوێد و هەروەها ژیانیان لە سوێد کاریگەری هەیە لەسەر باری تەندروستیان. لە وەڵامی ئەو کەسانەی کە بەشداریان لە لێکۆڵینەوەکەدا کردووە، دەردەکەوێت کە "کورد بە بەراورد لەگەڵ سوێدییەکاندا رادەی خەوتنیان خراپە".

لێکۆڵینەوەکە دەریخستووە کە بیرکردنەوە لە پاشەڕۆژ و کێشەکان و ئەو زەبرو زەنگەی کە دەوڵەتانی دەسەڵاتدار بەسەر کوردستاندا دژی کورد بەکاریدەهێنن و ئەو کێشانەی لە سوێد رووبەڕوویان دەبێتەوە، وایکردووە کە باری دەروونی کوردانی نیشتەجێی سوێد لە سوێدییەکان خراپتر بێت.

هەروەها بەپێی هەمان ئەو لێکۆلینەوەیە، ژنانی کورد زیاتر لەپیاوانی کورد باری تەندروستی و دەروونیان خراپترە.

دوکتۆرانامەکەی مارینا تالۆیان پێشکێشی (ئینستیتوتی کارۆلینسکا)ی شاری ستۆکهۆڵم کراوە و، ئێستا چاپ و بڵاوکراوەتەوە و، دەتوانرێت لە ماڵپەری کارۆلینسکا دابەزێندرێت.

مارینا تالۆیان، لە وەڵامی چەند پرسیارێکی (رووداو) دا زیاتر ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەی روونەکاتەوە:

**رووداو: بناخەی لێکۆڵینەوەکەی تۆ لەو راپۆرتەوە وەرگیراوە کە لە ساڵی 1996 دا لەلایەن نووسینگەی ئاماری نێوەندی سوێد بڵاوکراوەتەوە. بۆچی ویستت بەراوردی نێوان چۆنییەتی تەندروستی کوردانی دانیشتووی سوێد و سوێدییەکان بکەی و، هۆی چییە تەنها لەسەر کوردانی باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستانە؟**

**تالۆیان:** راستە دوکتۆراکەم لە سەر بنگەی ئەو راپۆرتە دارشتووە،چونکە تا ئێستا تاکە لێکۆڵینەوەیە لەسەر پەنابەرانی خەڵکی تورکیا، ئێران، چیلی و پۆلۆنیا، کراوە. لە نێو ئەوانەدا کە وەڵامی پرسیارەکانیان دابووەوە ژمارەیەک کوردی تورکیا و ئێران هەیە، کە خۆیان نووسیوویانە کوردن.

**رووداو: ئەو هۆکارانە چین کە وایانکردووە تەندروستی کوردان لە هی سوێدییەکان، خراپتر بێت؟**

**تالۆیان:** هەندێک فاکتەر هەن کە پێش هاتنی ئەو کوردانە بۆ سوێد و دوای نیشتەجیبوونیشیان لەسوێد وایانکردووە کە تەندروستی کوردان خراپتر بێت. دەکرێت وەکو نموونە دڵەڕاوکێی کوردان لە پێوندی لەگەڵ رەوشی سیاسی وڵاتەکەیان، دڵەڕاوکێیان بەهۆی باری ئابوورییان لە سوێد و پاشەڕۆژی منداڵەکانیان، پەشێوی و نیگەرانی و زۆر هۆکاری دیکە دەستنیشان بکەین.

**رووداو: ئەنجامی لێکۆلینەوەکەت دەریدەخات کە تەندروستی کوردانی سوێد هەم لە باری**



مارینا تالۆیان

**دەروونی و جەستەییەوە خراپە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەوان زیاتر باری رۆحی و دەروونیان خراپە یان باری جەستەییان؟**

**تالۆیان:** ناکرێت بە وشەیەک وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، زۆر هۆکار هەن کە یەکتری تەواو دەکەن و کاریگەری دەروونی و جەستەییان لەسەر کوردانی سوێد هەیە. بێگومان بە کارهێنانی هێز بەرامبەریان پێش ئەوەی بێن بۆ سوێد و هەروەها هەستکردن بە هەڵاواردن لە سوێد رۆڵی خۆی هەیە.

**رووداو:دەڵێی باری ژنانی کورد لە پیاوانی کورد خراپتریشە، ئایا جیاوازییەکە زۆرە و هۆی چییە؟**

**تالۆیان:** ژنان زیاتر هەست بە پەژارە و پشێوی دەکەن و ئازاری ماسوولکەکانی لەشیان زیاترە.

**رووداو:ئایا تەندروستی خراپی کوردان، کاریگەری لەسەر ژیانی ئەوان بە تایبەتی لەرووی خۆگونجاندن لە نێو کۆمەڵگەی سوێدیدا هەیە؟**

**تالۆیان:** تەندروستی خراپ، کاریگەری خراپ لەسەر هەموو ژیان دادەنێت. من راستەوخۆ کارم لەسەر ئەوە نەکردووە کە چ کاریگەرییەک لەسەر گونجاندن دادەنێت، بەڵام ئەوانەی زیاتر لە ژیان و کاری خۆیان رازین، باشتر دەتوانن لە نێو ئەو کۆمەڵگە نوێیەدا بگونجێن.

**رووداو: پێتوایە لێکۆلینەوەکەی تۆ ببێتە هۆی ئەوەی کە داو دەستگا سوێدییەکان خزمەتێکی باشتر و تەندروستی زیاتر بۆ پەنابەران دەستەبەر بکەن بە تایبەتی لە ڕووی دەروونییەوە بۆ کەمکردنەوەی نەخۆشییە دەرونییەکانیان؟**

**تالۆیان:** ئەوەی من پێشنیازی دەکەم ئەوەیە کە لە نەخۆشخانەکاندا وەکو تاک چاو لە نەخۆشی کەسەکان بکەن نەک وەکو گرووپ. هەموو مرۆڤێک مێژوویەکی تایبەت بە خۆی هەیە کە کاریگەری لەسەر تەندروستی ئەو کەسە هەیە.

**رووداو: ژمارەیەکی زۆر مێردمنداڵی کورد داوای پەنابەرێتیان لە سوێد کردووەو لە ڕەوشێکی یەنجار ناڵەباردا دەژین، ئایا ئەوە کاریگەری لەسەر ژیانی داهاتوویان دادەنێت کە گەورەبوون؟**


**تالۆیان:** رەنگە ماوەیەکی زۆربخایێنێت، بەڵام وەک پەندێکی سوێدی دەڵێ، بە تێپەڕبوونی کات هەموو برینەکان ساڕێژ دەبن، هەروەها پێوەندی بە رەوشی ژیانی داهاتوویانەوە هەیە لەو وڵاتە نوێیە.

**رووداو: دەکرێ ئەو لێکۆڵینەوەیەت لەسەر کوردی پارچەکانی دیکە و ئەوانەی لە وڵاتانی دیکە دەژین، جێبەجێبکرێت و راست بێ؟**

**تالۆیان:** ئەولێکۆلێنەوەی من تەنها دەربارەی ئەو کوردانەیە کە لە تورکیا و ئێرانەوە هاتوون، من ناتوانم بڵێم ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە پێوەندی بە کوردی وڵاتانی دیکەوە هەمان ئەنجامی دەبێت. پێویستە لێکۆڵینەوەی زیاتر لەو بوارەدا بکرێت.

## کاروباری ژنان

### ئەڤ ساڵ 16 ئافرەتا ل ئامێدیێ خۆ سۆت



عەدوڵلا نهێلی-ئامێدی

◆ دکتۆر نەوزاد محەممەد تاهیر ڕێڤەبەرێ نەخۆشخانا ئامێدیێ د داخویانییەکێدا بۆ (ڕووداو) ڕاگەهاند " ڕێژا خۆ سۆتنا ئافرەتا ل دەڤەرا ئامێدیێ ئەڤ ساڵە د زێدەبوونێدایە و ساڵا بووری 11 ئافرەت بوو" و، دیارکر کو "ل 2008/1/1 تا نووکە 16 ئافرەتان کو تەمەنێ وان د نێڤبەرا 12 تا 50 سالییدایە خۆسۆتییە و، پرانیا وان ل نەخۆشخانێ گیانێ خوە ژ دەستدایە".

# شیلان خۆی خنکاند یان خنکێنرا

## بنەماڵەکەی دەڵێن خنکێندراوە و کەسوکاری مێردەکەشی دەڵێن خۆی خنکاندووە



سۆران بەهائەددین
Soran2025@yahoo.com

**ڕووداو-هەولێر**

لەیەکەم ڕۆژی پرسەی شوو براکەی، شیلان بەپەلە خۆی دەگەیێنێتە پرسەکە، بەڵام لەبەر ئەوەی منداڵێکی نەبردبوو، ئۆقرەی نەگرت سێ ڕۆژ لەپرسەکە بمێنێتەوە، بنەماڵەی شیلان دەڵێن لەلایەن ماڵی مێردەکەی خنکێندراوە، چونکە لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوونە شیلان ڕۆژی دووەم ببەنەوە پرسەی براژنەکەی وبەشەڕ هاتوون.

ڕۆژی 2008/11/30 لەگەڕەکی کوردستانی شاری هەولێر، ژنێک بەناوی شیلان ڕەحمان عوسمان، کە 14ساڵە مێردی کردووەو، دایکی 6منداڵە، بەدەسماڵەکەی سەری خنکا، هەرچەندە بنەماڵەی ژنەکە دەڵێن خنکاندوویانە، بەڵام برای مێردی ژنەکە ئەو قسانەی ڕەتکردەوەو گوتی "بەخۆی خۆی خنکاندووە"، تا ئێستاش پۆلیس ئاشکرای نەکردووە، خۆی خنکاندووە، یان خنکێنراوە، بەڵام مێردو خەسووی شیلانیی بۆ لێکۆڵینەوە دەستگیرکردووە.

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان لەهەولێر، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە مێردی ژنەکەو خوشکی مێردەکەیی وخەسووی گیراوە "بەڵام هێشتا ڕوون نەبووەتەوە خۆی خنکاندووە یان خنکێراوە".

سامان عەبدوڵڵا، کە برازای شیلانە، سەرەتای کێشەکەی لە ڕوانگەی خۆیەوە بۆ (ڕووداو) باسکرد وگوتی ماوەی 14ساڵە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە، قسە و هاتووچۆیان لەگەڵ ئەو زاوایەیان نەبووە، تەنیا شیلان هاتووچۆی دەکردن، بەڵام دوو ڕۆژ بەر لەمەرگی شیلان، ژنی برای شیلان کارەبا دەیگرێت و دەمرێت، شیلان و مێردەکەی دەچنە پرسەکە، بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەکیان بۆ دروست ببێت.

سامان گوتی، ئەو ڕۆژەی لەپرسەکە دەبن، مێردەکەی بە شیلان دەڵێت دەیبەمەوە دواتر لەگەڵ خۆمان دەیهێنینەوە، بەڵام ڕۆژی دووەم نایهێنێتەوە"شیلان چەند داوای لێکردبوون بیهێننەوە پرسەکە، بەڵام ڕێگەیان پێ نەدابوو، بۆیە کێشە لەنێوان شیلان و مێردەکەی پەیدا دەبێت، دراوسێیەکانیان بۆیان گێڕاینەوە، کە زۆریان لێدابوو لەسەر ئەو دەمەقاڵێیە، ئەودراوسێیەیان باسیدەکرد، دوای نیوەڕۆ دەنگیان نەما، خنکاندیان، ئینجا هاواریان کردبوو خنکا خنکا ".

سالم، برای مێردی شیلان، دوای 12ڕۆژ لەمەرگی شیلان، هێشتا خەریکی بەڕێکردنی ئەو کەسانەبوو کە دەهاتنە پرسەکەی.ئەو ئەو قسانەی برای شیلانی ڕەتکردەوەو گوتی هەرگیز کێشەیان نەبووە، لە ماوەی 14ساڵ شیلان یەکجار زیز بووە، ئەویش برای شیلان بردوویەتییەوە، سالم ئێستاش سەرسامە بەو ڕووداووەو دەڵێت "هیچ تێناگەم ئەو شتە بۆ ڕوویدا".

سالم ئەوەی ڕەتکردەوە کە نێوانیان لەگەڵ بنەماڵەی شیلان نەبووبێت "باوک و براکانی شیلان بەردەوام هاتوونەتە ماڵمان، دوو هەفتە بەر لەمردنی،برای من خۆی بردیەوە ماڵی باوکی".

سالم ئاماژەی بەوەدا کە ئەو ڕۆژەی ژنی برای شیلان دەمرێت، خۆی بەشیلان دەڵێت براژنت مردووە بڕۆنە پرسەکەی، هەر ئەو بەیانییە زوو دەچنە ناحیەی کەورگۆسک (42کیلۆمەتر لە هەولێر دوورە) بۆ پرسەکە، هەتا ئێوارە لە پرسەکە دەبن، سالم دەڵێت براکەی بە شیلانی گوتووە تا پرسەکە تەواو دەبێت مەیەوە "بەڵام شیلان سێ جار تەلەفۆنی بۆ ستار کردبوو کە لەگەڵ خۆی بیباتەوە بۆ هەولێر، چونکە یەکێک لەمنداڵە بچووکەکانی نەبردبوو، دەیویست لەگەڵی بێت".

بەڵام سالم دان بەوە دادەنێت کە شیلانیان بۆ ڕۆژی دووەم نەبردووەتە پرسەکە، بەڵام پێیوانییە هیچ کێشەیەکیان هەبووبێت، شیلانیش پێی نەوتووە دەچمەوە بۆ پرسەکە، سالم نەبردنی بۆ پرسەکەش بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە خۆی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی چووەتە کاری کشتوکاڵی و مێردی شیلانیش کە شۆفێری تانکەری بەنزینە شەریکەکەی تەلەفۆنی بۆ دەکات کە دەبێت بچێتە دهۆک بەنزین بێنێت"شاهێد هەیە، هیچمان لەماڵ نەبووینە، تەنیا دایک و باوکم لەماڵ بوون لەگەڵ شیلان، باوکیشم لەبەر پیری و نەخۆشی لەپەل وپۆ کەوتووە".



شیلان ڕەحمان

سامان، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە شیلانی پووری خنکێنراوە باسی لەوە کرد کە تەلەفۆنی بۆ مێردی شیلان کردووە "وای زانی کوڕە خوشکەکەیم، گوتی وەرە شیلانمان خنکاند، دوایی زانی ئەو نیم، گوتی خۆی خنکاندووەو تەلەفۆنەکەی داخست، ڕاپۆرتی دکتۆرمان لەلایە کە بەچەفیە خنکێنراوە، چەفیەکەش دوو کونی تێدایە دیارە زۆری هەوڵیداوە نەخنکێنرێت، چەفیەکە لەملی خۆی بکاتەوە".

شیلان لەقاتی سەرەوەی خانووەکەیان دەژیا، دوای نیوەڕۆ کە هەموو منداڵەکان دەچنە قوتابخانە، سالم دەڵێ تەنیا دایکی لەماڵ دەمینێت، ئەوکاتەی شیلان دەنگی نامینێت، دایکی هەر بانگی دەکات وەڵامی ناداتەوە "دایکم هێدی هێدی بەسەر بان کەوتبوو چونکە ناتوانێت بەسەر بان بکەوێت، شیلان دەرگای حەمامەکەی پێوە دابوو ئینجا خۆی خنکاندبوو، دایکم پاڵی بەدەرگاکەوە ناوەو کردوویەتییەوە".

ئامینە عەزیز، 15ساڵ، دراوسێی ماڵی شیلانە، لەگەڵ هاواری ژناندا بەپەلە خۆی گەیاندووەتە سەر تەرمی شیلان، ئامینە باسی لەوە دەکرد، ئەو کاتەی ئەو گەیشتە ئەوێ هێشتا تەرمی شیلان لەسەر زەوی کەوتبوو "چەفیەکەی لە مل بوو، گیانی لەدەستدابوو، بەڵام هێشتا چاوی زەق بوو، دەستم لەلاشەی دا گەرمبوو".

بەگوێرەی قسەکانی ئامینە، شیلان ژنێکی زۆر بێدەنگ و باشبوو لەکۆڵاندا، ئامینە ئەو قسەی ڕەتکردەوە کە شیلان خنکێنرابێت، چونکە دراوسێکەی دیکەیان بە چاوی خۆی بینیویەتی، ئەو ژوورەی شیلان خۆی تێدا خنکاندبوو دەرگاکەی داخراو بووە "دایکی ستار دەرگاکەی کردبووەوە، شیلانیش لە پشت دەرگا بووە، ڕەنگە لەگەڵ دەرگە کردنەوەکە لاشەی بەربووبێتەوە سەر زەوی، چونکە چەفیەکە زۆر باریک بوو پساوە، کێشەیان نەبوو تەنیا شەیتان فریوی داوە".

لەو کاتەدا کوڕێکی تەمەن چوار ساڵی شیلان هات و داوای پارەی لەسالم کرد، ئەویش 250دیناری پێدا، سالم زۆر تووڕەبوو لەو قسەیەی کە دەڵێن سەتار شیلانی خنکاندووە، سالم پەیمانی دا ئەگەر ئەو قسەیە ڕاستبووایە هەر خۆی براکەی دەکوشت "ئەگەر براکەم خنکاندبێتی، بەڵێن بێت خۆم بیکوژم، بەڵام برام لەدهۆک بووە، بازرگانی بەنزینە، بازرگانە دهۆکییەکە دەست لە قورئان دەدات کە براکەم لەدهۆک بووە".

دوای ئەوەی سامان لەگەڵ دووکەسی دیکە بەپەلە خۆی دەگەیێنێتە نەخۆشخانە بۆبینینی تەرمی شیلان، چەندین کەس لە بنەماڵەی مێردەکەی لەوێ دەبن، سامان ئاماژەی بەوەدا دەیانویست لێیانبدەن "لە نەخۆشخانە چاویان لێ سوور دەکردینەوە، دەیانویست لێمان بدەن، 50کەس دەبوون، لەناو نەخۆشخانە، دەمانچەیان پێ بوو".

دوای ئەوەی تەرمی شیلان دەدرێتەوە بنەماڵەکەی، سامان دەڵێت تەرمەکەی زۆر ناڕێکببوو "دیار بوو پرچی ڕاکێشرابوو تەرمەکەی شێوێنرابوو".

لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ئەو قسانەی کە دەڵێن هەڕەشەیان لێکردوون لەنەخۆشخانە، سالم لەبارەی هەبوونی کێشە لەگەڵ ئەوان گوتی "سوێند دەخۆم هیچ کێشەمان لەنێواندا نەبووە، ئەگەر کێشەمان هەبووایە بۆ دەچووینە پرسەکەیان؟".

هەرچەندە سالم نازانێت شیلان بۆچی خۆی خنکاندووە، بەڵام گومانی لەو ڕۆژەیە کە چوونەتە پرسەی ژنی فارس ئەحمەد کە ئەو پیاوە برای شیلان بووەو نێوانی لەگەڵ براکەی و ئەو تەواو نەبووە چونکەی پێشتر خوشکیانی تەڵاقدابوو "گومانم لەفارس هەیە لەپرسەکە قسەی بەشیلان گوتبێت".

# کەمتەرخەمی پۆلیسی بەریتانیا بەنازی بەکوشتندا

## بەناز محەمەد مەحموود بابەکرئاغا لەلایەن باوک و مامییەوە کوژراو تەرمەکەی لە جانتایەکدا لە خانوویەکی شاری بێرمەنگهام شاردرایەوە

**ڕووداو-هاوار عەبدولڕەزاق**

کاتێک بەناز مەحمـوودی خوێناوی و لێقەوماو لە مانگی دوازدەی 2005، ئەنجێلا کۆرنس-ی ئەفسەری پۆلیسی، ئاگادار کردەوە کە باوکی ویستوویەتی بیکوژێت، ئەو ئەفسەرە بەنازی لە ئۆفیسەکەی خۆی دەرکردووە و پێی گوتووە کە "تۆ سەرخۆشیت" و پاشانیش ویستوویەتی تۆمەتباری بکات بەوەی زەرەری لە کەلوپەلی گشتیی داوە، بەوەی لەکاتی هەڵهاتنەکەی پەنجەرەیەکی شکاندووە.

پاش سێ هەفتە، بەنازی تەمەن 20 ساڵ، لە ماڵەکەی خۆی لە باشووری شاری لەندەن خنکێندرا و لەدواییشدا لاشەکەی خرابوویە جانتایەکە و لە چیمەنی ماڵێک لە شاری بێرمینهام نێژرابوو کەلە مانگی چواری 2006 لەلایەن پۆلیسەوە دۆزرایەوە.

کۆرنس کە مانگێک لەمەوپێش چاوەڕێی بڕیاری دادگای دەکرد، لەسەر ئەو هەڵسوکەوتە وگوێپێنەدانی بە سکاڵای بەناز کە سەرەنجام بووە هۆی کوشتنی وبەپێی ڕۆژنامەی تایمز ئێستا ئەو ئەفسەرە، پلەکەی بەرزیش بووەتەوە، لەجیاتی ئەوەی دووربخرێتەوە.

بەنازمحەمەد مەحموود بابەکرئاغا خەڵکی باشووری کوردستانەولە جەنیوەری 2006 لەلایەن باوکی وئاری مامی لەسەرپێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکدا بەناوی ڕەحمەت سولەیمانی، بەئەشکەنجەدان کوژراو، ئێستا باوک ومامی لە زیندانی ئۆڵد بایلی لە نێزیک شاری لەندەن بە 20 ساڵ و23 ساڵ زیندانی حوکمدراون.

دوای کۆتایی پێهاتنی دادگایی کردنی باوک ومامی بەناز، پۆلیسی ئەووڵاتە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کەموکورتی ئەو ئەفسەرە دەست پێکرد و لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاشکرا بووە کە بەناز لەنێوان مانگی دیسەمبەری 2005 بۆ مانگی جانیوەری 2006، چوار جار پۆلیسی لە مەسەلەکەی خۆی ئاگادار کردووەتەوە، بەوەی کە خانەوادەکەیان دەیانەوێت بیکوژن و لیستی ناوی ئەو پیاوانەشی دابوونێ کە ڕەنگە هەوڵ کوشتنی بدەن. هەتا لەدوای مەرگیش بەناز بەڵگەی دیکەی دایە دەستی دادوەران، ئەوەش یەکەم دیداری بەنازبوو لەگەڵ کۆرنس-ی پۆلیس لە نەخۆشخانە، کەبە ڤیدیۆ گیرابوو.

مانگی نیسانی ڕابردوو، پۆلیس ڕایگەیاند دوو ئەفسەری پۆلیس کە یەکێکیان کۆرنس بوو، ئەوی دیکەش بەڕێوەبەری کۆرنس بوو، لەسەر هەڵسوکەوتیان لەو مەسەلەیەدا دادگایی دەکرێن و ئەگەریش بە تۆمەتبار لە قەڵەم بدرانایە، ئەوا لە پۆستەکەیان دووردەخرانەوە.

هەر لە هەمانکاتدا، نیکۆلا ولیەمز سەرپەرشتیاری لیژنەی لێکۆڵینەوەی پۆلیس لەسەر مەسەلەی ئەو دوو پۆلیسە، ڕایگەیاند کە بەناز لە بارودۆخێکی ناهەموارد گیانی لەدەستداوە و پۆلیس ئەو خزمەتگوزارییەی پێشکێش نەکردووە کە بەناز پێویستی پێ بووە و کارێکی گونجاویشە کە ئەو دوو ئەفسەری پۆلیسە دادگایی بکرێن.

بڕیار بوو لە 17ی مانگی ڕابردوو، دادگاییکردنەکە دەست پێ بکات، بەڵام ئەو تۆمەتانەی لەسەر ئەو دوو پۆلیسە بەرز کرابوونەوە، هەمووی ڕەتکردانەوە بەهۆی ئەوەی "بەڵگەی تەواو" لەبەردەستدا نییە، بەڵام بڕیارەکە ئاشکرا نەکرا.

بەپێی ڕاپۆرتێکی تایمز، لەجیاتی ئەوەی کۆرنس دادگایی بکرێت، ناوبراو "نامەیەکی ئامۆژگاری"، کە نزمترین سزایە ئاراستەی ئەفسەری پۆلیس دەکرێت، بۆ کۆرنیس ڕەوانە کراوە و چاوەڕوانیش دەکرێت مووچەکەی زیاد بکرێت و پلەی ئەفسەریشی بەرز بکرێتەوە، ئەو بەرز بوونەوەیەش ڕاگیرابوو هەتا ئاشکرابوونی دەرئەنجامی دادگاییکردنەکە.

لەم بارەیەوە نەسیم مەلیک، کارمەند لە لیژنەی لێکۆڵینەوەی ئەو پۆلیسانە، ڕایگەیاند کە نیگەرانە بەوەی پرۆسەی سزادانی ئەو پۆلیسانە تەواو ناکرێت و ناوبراو هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ڕێگە بە شایەتەعیانێکی گەورە کە پێدەچێت خۆشەویستەکەی بەناز بێت، ڕێگەی پێ نەدراوە بەشداری لەو دادگایی کردنە بکات وقسەی خۆی بکات.



ئەنجێلا کۆرنس

### سەرهەڵدانی کێشەی بەناز:

بەناز کە یەکێکە لە شەش منداڵەکەی محەمەد، لە تەمەنی 10 ساڵی لەگەڵ خانەوادەکەی ڕوودەکاتە بەریتانیا و خێزانەکەی بەناز، خێزانێکی عەشایەرییە.

کاتێک بەناز تەمەنی دەگاتە 17 ساڵیی، ناچار دەکرێت شوو بە پیاوێکی بەتەمەنی کورد کە ئەویش لە بەریتانیایە بکات. بەڵام ژیانی هاوسەرێتی ئەو کەپلە سەرکەوتوو نابێت و دوای دوو ساڵ کۆتایی پێ دێت. لە 2005 بەناز دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی باوکی و لە کۆبوونەوەیەکی خانەوادەکەیدا، بەناز چاوی بە ڕەحمەت سلێمانی دەکەوێت وپێوەندی خۆشەویستی لەنێوانیان دروست دەبێت.

محەمەدی باوکی بەناز داوای لێدەکات واز لەو کوڕە بهێنێت، بەڵام ئەو کەپلە بە نهێنی یەکتری دەبینن، هەتا ڕۆژێکیان ئامۆزایەکی بەناز، بەیەکەوە دەیانبینێت کە ماچی یەکتری دەکەن.

کاتێکیش محەمەد بەمە دەزانێ، ئاری برای ئاگادار دەکاتەوە و بڕیار دەدەن بەناز بکوژن و دایکی بەنازیش لە بڕیاری خێزانەکە ئاگادار دەکرێتەوە، بەڵام ئەو ڕاستەوخۆ بەناز ئاگادار دەکاتەوە و بەنازیش دەچێتە لای پۆلیس.

لە ڕۆژی کوشتنی بەناز. دایک و باوکی بەناز ماڵەکە بەجێ دێڵن و باوکی بەناز ماڵەکە چۆڵ دەکات بۆ بکوژەکان. پاشان بەناز دەست درێژی سێکسی دەکرێتە سەر و دواییش دەخنکێنرێت و یەکێک لە بکوژەکانی بەناز-یش لە دوای دەستگیرکردنی ڕایگەیاند کە مردنی بەناز نێزیکەی دوو کاتژێری خایاندووە و بۆ ماوەی نیو کاژێر ئەو بکوژە بە لەقە لەسەری بەنازی داوە.

### چیرۆکی یەکەم دیداری بەناز لەگەڵ ئەنجێلا کۆرنس-ی پۆلیس:

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانی لە ڕۆژێکی باراناوی و نێزیکی سەری ساڵی تازە، دوو ئەفسەری پۆلیس بۆ کافترایەکی گەڕەکی ویمبلڈۆن لە شاری لەندەن بانگ کران، کە لەو کافتریایە، ئافرەتێک بە لاشولارێکی خوێناوی و پێ پەتی وبە دەنگێکی گریاناوییەوە داوای یارمەتی دەکات.

بەناز مەحمود، بە کۆرنسی ڕاگەیاند کە باوکی ناچاری کردووە بوتڵێک وێسکی بخواتەوە و هەوڵیشی داوە بیکوژێت. ئەو ئێوارەیە محەمەد مەحموودی باوکی بەناز، کچەکەی خۆی بۆ ماڵی نەنکی بردووە و کردوویانەتە ژوورێکەوە و داوایان لێ کردووە مەی بخوات.

بەناز لەوەوپێش هەرگیز مەی نەخواردبووەوە، بەڵام پاشان داوای لێ دەکرێت لەسەر زەوییەکە دابنیشێت. دوای ئەوە باوکی دەگەڕێتەوە و دەستکێشی لەدەستدایە. بەناز لەو کاتەدا دەترسا و سەریشی گێژی دەخوارد. کاتێکیش بەناز ویستی لە ژوورەکە هەڵبێت. باوکە تەمەن 52 ساڵییەکەی داوای لێکرد دابنیشێتەوە.پاشان باوکی جارێکی دیکە ژوورەکە بەجێ دێڵێتەوە، ئەمجارەیان بەناز لە دەرگای پشتەوەی ژوورەکە هەڵدێت و داوای یارمەتی دەکات و دوو پەنجەرەی دراوسێکەیان دەشکێنێت بۆ ئەوەی خەڵک ئاگادار بکاتەوە، بەڵام کەس بە هانایەوە نەهات و ناچار بوو بەسەر دیوارەکەدا بەپێی پەتی و خوێناوییەوە بەرەو ئەو کافتریایە ڕابکات.



بەناز محەممەد مەحموود

ڕەنگە بەناز ئێستا لە ژیاندابمایە ئەگەر کۆرنس هەوڵی ڕزگارکردنی بدایە و هاواری بەنازی بە ڕاست بزانیبا، بەڵام لەجیاتی ئەوە، ئەو ئەفسەر بەئەزموونە کە مەشقی پێ کراوە یارمەتی ئافرەتی قوربانیانی توندوتیژی بدات، ئەو کچە ترساوەی دەستگیر کرد و لەو بڕوایەدا بووە کە بەناز درۆ دەکات و سەرخۆشە و حەزی بەخۆدەرخستن هەیە.

جارڤیندەر سەنگارا، بەڕێوەبەری سەنتەری کارما نێرڤینا، کە هێڵێکی تەلەفۆنی فریاکەوتنیان هەیە بۆ ئەو ئافرەتانەی بوونەتە قوربانی تاوانی کوشتن لەسەر شەرەف، ڕایگەیاند ئەگەر پۆلیسی زیاتر گوێیان بە کێشەکەی بەناز بدایە، بەناز نەدەکوژرا.

مووشتەرییەکانی ئەو کافتریایە، سەریانسوڕما لە هەڵسوکەوتی ئەوئەفسەرە. لەم بارەیەوە نوراری ماری کە لەو کاتەدا لە کافتراکە بووە و بەهانای بەنازەوە چووە، گوتی" ئەو هەوڵی دەدا یەکێک بەجیدی



تەرمی بەناز دوای دۆزینەوەی لەناو جانتایەک

گوێی لێ بگرێت، بەڵام کەس نەبوو. پۆلیسە پیاوەکە هەندێ شتی نووسی، بەڵام ژنەکە زۆر گرینگی بەو بارودۆخە نەدا. چەند پرسیارێکیان لە بەناز کرد، بەڵام ستافی نەخۆشخانەی فریاکەوتن بەنازیان برد و پۆلیس-یش هیچ نەکرد و پێیان وابوو کە بەناز سەرخۆشە و ماددەی بێ هۆشکەری بەکار هێناوە".

هەروەها کۆرنس، ئەو یاسایەشی شکاندبوو کە لەگەڵ بەناز نەچووبوو بۆ نەخۆشخانە، کە لەوێ بەناز ئەوەندە دەترسا پاسەوانێکیان بۆ دانابوو و ناوبراو بە برینپێچێکی گوتبوو" باوکم و مامم بەنیازن بمکوژن".

پاشان ئەنجێلا کۆرنس قسە لەگەڵ باوکی بەناز دەکات و بڕیار دەدەن لە ماڵی نەنکی بەناز یەکتری ببینن. لەوێش کۆرنس یاسایەکی دیکە دەشکێنێ بەوەی بەباوکی بەناز دەڵێت کچەکەت تۆی تۆمەتبار کردووە و تەنیا جەختی ئەو پۆلیسەش لەسەر ئەو مەسەلەیە، شکاندنی پەنجەرەی دراوسێکان بووە.

ڕاپۆرتی تاوانەکەی ئەنجێلا کۆرنس نووسی بوو، هیچ باسێکی هەوڵی کوشتنی بەنازی تێدا نییە و تەنیا باس لە شکاندنی پەنجەرەکانی دراوسێکەیان دەکات.

دوای چەند ڕۆژێک، کۆرنس سەردانی بەنازی کرد کە لە نەخۆشخانە گەڕابووەوە. کۆرنیس دەیویست بەناز ئەو ڕاپۆرتە واژۆ بکات کە ئەو پەنجەرەکانی شکاندووە. لە کاتی دادگایی کردنەکە، کۆرنس دانی بەوەدا نا کە بڕوای بە بەناز نەکردووە وهەرپێیوابووە سەرخۆش بووە و حەزی کردووە خۆی دەربخات.



باوک و مامی بەناز

### ڕێگای بەناز بەرەو مەرگ:

2005/12/4: بەناز پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە بەوەی ئاری مامی دەیەوێت بیکوژێت.
12/5: پۆلیس سەردانی ماڵی بەناز دەکەن، بەڵام ئەو ئاگاداریان دەکاتەوە کە نایەوێت درێژە بە تۆمەتبارییەکە بدات.
12/12: بەناز لیستی ئەو ناوانە دەداتە پۆلیس کە ڕەنگە هەوڵی کوشتنی بدەن.
12/ 31: باوکی هەوڵدەدات بیکوژێت، بەڵام بەناز هەڵدێت، هەمان ڕۆژ چاوی بە ئەفسەری پۆلیس ئەنجێلا کۆرنس دەکەوێت، بەڵام لە ڕاپۆرتی تاوانی کۆرنس هیچ ئاماژەیەک بە هەوڵ کوشتنی بەناز نەدرا، تەنیا شکاندنی پەنجەرەکان نەبێت.
1/2: بەناز چاوی بە دایک و خوشکەکەی دەکەوێت و داوای لێ دەکەن بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە.
1/22: چەند کوردێک هەڕەشەی کوشتن لە ڕەحمەت سلێمانی دۆستی بەناز دەکەن.
1/ 23: بەناز جارێکی دیکە پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە لەو هەڕەشانەی لێیکراوە، بەڵام داواکەی پۆلیس ڕەتدەکاتەوە کە لە هۆتێل بمێنێتەوە.
1/24: بەناز دەکوژرێت. پۆلیس تەلەفۆن بۆ ماڵی باوکی دەکەن، باوکی وەڵام دەداتەوە و دەڵێ بەناز لە دەرەوەیە.
1/25: دایک و باوکی بەناز بە پۆلیس دەڵێن نایانەوێت ڕاپۆرتی ون بوونی بەناز پڕبکەنەوە.
1/27: لێکۆڵینەوە لە کوشتنی بەناز دەستی پێکرد.
2006/4/28: لاشەی بەناز لە جانتایەکدا لە شاری بێرمینهام دۆزرایەوە.

# کۆمەڵایەتی



پانتۆل دەبێتە هۆی خوسووتاندنی کچێک

ڕووداو-شیلادزێ

◆ کچێکی تەمەن 19 ساڵ، لە شارۆچکەی شیلادزێ بەهۆی کڕینی پانتۆل بۆ جەژنی قوربان لەلایەن باوکییەوە داوای لێکرا کە بچێت بە جلوبەرگێکی دیکەی بگۆڕێت و لەبەری نەکات، بەهۆیەوە لە شەوی 2008/12/7 ئاگری لەخۆی بەردا. سەرچاوەیەکی تەندروستی لە دهۆک بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند" 70 %ی لاشەی سووتاوە و ژیانی لە مەترسیدایە".

# کچێک بەحەب خۆی دەکوژێت

## هەژار ئیسماعیل: "لە دوای ئەو منیش خۆم دەکوژم"

**ڕووداو-هەولێر**

باسی هەرشتێکی لەگەڵ دەکەیت بۆ هەژار یادگارییە، لەگەڵ ئەو کچەی چوار ساڵە خۆشیویستووە، بۆیە بەردەوام بەگریانەوە قسەی دەکرد، هەژار بڕیاری دابوو کە خۆی بکوژێت و دووری خۆشەویستەکەی نەبینێت، بەڵام ڕووداوەکە پێچەوانە بووەوە، دوو سێ دەستە حەب بوونە هۆی ئەوەی ئەو مەرگی خۆشەویستەکەی ببینێ.

ڕۆژی 2008/11/27 کچێکی تەمەن 21ساڵ، لە گەڕەکێکی میللی شاری هەولێر، بە هۆی حەب خواردن گیانی لە دەستدا. ڕاپۆرتی پزیشک هۆی گیان لەدەستدانەکەی بە ڕوونی دیار ناکات و، دواتر بەبێ بردنی بۆ پزیشکی داد نێژرا.

ڕۆشنا ناوی خوازراوی ئەو کچە تەمەن 21ساڵییەیە، قوتابی ئامادەیی بوو، دوای ئەوەی نائومێدبوو لە گەیشتن بەخۆشەویستەکەی بە زۆر حەب خواردن بڕیاری خۆ کوشتنی دا و لە دوا نیوەڕۆی 2008/11/27 لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. بەو شێوەیە ئەویش بووە یەکێکی دیکە لەکچە بەئاوات نەگەیشتووەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی.

هەژار شاکر، 22ساڵ، کە بەردەوام بەگریانەوە قسەی بۆ (ڕووداو) دەکرد، گوتی لەماوەی چوارساڵی خۆشەویستییەکاندا لەگەڵ ڕۆشنا سێ جار چووەتە خوازبێنیکردنی، کە دواجار چوار ڕۆژ بەر لەمەرگی بوو، بەڵام بنەماڵەکەی ئامادە نەبوونە بیدەنێ "چەندین جار خۆم بەقوربانی خزمەکانی دەکرد تا هاوکاریمان بکەن".

مێردی خوشکی ڕۆشنا، دەڵێ ئەوکاتەی هەژار چووەتە داخوازی ڕۆشنا، کچەکە زۆر نەخۆش بووەو باوکی ڕۆشنا ئەقلی هەژاری نەگرتووە، لە هەمان کاتدا "باوکی شەرمی بەخۆی بوو کچەکەی بداتە ئەو کوڕە بەخۆشەویستی، مەسەلەکە عەشایری بوو".

بەپێی قسەکانی مێردی خوشکی ڕۆشنا ئەو کوڕە کەسی نزیکی نەبووە بیهێنێت بۆ داخوازی، لەبەر ئەوە دایک و باوکی هەژار لەدەرەوەی وڵاتن، ئەویش بەنوێنەرایەتی باوکی ڕۆشنا دەچێت قسە لەگەڵ هەژار بکات تاکو واز لەو کچە بێنێت "گوتم خەزوورم دەڵێت با واز بێنێت ئابڕوومان نەبات، ئەگەر واز نەهێنێت کچەکەی خۆمان دەکوژین، کچ نادەینە یەکێک ڕێکو پێک نەبێت، ئێمە عەشیرەتین".

هەژارکە لەسوچێکی ماڵەکەیان دانیشتبوو، لەژێر چاودێری براکانی بوو تاخۆی نەکوژێت، هەژار باسی لەوە دەکرد، دوایین جار کە مێردی خوشکی ڕۆشنا چووەتە لای پێی دەڵێت "ئەگەر تا 10ساڵی دیکەش چاوەڕێی بکەیت هەر ناتدەنێ، وازنەهێنی هەردووکتان دەکوژین، ئەو شەوە تا بەیانی خەوم لێنەکەوت بۆیە بڕیاری مەرگی خۆمدا، تا کارێکیتر نەکەم ببمە مایەی کێشە بۆ براکانم".

پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوان کچ و کوڕ لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بەردەوام مایەی کێشە بووە، لەبەر ئەوەی ئەو پەیوەندییە، زیاتر لە ژێر کاریگەری هەست و سۆزە، بنەماڵەی لایەکیان بەوە ڕازی نابن، چونکە هەستدەکەن، پێکەوە ناگونجێن لە زۆر شتدا جیاوازن، بەڵام هەندێک دایک و باوک تەنیا لەبەر ئەوەی شەرم دەکەن کچەکانیان بە خۆشەویستی بە مێرد بدەن ئەو ڕێگریە دەکەن.

ئەو شەوەی هەژار نائومێد دەبێت لەوەی ئەو کچەی بدەنێ، هەروەک خۆی بۆ (ڕووداو)ی گێڕایەوە بەیانییەکەی چەند دەستە حەبێکی ژانەسەر دەکڕێت و دەچێتە دەرەوەی شاری هەولێر، تا لەوێ خۆی بکوژێت، هێدی هێدی خەریکی خواردنی حەبەکان دەبێت، تا دەگاتە 60دەنک، ئیدی لە پەل وپۆ دەکەوێت، لەگەڵ ئەو کارەشیدا بەتەلەفۆن قسە لەگەڵ ڕۆشنا دەکات، بەڵام لەو حەب خواردنە ئاگاداری ناکاتەوە "هیچ توانام نەما، تەلەفۆنەکەم داخست، بەربوومەوە".

لەو کاتەدا ڕۆشنا تەلەفۆن دەکاتەوە، منداڵێک کە دەبینێت هەژار کەوتووە، وەڵام دەداتەوە، هەژار دەڵێت خۆم گوێم لێبوو هاواری منی دەکرد، بەڵام منداڵەکە پێیگوت ئەو کوڕەت کوشت وا دەمرێت "ئینجا ڕۆشنا تەلەفۆنی بۆ براکانم کردبوو".

ئەو دەڵێ دوو ڕۆژ لە نەخۆشخانە ماوەتەوە، لەو ماوەیەدا ڕۆشنا بەردەوام پەیوەندی بە براکانی هەژار دەکات تا ڕەوشی هەژار بزانێت، دواتر هەژار خۆی قسەی لەگەڵ دەکات پێیدەڵێت چاکبومەتەوە "بەڵام پێم گوتبوو دەمرم، ژیانی دوای ئەوم ناوێت، ئێستاش لێم گەڕێن خۆم دەکوژم".

دوای ئەوەی هەژار چووەتە داخوازی ڕۆشنا، مێردی خوشکی ڕۆشنا باسی لەوە دەکرد باوکی کچەکە زۆر پێی تێکچووە، باوکی ئامۆژگاری کچەکەی کردووە واز لەو کوڕە بێنێت "کچەکەش زۆر پێی ئاسایی بوو، کچەکە گەیشتە قەناعەت، بەبێ ئەوەی یەک کەس خۆی لێ توڕەبکات، بەڵام خوشکی کوڕەکە چووەتە قوتابخانە، گوتویەتی براکەم لە داخی تۆ حەبی خواردووە دەمرێت، چی لێ بێت لەسەر تۆیە".

دوو ڕۆژ دوای حەب خواردنی هەژار، ڕۆشنا کارە مەترسیدارەکەی هەژار تاقیدەکاتەوە، مێردی خوشکی ڕۆشنا باسی لەوە کرد ئەو کاتەی خوشکی هەژار قسەکانی پێگوتووە، دووسێ دەستە حەبی لە بەرانبەر قوتابخانە کڕیوەو خواردوویەتی. بەڵام هەژار پێیوایە ڕەنگە لە ماڵەوە زۆر ئازاریان دابێت، بۆیە ئەو کارەی کردووە، دوای دوو ڕۆژ لە خواردنی حەبەکان ڕۆشنا گیان لەدەستدەدات.

هەژار بەهەموو شێوەیەک ئەوە ڕەتدەکاتەوە، خوشکەکەی هۆکار بوو بێت بۆ حەبخواردنی ئەو کچە "خوشکم بۆ ئەوە چوو پێی بڵێت هەژار نەمردووە، هیچ شتێک لەخۆت نەکەی، خوشکم دەزانێت چەند یەکترمان خۆشدەویست، چۆن قسەی وادەکات".

یەکێک لە هاوڕێیەکانی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی نەیزانیووە ڕۆشنا کێشەی لەو جۆرەی هەبێت، بەڵام هەفتەیەک بوو زۆر نەخۆش بوو، ڕەنگی زەردببوو "ڕۆشنا هەر خەمی ئەوەی بوو تاقیکردنەوەکان دوانەخەن بۆ هەفتەی داهاتوو، چونکە دەیوت نۆرەی نەخۆشخانەم هەیە".

ئەو کچە گوتیشی "دوارۆژ کە هاتە قوتابخانە 2008/11/25 بوو لە قوتابخانە بەشداری کۆڕی توندوتیژی دژی ژنانی کرد، بەڵام هیچ قسەی نەکرد".

خوشکێکی ڕۆشنا کە زۆر بەتوڕەیییەوە قسەی دەکرد، گوتی ئەوان ڕازی نەبوون خوشکی خۆیان بدەنە کەسێک کە نان نەبووە بیخوات "کوڕەکە دینارێکی نییە بیخوات، خەڵک چۆن کچ دەداتە کەسێک کە هیچی نەبێت؟، ئەو کوڕە باڵای دووبستە ئەو خوشکە جوانەمان چۆن پێدەدا، خۆ لێی بێزار نەبووین".

ئەو خوشکەی ڕۆشنا هۆکاری حەب خواردنەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لەقسەکانی خوشکی هەژار ترساوە "خوشکی کوڕەکە، خوشکی منی ترساندووە، هیچ چارەی نەبوو، بۆیە وایکردووە".

هەژار ئەو قسەیەی زۆر لەدڵ گران بوو، کە لەبەر دەستکورتی ئەو کچەیەیان پێنەداوە. هەژار کەمێک داماو ئینجا لەپرمەی گریانیدا و گوتی "دەزانی ڕۆشنا چی دەگوت؟، بەس بەیەک بگەین، پێکەوە دەچینە گوندی، هیوایەتی دەشتبوو، کە مردیش لەهەولێریان شاردەوە، پێم ناخۆشە لەو شوێنە شاردیانەوە چونکە ئەو هەر حەزی لەگوند بوو".

هەژار زۆر باسی ئەوەی دەکرد کە ڕۆشنا کچێکی یەکجار بە ڕەوشت بوو، هەژار بەردەوام ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە ئەویش هەر خۆی دەکوژێت "بەخودا منیش خۆم دەکوژم، بەڵام من ماوم تا ڕاستییەکان ئاشکرا بکەم".

هەژار دواجار داوای دەکرد وەسیەتەکانیشی بنووسین "وەسیەتم ئەوەیە، کە خۆم کوشت لە تەنیشت ئەو بمنێژن، ژیانی دوای ئەوم ناوێت".

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان لەهەولێر، ئاماژەی بەوەدا ئاگاداری کێشەی ڕۆشنا نین، چونکە "بەدواداچوون بۆ حاڵەتێک دەکرێت ئافرەتەکە ئیفادە بدات و داوا تۆمار بکات".

ئەو زاوایەی ماڵی ڕۆشنا، هێشتا باوڕ ناکات ئەو ڕووداوە ڕاست بێت و دەڵێت "ئێستاش سەرمان سوڕماوە، بایەک بوو هات و ڕۆیی و، ڕۆشنای لەگەڵ خۆی برد، بەهەمووی چوار پێنج ڕۆژی نەخایاند، بە داخوزییەکەی هەژار و حەب و مەرگییەوە".

ئەندام پەرلەمانێکی کوردستان:

# هیچ دەقێکی ئاینی نییە بڵێت کچ و ژنەکانی پێغەمبەر خەتەنە کراون



هەژان خالید

hazhanxalid@yahoo.com

**ڕووداو- هەولێر**

"زۆربەی ئەوانەی خەتەنەکراون خەڵکی دێهات و شارۆچکەکانن" سەبریە غەفار، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بەو شێوەیە باسی لە دیاردەی خەتەنەکردن کردو، پێیوابوو پێویستە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان زیاتر لەناوچەکانی دەرەوەی شار هۆشیاری بڵاوبکەنەوە، چونکە ئەوەندەی هۆشیاری ڕۆڵ دەبینێت بەڕای ئەو ئەندام پەڕلەمانە یاسا کاریگەری نییە.

خەتەنەکردنی ئافرەتان دیاردەیەکی باوی کۆمەڵگای ئیسلامییە، زیاتر لە ناوچە بیابان نشینەکان ئەو کردارە پەیڕەو دەکرێت، لەکۆمەڵگای کوردیدا ئەو داب ونەریتە هەیە، بەڵام لەچاو وڵاتانی دراوسێیەوە ئەمە کەمتر دەکرێت، بەهۆی هۆشیاکردنەوەی خەڵک ئێستا خەتەنەکردن لەشارەکانی کوردستان بەرەو کەمبونەوە دەچێت.

خەتەنەکردن ئافرەت بەسێ شێوازدەکرێت، جۆرێکیان ڕووکانەیە، دووەمیان بڕینی پارچەیەک لە میتکەی ئەندامی زاوزێی ئافرەتان، ئەوەی سێیەمیان بڕینی تەواوی ئەو میتکەیەیە، خەتەنەکردن هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی توانای سێکسی ئافرەت، لەڕووی تەندروستیەوە زیانێکی زۆر بە مێینە دەگەیەنێت، لەڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە هیچ بەڵگەیەک نییە داوای خەتەنەکردنی ئافرەتان بکات.

سەبریە غەفار، ئەندام پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەوەدا خەتەنەکردن دەچێتە قاڵبی توندوتیژی دژبە ژنان و گوتی "هەر جۆرە حاڵەتێک ببێتە هۆی ئازاردانی بەرامبەرەکەت ئەگەر بەلێدان بێت یان بەقسە بێت توند و تیژییە، خەتەنەکردنی کچانیش یەکێکە لەجۆرەکانی توندوتیژی".

ئەوانەی خەتەنەی کچەکانیان دەکەن زۆرجار هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کە لەئاینی ئیسلامدا ڕێگە پێدراوە یان سونەتە بەڵام سەبریە کە ئەندامی شورای گشتی یەکگرتووی ئیسلامییە، باسی لەوە دەکرد کە خەتەنەکردنی کچان مێژوویەکی زۆر دێرینی هەیەو موڵکی هیچ ئاینێک یا کۆمەڵێک نییە "لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە خەتەنەکردنی کچان لەسەر هیچ سەرچاوەیەکی شەرعی و زانستی بنیاتنەنراوەو هیچ دەق وفەرموودەیەک نییە باسی بکات و تەنها چیرۆکێکی بێهێز هەیە کە دەڵێت پێغەمبەر (د.خ) کە چووەتە مەدینە پێی دەڵێن ژنێک هەیە خەتەنە بۆ خەڵک دەکات ئەویش دەفەرموێت ئەگەر هەر کردیشی با خەتەنەی ڕووکانە بێت".

لەناو زانایانی ئیسلامی ناکۆکیەک هەیە لەسەر کردن و نەکردنی خەتەنەکردنی کچان، سەبریە باسی لە نوێترین کۆنفرانس کرد کە لە ساڵی2007 لە قاهیرە سەبارەت بەخەتەنەکردنی ئافرەتان بەستراوە، لە دەرئەنجامی مردنی کچێکی 5 ساڵ بەخەتەنەکردن "زۆربەی خەتەنەکردنیان قەدەخە کردووە، تەنها بۆ حاڵەتی پێویست نەبێت ئەوانیش حاڵەتی نەشازە، ئاین بۆ بەرژەوەندی مرۆڤەکانە، ژن بەرژەوەندییەکانی بەخەتەنەکردن لەدەست دەدات بۆیە کردنەکەشی لەسەر نییە".

بەگوێرەی قسەکانی سەبریە هیچ دەقێک نییە پێغەمبەر باسی ئەوەی تێدا کردبێت کە کچ و ژنەکانی خەتەنە کرابن یان بانگەشەی خەڵک بکات بۆ خەتەنەکردنی کچان، بۆیە سەبریە بەپێویستی دەزانێت وەزارەتی ئەوقاف بەرنامەی تایبەتی هەبێت بۆ ئەو مەلایانەی لەچوارچێوەیەکی تەسک بیردەکەنەوە "پێویستە هەموو ڕەهەندەکان بۆ مامۆستا ئاینییەکان شیبکاتەوەو لێپرسینەوە لەگەڵ هەر مەلایەک بکات کە لەچوارچێوەیەکی تەسکدا قسە لەسەر ئەو بابەتە دەکات".

بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی خەتەنەکردن ئەو ئەندام پەرلەمانە ئاماژەی بەهەوڵەکانی خۆیاندا کە نامیلکەی تایبەتیان هەیە لە بارەی خەتەنەکردن و کۆڕ و سیمینار و بەرنامەی تەلەڤزیۆنییان کردووە "ڕاشکاوانە باسمان لەو دیاردەیە کردووە و لەڕیزەکانی خۆشماندا کەس خەتەنە نەکراوە و خێزانی ئێمەش نەیکردووە چونکە ڕۆشنبیری ئاینی زۆرە لەناوچەی ئێمەدا (خەڵکی هەڵەبجەیە) بۆیە ئەم دیاردەیە نییە و کچەکانی خۆشم خەتەنە نەکردوون، بەڵام ژنیش هەبووە هاتووەتە لامان خۆی داوای کردووە خەتەنەی بۆ بکرێت".



### کچەکانی خۆم خەتەنە نەکردوون

سەبریە غەفار پەسنی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان دەکات کە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی خەڵکیان کردووە لەو بوارەدا بەڵام بە پێویستی زانی ئەو هەوڵانە لەو ناوچانەدا بکرێن کە حاڵەتەکەی تێدا هەیە "ئەو دیاردەیە زیاتر لەلادێکاندا هەیە، با ئەو ڕۆشنبیرانە بەسەر ئەو ناوچانە دابەش بکرێن، کە دیاردەکەی تێدایەو کۆنفرانس بگێڕن بۆ ئەو خەڵکانەی شارەزاییان نییە وئاستی ڕۆشنبیریان نزمە".

بۆ ڕێگەکردن لەو دیاردەیە، خەتەنەکردنی مێینە کراوەتە بەندێکی سەربەخۆ لەپرۆژە یاسای توندوتیژی خێزانی لە پەرلەمانی کوردستان، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، سەبریە ئاماژەی بەپرۆژە یاساکە کرد کە بەندەکە باس لەپێناسەی حاڵەتەکەوە وسفکردن و بەدەمەوەبوونی (اسعاف فوری)و سزا دەکات بەرانبەر بەو کەسانەی کە کچەکانیان خەتەنە دەکەن "سزای غەرامەکردن و زیندانی تێدایە، بەڵام بەبۆچوونی من ئەوەندەی هۆشیاری ڕۆڵ دەبینێت یاسا ڕۆڵ نابینێت".

# "بەتیخە بەردێک خەتەنەیان کردم"

## پزیشکێک: خەتەنەکردنی ژنان هۆکارێکی تووشبوونی شێرپەنجەیە



ئازیز مەحمود

azizshane@yahoo.com

**ڕووداو- سلێمانی**

(م.ی) کە تەمەنی 7 ساڵان دەبێت لەگەڵ چەند ژنێکی گوندەکەیاندا بەمەبەستی کۆکردنەوەی چیلکە و دار ڕوو لەشاخێک دەکەن، هەر لەوێدا بە سێ چوار ژن دەیگرن، وەک ئەوەی ئاژەڵێک سەر ببڕن بە زەویدا دەدەن و بەتیخە بەردێک خەتەنەی دەکەن. جگە لە (م.ی) ژنەکان چەند کچێکی دیکەش خەتەنە دەکەن.

بەهۆی نارەزایی (م.ی) بە خەتەنە کردن و ڕاکردنی چەند جارێک لەدەست ئەو پیرەژنەی کە بەشوێن کچانی گوندەکەیانەوە بوو بەو گوێزانەی بەدەستیەوە بوو بۆ خەتەنە کردنیان، دواجار بەبیانووی کۆکردنەوەی چیلکە و دار لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەیدا دەیبەنە شاخێک و لەوێ خەتەنەیان دەکەن. ئەو دەڵێ "کچ هەبووە لەنێو گەوڕو تەویلەی ئاژەڵان خەتەنە کراوە".

م.ی،ئێستا تەمەنی 27 ساڵە و خاوەنی سێ منداڵە و دانیشتوی یەکێک لەگوندەکانی سەر بە قەزای هەڵەبجەیە. ئەو دەڵێت "ژنان لەگوندەکان بەبیانووی ئایین و بەوەی کە گوایە نانی دەستی حەرامە یان کچ مارەیی نایێت ئەگەر خەتەنە نەکرابێ خەتەنە دەکرێن"، پێشتر لەگوندەکەی (م.ی) پیرەژنێک خەتەنەی کچانی دەکرد، بەڵام بەهۆی نەمانی ئەو پیرەژنە ئێستا دیاردەکە کەمتر بووەتەوە، بە وتەی ژنانی گوندەکە ئێستاش هەندێک کەس بەشوێن کەسێکدا دەگەڕێن، تا کچەکانیان خەتەنە بکات.

بەهۆی مەترسی دیاردەکە، لەماوەی ڕابردوودا لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ژنان لەپەرلەمانی کوردستان، پرۆژە یاسایەکی بۆ ڕێگرتن لەخەتەنەکردنی ژنان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرد.

لەدیسەمبەری 2007 پرۆژە یاساکە یەکەمین خوێندنەوەی بۆ کرا، بەڵام دواتر پرۆژە یاساکە لەبەرنامەی کاری پەرلەمان کێشرایەوە. خەمان زرار ئەندامی پەرلەمانی کوردستان پێشتر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو "پرۆژە یاساکە بەهۆی فشاری زۆر لەبەرنامەی کار دەرهێنرا".

نەبوونی یاسایەک بۆ ڕێگرتن لەدیاردەکە و هۆشیار نەبوونەوەی خەڵک بەتایبەتیش لەلادێکان، بەردەوامی بە دیاردەکە دەدات، ئاماری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش دەریدەخەن کە دیاردەکە لە لادێکاندا بەرچاوترە.

بەپێی ڕووپێوێکی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی کە لە 201 گوند و شارۆچکە لەناوچەکانی دهۆک، هەولێر، سلێمانی، ڕانیە، سۆران و بەشێک لەکەرکووک لەماوەی ساڵەکانی 2005-2007 ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە 62%ی کچانی لادێکانی کوردستان خەتەنە کراون.

هەروەها بەپێی قسەی پەخشان زەنگەنە، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان لەپەرلەمان، بەپێی زانیاری پزیشکێکی پسپۆڕ، 70%ی ژنانی پارێزگای هەولێر خەتەنە کراون.

ژنان بەهۆی خەتەنە کردنەوە جگە لەوەی لوتکەی چێژ وەرگرتن کە قیتکەی کۆئەندامی زاوزێیە لەدەستدەدەن، لەهەمانکاتدا دووچاری ئازارێکی زۆری جەستەیی و دەروونی دەبن بەهۆی خەتەنەکردنی، کە بەپێی قسەی پزیشکانی پسپۆڕ لێکردنەوەی ئەو پارچە گۆشتە، لەوانەیە نەخۆشی شێرپەنجە بەدوای خۆیدا بێنێ.

(م.ی) باسی لەکچێکی گوندەکەیان کرد کە بەهۆی خەتەنەوە تووشی خوێن بەربوون بووەو ماوەی یەک هەفتە لەناو جێگەدا کەوتووە. ئەو گوتیشی "لێرە لەگەڵ ئاژەڵ جیاوازیت پێناکەن، کچی وا هەیە لەنێو گەوڕو تەویلەی ئاژەڵان خەتەنە کراوە".

ئەوانەی خەتەنەکردن ئەنجامدەدەن، ڕەچاوی لایەنی تەندروستی ناکەن و ئامێری پیس بەتایبەتی تیخی ڕیش تاشین بەکار دەهێنن، بۆیە زۆرجار کەسی خەتەنە کراو دووچاری ئازارێکی زۆر دەبێتەوە، ئەگەری مردنیشی لێدەکەوێتەوە. (ئا.ی)، 36 ساڵ، یەکێکی دیکەیە لەو ژنانەی لەژێر دەستی پیرەژنێکدا خەتەنە کراوە. ئەو باسی لەوکاتە کرد کە چۆن پیرەژنەکە بەنەزانانە خەتەنەی کردووە و تووشی نەخۆشی کردوە.

ئەو ژنە بەگوتەی خۆی لەو کاتەوەی خەتەنە کراوە دووچاری نەخۆشی هاتووە "چونکە پیرەژنەکە سێ چوار کچی بەیەک گوێزان خەتەنە کرد". هەروەها گوتیشی "زۆر لەو ژنە دەترسام، زۆر پیر بوو دەستی دەلەرزی و چاوی باش نەیدەبینی بۆیە زۆر هاوارم کردو زۆر جوڵام، تووشی خوێن بەربوون هاتم".

ئەو باسی لەکچێکی گوندەکەیان کرد کە بەهۆی خەتەنەکردنەوە گیانی لەدەستدا "کە خەتەنەیان کردبوو دووچاری برینێکی قوڵ هاتبوو، لەئەنجامدا تووشی شێرپەنجە بوو و کوشتی".

پزیشکانی بواری ژنان جەخت لەوە دەکەنەوە کە خەتەنە کردن ئەگەری خوێنبەربوون و تووشبوون بەنەخۆشی لێدەکرێ بەتایبەتی نەخۆشی شێرپەنجە.

دکتۆرە ئاورنگ محەممەد، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵان ئاماژەی بەوەدا کە ئەو پارچە گۆشتەی لەکۆئەندامی زاوزێی مێینە دەکرێتەوە شتێکی زیادە نییە و لێکردنەوەی زیان بەئافرەتەکە دەگەیێنێت. هەروەها "ئەگەری تووشبونی نەخۆشییەکانی ژنان زیاد دەکات وەک هەوکردن یان دروستبوونی جۆرە ڤایرۆسێک لەو جێگەیەدا".

ئەو زیاتر مەترسی دیاردەکەی ڕوونکردەوەو "حاڵەتی وا هەیە تووشی خوێنبەربوون دەبێت، چونکە ئەوکەسەی دەیکات کەسێکی نەزان و نەشارەزایە یان لەکاتی منداڵبووندا ئازاریان زۆرتر دەبێت".

بەبڕوای ئەو دکتۆرەیە هەموو برینێک ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە نەخۆشی شێرپەنجە "بەڵام ئەگەرێکی کەم چونکە تەنیا ئەو برینەی درێژخایەنە و زوو چاک نابێتەوە ئەگەری ئەوە هەیە ببێتە شێرپەنجە". گوتیشی "بڕینی ئەو جێگەیە بەقووڵی ئەگەری تووشبوونی بەشێرپەنجە زیاتر دەکات".





سێ دەوامی و زۆری ژمارەی قوتابیان لە پۆلەکاندا کاریگەرییەکی خراپی کرووەتە سەر پرۆسەی پەروەردە (فۆتۆ:روداو)

# لەسەدەی 21 لە کوردستان سێ قوتابی لەسەر یەک کورسی دادەنیشن

## وەزارەتی پەروەردە داوای دروستکردنی 3016 قوتابخانەی کردووە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**روداو- هەولێر**

سەمەد سابیر ئەحمەد بەڕێوەبەری قوتابخانەی پێشمەرگەی بنەڕەتی تێکەڵاو بە (روداو)ی ڕاگەیاند سەرەڕای ئەوەی قوتابخانەکەیان کراوەتە سێ دەوام و نزیکەی 1700 قوتابی لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ڕۆژێک نییە چەندین قوتابی تازەیان بۆ نەیێت"چەندین جار ئاگاداری سەرپەرشتیاران وبەڕێوەبەری پەروەردەمان کردووەتەوە کە بینایەی تازە لە نزیک قوتابخانەکەمان دروست بکەن ئەگەرنا لەوانەیە لەساڵی ئایندە قوتابخانەکەمان ببێت بەچوار دەوام، بەڵام تائێستا بێ وەڵامن".

قوتابخانەی پێشمەرگەی بنەڕەتی تێکەڵاو سەر بەپەروەردەی دەشتی هەولێرەو لەدوو نهۆم و 14 پۆل پێکهاتووە و، تاپۆلی 6ی بنەڕەتی تێدا دەخوێنرێت، هەر پۆلێکی نزیکەی 45تا50 قوتابی تێدایە، لەبەر زۆری ژمارەی قوتابیان لەهەندێک پۆلدا سێ قوتابی لەسەر یەک ڕەحلە دادەنیشن.

یوسف حەمە ڕەشید، کە لەو قوتابخانە مامۆستایە دەڵێ"لەبەر زۆری ژمارەی قوتابیان لەپۆلدا هیچ کات ناتوانرێت ئارامی پۆل دابین بکرێت و بابەتەکان وەک پێویست بگەیێندرێنە قوتابیان".

هەرچەندە ساڵانە چەندین قوتابخانە لە هەرێمی کوردستان دروستدەکرێن، بەڵام یەکسان نییە بە ڕادەی زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی قوتابیان، بەهۆی منداڵ زۆر دروستکردنی کۆمەڵگەی کوردی.

وەزارەتی پەروەردە بە نوسراوی ژمارە 16963 کە لە16/11/2008 بۆچارەسەرکردنی گرفتی کەمی بینایەی قوتابخانە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بەرزی کردووەتەوە داوای کردووە ڕەزامەندی بنوێنرێت لەسەر دروستکردنی"3016 بینای قوتابخانەی (4 پۆلی تا 37 پۆلی) بەبڕی (1633126565) دۆلار".

ڕەنج عەباس سەرۆکی فەرمانگەی پلاندانان لەئەنجومەن وەزیران بە (روداو)ی ڕاگەیاند"ئەم پرۆژەیە پێویستی بەزیاتر لە یەک ملیارو 500 ملیۆن دۆلارە، ئەمەش بودجەی ساڵیکی هەرێمی کوردستانی پێویستە، بۆیە ئەگەر نەخرێتە ڕیزبەندی پلانی پرۆژەکانی ئەنجوومەن وقۆناخ بۆ دروستکردنی دانەنرێت ناتوانرێت جێبەجێبکرێت".



گوتیشی"ئەنجوومەن ساڵانە پلانی جێبە جێکرد نی پرۆژەکانی هەیە، بۆیە هیچ وەزارەتێک ناتوانێت بەئارەزووی خۆی داوای جێبەجێکردنی پرۆژەی وا گەورە بکات، ئەگەر لەبەرنامە و پلانی پرۆژەکانی ئەنجوومەندا نەبێت".

زۆری ژمارەی قوتابیان لە پۆلەکاندا و کەمی ماوەی وانەکانیان بەهۆی چەند دەوامی قوتابخانەکان، کار لەئاستی خوێندن و فێربوون دەکات لە کوردستان.

قوتابخانەی پەیمانی بنەڕەتی تێکەڵاو،کە قوتابخانەیەکی دیکەی سنووری پەروەردەی دەشتی هەولێرە، سەرەڕای بچووکی بیناکەی، بەهۆی زۆری ژمارەی قوتابیان 6دەوامی تێدا دەکرێت. شوان جەوهەر بەڕێوەبەری قوتابخانەی پەیمان بە (روداو)ی ڕاگەیاند ئەوان چەند ساڵێکە داوا دەکەن ژمارەی دەوامەکانی قوتابخانەکەیان کەمبکرێتەوە، بەڵام ئەمساڵ لە جیاتی کەمکردنەوەی دەوامەکان پاشکۆیەکی دیکەیان بۆ زیاد کردوون "بۆیە ئێستا بەدەوامی پاشکۆکەوە قوتابخانەکەمان شەش دەوامی تێدا دەکرێت، کە ڕۆژانە 1200 قوتابی وانەکان لە سێ کاتی جیاواز دەخوێنن".

ئەو بەڕێوەبەرە دانی بەوە دانا کە قوتابییەکانیان بەهۆی کەمی ماوەی وانەکان "ناتوانن وەک پێویست سوود لە وانە وبابەتەکان وەربگرن".

بەپێی دوایین ئاماری بەشی پلاندانانی وەزارەتی پەروەردە، نزیکەی 377 گوند تائێستا هیچ قوتابخانەیان تێدا دروستنەکراوە و1002 قوتابخانەش لەگوندەکان لەخانووی قوڕو کابینەو بەکرێدان،چەندین قوتابخانەش سێ دەوامیان تێدا دەکرێت و، پێویستیان بەدروستکردنی 1637 قوتابخانەیە.

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر یەکێکە لەو بەڕێوەبەرایەتیانەی بە وتەی بەرپرسانی پەروەردە لەکەمی بینای قوتابخانە پشکی شێری بەرکەوتووە. بەپێی ئامارێکی بەشی پلاندانانی بەڕێوەبەرایەتییەکە، 65000 قوتابی لە 303 بینایە حکومی و78 بینای ئەهلی دەخوێنن، زیاتر لە14 قوتابخانە سێ دەوامیان تێدایە کە هەر قوتابخانەیەکیان زیاتر لە1600 قوتابی هەیە.

ئەحمەد قادر بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر بە (روداو)ی ڕاگەیاند "سێ دەوامی لەگەڵ سیستەمی تازەی خوێندن ناگونجێت،کاریگەریەکی زۆر لە پرۆسەی خوێندن دەکات، بەڵام ناچارین". گوتیشی ئەو خانووانەی لە گوندەکان بۆ قوتابخانە بە کرێیان گرتوون "لەبەرئەوەی بۆ مەبەستی دیکە دروستکراون، شیاو نین بۆ تێدا خوێندن".

ئازاد عەزیز، بەڕێوەبەری گشتی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، لە دیوانی وەزارەتی پەروەردە پێیوایە کەمی بینایەی قوتابخانە ئاستەنگی هەرە سەرەکی بەردەم پێشکەوتنی پرۆسەی پەروەردەیە و گوتیشی "بەناچاری چەندین قوتابخانە کراونەتە سێ دەوامی و وانەی خوێندن کەمکراونەتەوە، ئەمەش لەگەڵ سیستەمی نوێ ناگونجێت".

بۆ چارەسەری گرفتی کەمی بینایەی قوتابخانە، پێشنیازدەکات " هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆچارەسەر کردنی گرفتەکە بەیارمەتی کەرتی تایبەت وکەسانی خێرخواز ئەنجامبدرێت".

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر کە وێنەیەکی لێدراوتە (روداو)، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە456927 قوتابی و 1949 بینایەی قوتابخانەی هەیە، کەزیاترلە 321 قوتابخانەیان پێویستی بەنۆژەنکردنەوەیە و19 قوتابخانەش تەنیا لەناو شاری هەولێر سێ دەوامی تێدا ئەنجامدەدرێت. تەنیا ئەم ساڵ 49000 قوتابی تازە چوونەتە پۆلی یەکەم لە سنووری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە.

بۆیەش بۆ ئەم ساڵی خوێندن داوای دروستکردنی نزیکەی 336 قوتابخانەی کردووە. بەڵام وەک پاکیزە تەلعەت بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر ئاماژەی پێدا"تائێستا ڕەزامەندی لەسەر دروستکردنی 65 قوتابخانەو 9 باخچەی ساوایان دراوە".

ئەو بەڕێوەبەرە دەڵێ بەهۆی نابەرامبەری دروستکردنی قوتابخانە لەسنووری پەروەردەکانی هەولێر بەبەراورد لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی قوتابیان، ساڵ بە ساڵ ژمارەی قوتابخانە دوو دەوامی و سێ دەوامییەکان زیاتر دەبێ."ساڵی ڕابردوو لەسەنتەری شاری هەولێر تەنیا چەند قوتابخانەیەکی سێ دەوامیمان هەبوو، بەڵام ئێستا ڕێژەکەبەرزبۆتەوە بۆ 19 قوتابخانەو بەردەوامیش لەزیاد بووندایە ".

بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر، لەزۆربەی گوندەکان و تەنانەت لە هەندێ گەڕەکی تازەش خانووی ماڵان بۆ قوتابخانە بەکرێ گیراون کە شیاونین بۆ قوتابخانە، بۆیە بانگەوازی خێرخوازان دەکات کە یارمەتیان بدەن " لەڕێگەی ڕۆژنامەی (روداو) داوا لەخێرخوازان دەکەین یارمەتیمان بدەن بەدروستکردنی قوتابخانەی تازە".

سەروەت مستەفا عەلی، بەڕێوەبەری گشتیی بیناسازی لەدیوانی وەزارەتی پەروەردە بە (روداو)ی ڕاگەیاند کە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان بەپێی ئاماری پێویستی پەروەردەکان و بەهاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان، لیستی ناوی هەموو ئەو شوێنانەی کەپێویستیان بەدروستکردنی بینای قوتابخانەیە، بەهاوپێچ لەگەڵ نووسراوێک داوەتە ئەنجوومەنی وەزیران " بەڵام تائێستا هیچ وەڵامێکی فەرمیمان نەدراوەتەوە".

> ### داوا لەخێرخوازان دەکەین بە دروستکردنی قوتابخانە یارمەتیمان بدەن
>
> پاکیزە تەڵعەت
> بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر



## منداڵانی قوتابخانەی شۆربەشی خدر

# لەبەر بچووکی قوتابخانەکەیان لەخوێندن بێبەش دەبن

**روداو- هەولێر**

قادر چاوشین ئەمین، 35 ساڵ لەگەڵ دەست پێکردنی وەرزی خوێندنی ئەمساڵ دەستی کچە تەمەن شەش ساڵییەکەی دەگرێت و ڕوودەکاتە قوتابخانەی گوندەکەیان بەمەبەستی تۆمارکردنی ناوی لە قوتابخانە، بەڵام قادر تووشی شۆک دەبێ کاتێک بەڕێوەبەری قوتابخانەی گوندەکەیان پێیدەڵێت ئەمساڵ ناتوانن هیچ قوتابییەک وەربگرن .بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دەڵێ "ئەمساڵ ناتوانین پۆلی یەکەم بکەینەوە".

قادر زۆر دڵگرانە بەوەی ڕەیانی کچی کە زۆر حەزی لە چوونەقوتابخانەیە ئەمساڵیش لەبەر کەمیی مامۆستا لەقوتابخانەی گوندەکەیان ناتوانێت بخوێنێت "چوار ساڵە قوتابخانە لەگوندەکەمان کراوەتەوە تائێستا وەزارتی پەروەردە نەیوانیوە مامۆستای پێویستی بۆ دابین بکات".

بێ بەشبوونی ڕەیان و چەند قوتابییەکی دیکەی گوندی سۆربەشی خدر لەخوێندن تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ دروشمی "مافی خوێندنم هەیە"، کە ئێستا لەسەر دیواری زۆربەی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوشاری هەولێر نووسراوە.

گوندی سۆربەشی خدر دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوی شاری هەولێر و نزیکەی 40 کیلۆمەتر لەسەنتەری شاری هەولێرەوە دوورە، لەڕووی ئیدارییەوە سەر بەناحیەی قوشتەپەیە. ئەم گوندە لەساڵی 1978 لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراق روخێنراو دواتر لەساڵی 2002 لەلایەن خەڵکەکەی ئاوەدانکراوەتەوە، ئێستا 12 ماڵی تێدایەو لەساڵی 2004 قوتابخانەی لێکراوەتەوە، بەڵام تائێستا بینایە بۆ قوتابخانە دروست نەکراوەو قوتابخانەکە لەخانووێکی دوو ژووری کرێدایە.

کانەبی مەولود موختاری گوندی سۆربەش بە (روداو)ی ڕاگەیاند گوندەکەیان 25 قوتابی هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی بینایەی قوتابخانەو دابین نەکردنی مامۆستا بۆیان، تەنیا 9 قوتابی لەقوتابخانەی گوندەکەیان دەخوێنن گوتیشی"چەندین جار نووسراومان بۆ ناحیەی قوشتەپەو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر کردووە، بەڵام تائێستا کەس بەدەم داواکاریەکەمانەوە نەهاتووە".

لەقوتابخانەی گوندەکە تەنیا پۆلی سێ و چوارو پێنجی بنەڕەتی هەیە، بۆیە چەندین قوتابی گوندەکە بەهۆی نەبوونی قۆناخەکانی دیکەی خوێندن لەقوتابخانەکە، وازیان لەخوێندن هێناوە، بەشێکیشیان چەند کیلۆمەترێک دەبڕن بۆ گەیشتنە قوتابخانەی گوندەکانی دەوروبەری گوندەکە.

هێرش خدر، کە قوتابی پۆلی شەشەمی بنەڕەتییە، ڕۆژانە بۆ خوێندن سێ کیلۆمەتر بەپێ دەبڕێت بۆ گەیشتنە قوتابخانەی گوندەکەی هاوسێیان. هێرش گوتی"لەبەر بچووکی قوتابخانەی گوندەکەمان و نەبوونی مامۆستا نەمانتوانی لەقوتابخانەی گوند درێژە بەخوێندن بدەین، بۆیە بەناچاری ڕۆژانە سێ کیلۆمەتر دەبڕین تا دەگەینە قوتابخانەی گوندی دووکەڵە".

مامۆستا هێمن بەهرام لەقوتابخانەی دوکەڵەی بنەڕەتی بە (روداو)ی ڕاگەیاند چەند قوتابییەک ڕۆژانە لەگوندی سۆربەشەوە دێنە قوتابخانەکەیان، بەڵام بەهۆی دووری ڕێگاو سەرما و باران زۆر جار قوتابییەکان ناهێنە دەوام، ئەمەش کێشەی بۆ ئەوان دروستکردووە چونکە لەوانەکان دوادەکەون.

بەشێک لەقوتابییەکان بەهۆی دووری ڕێگەی قوتابخانەکەیان بەیەکجاری دەستبەرداری خوێندن بوونە،بەتایبەتیش کچەکان چونکە وەک قوتابییە کوڕەکان ناتوانن هاتووچۆ بکەن. زینەب کانەبی کاتێک پۆلی شەش تەواو دەکات لەبەر نەبوونی قۆناخەکانی خوێندن لەگوندەکەیان وازی لەخوێندن هێناوە. زەینەب گوتی" بەهۆی نەبوونی پۆلەکانی 7و8 خۆم و خوشکەکەم بەناچاری وازمان لەخوێندن هێنا".

کانەبی مەولود باوکی زەینەب، خەڵکی گوندەکەیان بەردەوام گوند بە جێدەهێڵن " ئەگەر حکومەت نەتوانێت قوتابخانەیەکی گەورە بۆ خوێندنی منداڵەکانمان بکاتەوە لەوانەیە لەساڵی داهاتوو ئەو 12 ماڵەی لەگوندەکەش ماون زۆربەیان گوند جێبهێڵن".

فوئاد ئەحمەد عەزیز، بەڕێوەبەری قوتابخانەی سۆربەشی خدر وەرنەگرتنی قوتابیان قوناخی یەکی بنەڕەتی و نەکردنەوەی قۆناخەکانی 6،7 بۆ بچووکی قوتابخانەکەیان ونەبوونی مامۆستا گەڕاندەوە گوتی "لەبەربێ مامۆستایی ئەمساڵ نەمتوانی هیچ قوتابییەک وەربگرم، چونکە جگە لەوەی قوتابخانەکەمان بچووکە جێگای قوتابی زیاتری نیە، خۆشم تەنیا دەتوانم فریای ئەو سێ پۆلە بکەوم کە هەمانە".

ئەو بەڕێوەبەرە ئاماژەی بەوەشدا لەماوەی 4 ساڵی کرانەوەی قوتابخانەکە هەموو ساڵێک چەندین جار نووسراوی بۆ پەروەردەو لایەنە بەرپرسەکان بەرز کردووەتەوەو ئاگاداری باری خراپی قوتابخانەکە ونەبوونی مامۆستای کردونەتەوە" بەڵام تائێستا نە مامۆستایەکیان بۆ دابین کردووین نە بینای قوتابخانەشیان بۆ چاک کردووین".

بەپێی ئامارێکی بەشی پلاندانانی پەروەردەی دەشتی هەولێر 59 قوتابخانەی سنووری ئەم پەروەردەیە لەخانووی کرێدان.

ئەحمەد قادر بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر بە (روداو)ی ڕاگەیاند پەروەردەکەیان بەهۆی کەمی بینای قوتابخانە لەگوندەکان بە ناچاری پەنایان بردووەتە بەر گرتنی خانووی بەکرێ، گوتیشی"هەرچەندە دەزانین زۆربەی ئەو خانووانەی بەکرێ گرتوومانن شیاونین، بەڵام ناچارین".

ئاماژەی بەوەشدا لەکۆی 143 مامۆستا کەداوایان کردووە بۆ قۆناخی بنەڕەتی دابمەزرێندرێن،تەنیا 24 مامۆستا دامەزراوەو گوتیشی"سەرەڕای کەمی میلاک نزیکەی 400 مامۆستا مۆڵەتی دایکایەتیان وەرگرتووە، ئەمەش کێشەی زۆری بۆ دروستکردووین، بۆیە لەزۆرقوتابخانە بەتایبەت لەگوندەکان کێشەی کەمی مامۆستامان هەیە، بەڵام هەوڵدەدەین بەڕێکخستنەوەی میلاکات بۆشاییەکان پڕ بکەینەوە".



# گەنجان ناوەکانیان دەگۆڕن

## لەماوەی 11مانگی رابردوودا 120 کەس لە هەولێر ناوی خۆیان لە عەرەبییەوە کردووەتە کوردی و 32 کەسیش بە پێچەوانەوە



رەوا عەبدوڵلا
rawaebdalla@yahoo.com

**رووداو - هەولێر**

حەمدیە، 27 ساڵ، لەبەردەم دادگای هەولێر لەلای یەکێک لە عەریزە نووسەکانی بەردەم دادگای هەولێر خەریکی پڕکردنەوەی فۆڕمێک بوو بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی فەرمی ناوەکەی لەحەمدیەوە بگۆڕێت بۆ فێنک، ئەو زۆر پەرۆش بوو بۆ ئەوەی بەزووترین کات مامەڵەی گۆڕینی ناوەکەی تەواو بکات تاوەکو چیتر بەناوە کۆنەکەی بانگ نەکرێت.

حەمدیە، کە لە یەکێک لەقوتابخانەکانی شاری هەولێر مامۆستایە،نموونەی یەکێک لەو گەنجانەیە کە حەزدەکات ناوەکەی لە ناوی عەرەبییەوە بکاتە ناوێکی کوردی خۆش "لەمنداڵییەوە رقم لەناوەکەی خۆم بوو، بەهیوابووم رۆژێک دابێت ناوەکەم بگۆرم". ئەو دەڵێ بەهۆی ناوەکەیەوە "لەمنداڵی زۆر هەستم بە نامۆیی و کەمی کەسایەتی خۆم دەکرد، چونکە هەمیشە وام هەست دەکرد ناوەکەم لەناوی هاوپۆلەکانم ناخۆشترە، بۆیە حەزم نەدەکرد مامۆستاش لەپۆلدا ناوەکەم بخوێنێتەوە".

ئەو هەرچەندە بەگۆڕینی ناوەکەی رووبەرووی رەخنەی کەسوکاری بووەتەوە، بەڵام ئەو هەستدەکات کارێکی رەوا دەکات و دەڵێ "ئەوە مافی خۆمە".

بەپێی ئامارێکی دادگای باری شارستانی هەولێر کە دراوەتە (رووداو) لەماوەی 11مانگی رابردوودا 252 کەس بەمەبەستی گۆڕینی ناوەکانیان سەردانی دادگای ناوبراویان کردووە، کە120 یان داوایان کردووە ناویان لەعەرەبییەوە بگۆڕن بۆ کوردی، 32 شیان داوایان کردووە ناویان لە کوردییەوە بگۆڕن بۆ عەرەبی. هەروەها 100 کەسیش داوای کردووە ناویان لەکوردییەوە بگۆڕن بۆ کوردی یان عەرەبی بۆ عەرەبی.

پسپۆرانی دەروونناسی پێیانوایە لەرووی سایکۆلۆژییەوە هەموو ناوێک گوزارشت لەخودی ئەو پەروەردەیە دەکات، کەمنداڵ پێی پەروەردەکراوە، چونکە پەیوەندییەکی راستەخۆ لەگەڵ جۆری ناو و کەسایەتی مرۆڤەکاندا هەیە. دادوەری باری شارستانی هەولێریش هۆشداری ئەوە دادەتە خەڵک "یاسا یەک جار رێگە دەدات ناو بگۆردرێت، بۆیە پێویستە ئەو کەسانەی ناوی خۆیان یان منداڵەکانیان دەگۆڕن بەوشیاریەوە ناوێکی شیاو دەست نیشان بکەن".

کۆمەڵگەی کوردی بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییە، زۆربەی خەڵک ناوی ئاین لەمنداڵەکانیان دەنا، بەڵام بەکاریگەری بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوەیی بە هۆی شۆرشی کوردستانەوەو، قەدەخەبوونی ئێستای ناونانی منداڵان بە کوری لە تورکیا و سوریا،خەڵک زیاتر رووی لەناوی کوردی کردووە. ئێستا چەندین کتێب و نامیلکەی تایبەت بەناوی کوردی لەکتێبخانەکانی کوردستاندا هەن.



گەنجان لە هەولێر روویان لە گۆڕینی ناوە عەرەبییەکانیان کردووە (فۆتۆ: رووداو)

ژیار، 27ساڵ، بەر لەچوار ساڵ بەشێوەیەکی یاسایی ناوی (حەربی) لەسەر خۆ لابرد. ژیار ئێستا زۆر دڵخۆشە بەناوە نوێکەیی و ئاماژەی بەوەشدا کەس وکارو هاورێکانی لەگەڵ ناوە نوێکەی راهاتوون، گوتیشی "ناوە کۆنەکەم ناوێکی زۆرناخۆش بوو، کاتی خۆی کە ناوم بۆ زانکۆ دەرچوو، لەتۆماری زانکۆ پێیانگوتم کاکە بۆئەوەی خۆت لێرە نەتەقێنیەوە زوو بەرێت دەکەین".

ئەو کە ماوەی 3 مانگ بەرێگەی دادگاوە بووە تا ناوەکەی گۆڕیوە و ئامادەبووە ساڵێکیش رێگەی دادگە بکوتێتەوە،تەنیا بۆ ئەوەی ناوەکەی بگۆڕێت، بەڵام لە هەمانکاتدا گلەیی لە زۆری رۆتینی ناو گۆڕینەکە هەبوو.

بەپێچەوانەی هەمووئەوکەسانەی ناوەکانیان لەعەرەبییەوە دەکەنە کوردی، هەڤاڵ وەهاب لە دادگای هەولێر دەستی کورە تەمەن پێنج ساڵەکەی گرتبوو بەرەو ژووری دادوەر هەنگاوی دەنا بۆ وەرگرتنی رەزامەندی دادگا بۆ گۆڕینی ناوی کورەکەی لە (سامان) ەوە بۆ (هارون). ئەو لەبارەی ئەو کارەیەوە گوتی " ناوی (هارون )م زۆر پێ خۆشترە لەناوی سامان، پەشیمان کە کاتی خۆی ناوم کردووەتە سامان".

یوسف عوسمان، پسپۆری دەروونناسی پێیوایە ناو کاریگەریەکی راستەوخۆی هەیە لەسەر کەسایەتی مرۆڤ بەتایبەتی لەقۆناخی هەرزەکاریدا "چونکە هەرزەکار کاتێک هەست دەکات ناوێکی شیاوی نییە لەگەڵ کەسایەتی ئەو بگونجێت، هەمیشە هەوڵدەدات ناوی خۆی بگۆڕێت". هەروەها گوتیشی"زۆرجار ئەو هەرزەکارە بەهۆی ناوەکەیەوە کەسایەتیەکی شەرمنی لێدروست دەبێت و لەکۆمەڵگە دووردەکەوێتەوە".

ئەو دەروونناسە ئاماژەی بەوەشدا هەر خێزانێک بەپێی ئایدۆلۆژی و بنەما ئایینیەکانی خۆی ناو بۆ منداڵەکانی دەست نیشاندەکات، بۆیە 50%ی دەسنیشانکردنی ناو گوزارشت لە رادەی رۆشنبیری خێزان دەکات.


زۆربەی رۆژنامەکانی کوردستان، ئامادەنین ئاگاداری بۆ گۆڕینی ناوی کوردی بۆ عەرەبی بڵاوبکەنەوە، بەڵام هەندێ لە رۆژنامە ئیسلامییەکان ئەوە دەکەن. بەرپرسانی دادگەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زۆربەی ناو گۆڕینەکان لە عەرەبییەوە بۆ کوردین، هەندێ لە ناوگۆڕینەکانیش ئەوانەن کە لەکاتی تۆمارکردندا لە رووی رێنووسەوە بەهەڵە نووسراوان خاوەنەکەی راستی دەکاتەوە.

فەرهاد کاکەڕەش حوسێن، دادوەر لە دادگەی باری شارستانی هەولێر، داوا لەهاووڵاتییان دەکات زۆر بە وریاییەوە ناوەکانیان بگۆڕن، چونکە بەپێی یاسا هاووڵاتییان تەنیا یەکجار مافی گۆڕینی ناویان هەیە "بەهیچ جۆرێک رێگە بەهاووڵاتییان نادرێ ناوی خۆیان لە عەرەبی و کوردی بگۆڕن بۆ ناوی رۆژئاوایی".

**مەرجەکانی ناو گۆرین:**

- دەبێت داواکاریەک سکالایەک لەدادگا تۆمار بکات و نوێنەری باری شارستانی رەزامەند بێت لەسەر سکاڵاکە.
- دەبێت کەسی داواکار وێنەی تۆماری (صورة قید) و دوو وێنە بداتە دادگا.
- ئاگادارییەک لەرۆژنامەیەکی رۆژانە بڵاو بکاتەوە، دوای تێپەر بوونی 10 رۆژ بەسەر ئاگادارییەکە ئەگەر کەس رەخنەی لەسەر گۆڕینی ناوەکە نەبوو دادگا رێوشوێنی یاسای دەگرێتەبەر بۆ گۆڕینی ناوەکەی.
- بۆ راستی وتەکانی دەبێت دوو شایەد ئامادە بکات لەبەردەم دادگا.
- ئەگەر داواکار تەمەنی 18 ساڵ تەواو کردبێت و رەگەزی نێر بێت. وێنەیەک لەبەڵگەو داواکە بۆ وەزارەتی پێشمەرگەو ئاسایشی هەولێر دەنێرێت.

# گەنجانی هەورامان حکومەت تەنیا لە تەلەڤزیۆن دەبینن



موعاز فەرحان
رووداو-هەورامان

دیاری ئەبوبەکر، 22 ساڵ، بە ژیانی خۆی رازی نییە و ئومێدیشی بەحکومەت نییە کە بتوانێت ژیانێکی گەنجانەی بۆ خۆی و گەنجانی دیکە دابین بکات. ئەو کە دانیشتووی شارۆچکەی بیارەیە، سەبارەت بە ژیانی گەنجانی ناوچەکەیان بۆ (رووداو) گوتی "ئەگەر سروشتی جوانی هەورامان نەبووایە بەهاری تەمەنمان کە گەنجێتیە، بەیەکجاری دەبووە پایزی خەزان".

چیرۆکی دیاری، چیرۆکی سەتان گەنجی ناوچەی هەورامانە، کە لەدوای گەڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچەکەیان، بە هیوای خزمەتگوزاری و کرانەوە بوون، بەڵام ئەوان ئێستا خۆیان بەمافخوراوترین گەنجی دونیا دەزانن. دیاری گوتی "حکومەت خزمەتگوزاری پێشکێشی هەورامان کردووە، بەڵام زۆربەی خزمەتگوزارییەکان پیرانەبوون و لەخزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بوون، بۆیە گەنج هیچ دڵی پێیان خۆش نییە".

بەبڕوای ئاراس رەفیق، 25 ساڵ، دەڤەری هەورامان، لەخەڵوەتگەیەکی پیر دەچێت. ئەو گەنجە دەڵێ"هەموو رۆژەکان بۆ ئێمە لەیەک دەچن، نە کتێبخانەیەک، نە یاریگایەک و شوێنێکی گشتیمان نییە". ئاراس زیاتر لەمە توورەبوونی خۆی بەسەر حیزب و رێکخراوەکانیاندا هەڵدەڕێژێ دەڵێ "رێکخراوەکان درێژکراوەی سیاسەتی حیزبەکانیانن و ئێمە بووینەتە قوربانی ئەو ململانێ سیاسییانەی کە بەسەر هەوراماندا دێن".

ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی کورد، ئێستا لە ئەوروپان، بەڵام وەک زۆر لە گەنجانی دیکە، زۆریان لەوێش بەخت یاوەریان نەبووە مافی مانەوەی بەردەوام و پاسپۆرتی ئەو وڵاتانە بەدەستبێنن. نازدار جەمال، 21 ساڵ، کە دانیشتووی یەکێک لەگوندەکانی دەڤەری هەورامانە، هاورای گەنجانی دیکەی دەڤەرەکەیە لەسکاڵاکردندا و دەڵێ "مانەوەی ئێمە بەهۆی بەهێزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوەیە، نەک کارەکانی حکومەت".

لەپێش سەندنەوەی هەورامان لەژێر دەسەڵاتی گرووپە ئیسلامییەکانی سەر بە قاعیدە لەساڵی 2003 دا، سەرهەڵگرتنی گەنجانی هەورامان بەلێشاو بۆ ئەوروپا بەردەوامبوو، چونکە ئەوکات کچان و کوڕانی ئەوێ بۆیان نەبوو تەماشای یەکتری بکەن و گوێ لە مۆسیقاش بگرن. ئەو تەوژمی چوونە دەرەوەیە کە ماوەیەک وەستا، ئێستا دەستی پێکردووەتەوە. بەپێی ئامارێکی نارەسمی، تا ئێستا زیاتر لە 500 گەنجی شارۆچکەی خورماڵ و گوندەکانی دەوروبەری چوونەتە ئەوروپا.

رایان عوسمان، 22 ساڵ،هەرچەندە خوێندنی زانکۆشی تەواو کردووە، هاوشێوەی گەنجەکانی دیکەی هەورامان بەدوو دەستی بەتاڵەوە رۆژو شەو بەیەکەوە گرێدەدا و خەون بەکارێکەوە دەبینێ "بەرۆژ لەچایخانەو بەشەویش لەسەر شۆستەکانین". رایان گوتیشی"ئەگەر لەژیانی گەنجی ئەم ناوچانە بڕوانی، تووشی شۆک دەبی".

وەک لەناوچەکەشدا زۆرجار دەبێتە دەنگوباس، بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لەناو گەنجاندا پەیدابووەو رایان لەو بارەوە دەڵێ "ئەو لادانە کۆمەڵایەتییانەی گەنج، هەمووی لەئەنجامی بێ بەرنامەیی حکومەتەوەیەو ئێستا بەشێک لەگەنجان ماددەی هۆشبەر بەکاردێنن، ئەمەش زۆر مەترسیدارە".

ئیبراهیم حاجی، توێژەری کۆمەڵایەتی، سەبارەت بەبێزاری گەنجانی هەورامان لەحکومەت بۆ (رووداو) گوتی "کۆمەڵگەی کوردی و حکومەت پڕوکێنەری توانای گەنجانن و گەنج کەنار گیرکراوە". پێشیوایە رێکخراوەکانی گەنجانیش بەو عەقلیەتی ئێستایان ناتوانن هیچیان بۆ بکەن.

لەشارۆچکەی خورماڵداکە زۆرینەی دانیشتوانەکەی هەورامین، نزیکەی 19 رێکخراوی گەنجان و خوێندکاری هەن وگەنجانی ناوچەکەش بەناچالاک وەسفیان دەکەن. عومەر عەزیز، لێپرسراوی سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان دان بەوە دادەنێت کە زۆرجار گەنجان لەچایخانەکان دەبێنێت، چونکە تەنیا ئەندامەکان دەچنە بارەگای ئەو رێکخراوانە.

سمکۆ سالار، بەرێوبەری ناحیەی خورماڵ، دەڵێ "خۆم پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ گەنجانی ناوچەکەدا هەیەو گوێ لەداواکانیان دەگرم". بەرێوبەری ناحیەی خورماڵ گوتیشی "لەئایندەدا لەبەرنامەی حکومەتدایە چەندین کارگە لەبوارەکانی ئاوی کانزایی، کاشی و دۆشاوی تەماتە لەناوچەکەدا بکاتەوە، ئەمەش دەرفەتێکی باش دەبێت بۆ گەنجان و بێکاری گەنجانیش کەمدەکرێتەوە کە هۆی سەرەکی

# تەنێ مەساجە

## ل دهۆکێ خەڵک کێمتری سلێمانیێ دچنە بنگەهێ مەساجا چینی

عەبدوڵلا نهێلی
رووداو-دهۆک

سابر حەسەن تەمەن 19 سال، گۆت"راستی پشتی مە زانی کو مەساجا چینی ل دهۆکێ هاتییە ڤەکرن، هەرکەسێ بڤێت سێکسێ بکەت دکارە بچە وێدەرێ، بەلێ پشتی مەسەرا بنگەهێ وان کری، مە دیت نە وسایە".

سابر و هەڤالەکێ خو ددەرەجێن بنگەهێ مەساجا چینی ل دهۆکێ دهاتە خار، ب گرنژینڤە بۆ (رووداو) دیارکر کو " کارمەندێن چینی ل ڤێ سەنتەرێ گۆتە مە هەرکەسێ داوا سێکسێ بکەت ئێکسەر دێ پارێ وان کەینەڤ ناو دەستێن وان و دبێژینێ ئەڤە دەرگەهێ چۆنە دەرێیە"، سابر دبێژە مەساجێ یا گرانە ل ڤی سەنتەری " ئەم نەشێین 50هزار دیناران بدەین بۆ مەساجێ".

تیمێ سەنتەرێ مەساجا چینی ل دهۆکێ ژ 15 کەسێن چینی پێکدهێت (8کچ و 7 کوڕ). وەرگێرێ وان یێ زمانی بۆ (رووداو) بەحسکر و گۆت"رۆژەکێ ئەز ل بنگەهێ نەبووم، سەرپەرشتا گرووپێ مەساجێ تێلەفونا من کر و گۆت: ئەڤە سێ گەنجن دگەل باخڤە. من ژی گۆتە وان گەنجان: هەوە خێرە؟ هەوە چ دڤێت؟ گۆت برا مە سێ کچ دڤێن بو کریارا سێکسی بەلێ بلا یێن جوان بن، پاشان من گۆتێ هەرن ئەو نەجهێ هندێ یە، ب تورەیی ڤە ئێکی ژ وان گەنجان گۆت: بۆچی پا ئەو هاتینە ڤێرە چ؟".

جی وەی، تەمەن 31 سال،سەرپەرشتیارێ تیمێ مەساجا چینی ل دهۆکێ، ژبەرکو ئەو بتنێ زمانێ ئینگلیزی دزانیت نووکە ب سەرپەرشتیا وان رادبیت بۆ (رووداو) دیارکر کو وان ل مەها ئەیلولا ئەڤساڵە ل سلێمانیێ سەنتەرێ خۆ ڤەکر، پاشان ل دەسپێکا مەها 11 یا ئەڤ ساڵەژی ل دهۆکێ ژی ڤەکر.

کەریم سالح، تەمەن 45 ساڵ، کو دوو جاران چوویە مەساجێ ل ڤی سەنتەری گۆت"ئەڤە سێ ساڵە پشتا من گەلەک دئێشیت، دەمێ من زانی ئەڤ مەساجە ل دهۆکێ هاتیە ڤەکرن، دوو جاران ئەز یێ چووی، ئێشا پشتا من نهۆ کێمبوویە و باشترە، هەرچەندە ژبەر خەلکی ئەز ب دزی ڤە دچم، چونکە رەوشەنبیریا خەلکێ مە نە لڤی ئاستیە کو ڤی تشتی قەبول بکەت"، هەروەسا گۆت "یا ژ گەلەک خەلکێ دهۆکێ ڤە، ئەو بنگەهە بۆ کارێن سێکسی هاتیە ڤەکرن، ئەوژی نە راستە".

جی وەی یێ دیارکر کو ل سلێمانیێ خەلک پتر دهاتنە مەساجێ و هەتا ل سلێمانیێ گەلەک خێزان ژی پێکڤە دهاتن، هندەک جاران ئافرەت ژی دهاتنە مەساجا وان، بەلێ ل دهۆکێ خەلک کێمتر سەرا وان ددەن، ئەوێن سەرا وان ژی ددەن هەمی ژ رەگەزێ نێرن و پتر بۆ چارەسەریێ سەرا وان ددەن " بەلێ هندەک زەلام پشتی کو دووجارا هاتینە، جارا سیێ خێزانا خوە ژی ئینایە".



هەژمارەک ژ گرووپا مەساجا چینی ل دهۆکێ (فۆتۆ:رووداو)



مەساجا چینی ل جیهانێ گەلەکا بەرنیاسە و، کو مێژووا وێ ڤەدگەریتەڤە بۆ بەری سێ هزار سالان و، گەلەک جورێن مەساجێ ل چینێ هەنە وەکو مەساجا ئاگری، زڤراندنا لاشی و مەساجا ئاسایی. نووکە ل پرانیا وەلاتێن جیهانێ بنگەهێن وێ هاتینە ڤەکرن.

جی وەی و هەڤالێن خۆ کو ل چینێ برێکا خاندنگەهێ فێری مەساجێ بووینە، مەساجا ئاسایی، گۆت"خەلکێ چینێ هەیڤێ 8-10 جاران دچنە مەساجێ".

وەک ئەو دبێژن مەساجا چینی نە بتنێ بۆ خوشیێ یە " بەلکو ژلایێ تەندروستی ڤە ژی گەلەکا باشە، بتایبەتی بۆ ڤی سەردەمی کو پرانیا خەلکی یێن ترومبێلان دا و ل سەر کورسیک و قەنەفان، ئەڤجا ئەڤ مەساجە یاباشە بۆ وان کەسێن تووشی نەخوشیێن گەهان، تێکچۆنا ماسولکان، هەمی نەخوشیێن پشت و لاش ئێشانێ دبن".

جی وەی دبێژی پشتی وان زانی کو کوردستان یا تەناهە و نە وەک عێراقێیە، ئەو هاتنە کوردستانێ، چونکی ئەو بەلاڤکرنا مەساجا خوە وەک بەشەک ل کولتوورێ ب ئەرکەکێ نەوەیی ژی دبینن "مە دوو ئارمانج ژ ڤەکرنا مەساجا چینی هەنە، یا ئێکێ بەلاڤکرنا مەساجا چینیە ل جیهانێ، یا دوویێ ژی خودانکرنا هندەک خەلکێ چینێ یە ب پارێ ڤێ مەساجێ".

ئەو دبێژی ئەو ل دهۆکێ هێشتا د زەرەرمەندین " چونکە رۆژانە بتنێ 15-25 دهێنە مەساجێ، بەلێ ئەم ب هیڤینە کو دێ باشتر بیت، چونکە بۆ دهۆکێ ئەڤە تشتەکێ نوویە و هێشتا خەلک باش مفایێ وێ نزانن".

مەساج کرن ل سەنتەرێ چینی ل دهۆکێ وەک جی وەی دبێژی"ل چینێ ئەرزانترە"، وێ دیارکر کو 45 خولەک مەساجا چینی ل سەنتەرێ دهۆک ب 50 هزاردینارایە.

دەربارەی وێ چەندێ کا کچ یان کوڕ مەساجێ ل سەنتەرێ وان بۆ هاووڵاتیان دکەن گۆت "هەرکەسێ سەرا مە ددەت بکەیفا خۆیە، کچ یان کور کی ژ وان دڤێت ئەو دێ بۆ مەساجێ کەت".

مەساجکردن ل سەنتەرێ دهۆک ب دەرمانەکێ تابیەتە کو ئەو ل چینێ دئینن.

سەرپەرشتیارا گرووپا مەساجا چینی ل دهۆکێ سوپاسیا حکومەتا هەرێما کوردستانێ کر کو کارئاسانیێن ئیقامێ بۆ وان کرینە و "هێزێن ئەمنی ژی ل دهۆکێ گۆتیە مە هەر دەما هین پێدڤی ب تشتەکێ بوون یان زۆریەک ل وە هاتە کرن پەیوەندیێ ب مە بکەن".

بەلێ هەتا نووکە چ زۆری ل وان نەهاتیە کرن"گەلەک گەنج بو کریارێن سێکسی سەرا مە ددەن، بەلێ دەمێ ئەم دزانین ئێکسەر پارێ وان ددەینەڤ وان و دەردئێخین".

## بۆ نەهێشتنی واستەکاری

# مۆڵەتی شۆفێری بەپێی سیستەمی ئەلیکترۆنی دەبێت



سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

**ڕووداو- هەولێر**

ئازاد، 31 ساڵ، ناوی خوازراوی گەنجێکی شاری هەولێرە کە بە واستە لەیەکێک لەتاقیکردنەوەکانی مۆڵەت دەرهێنانی شوفێری دەرچووە، ئازاد باسی لەوە کرد کە ناچاربوو واستەبکات، چونکە چوار جار لەتاقیکردنەوەی میکانیک دەرنەچوو، دەڵێت"نامەیەکم لەلایەن بەرپرسێکەوە هێنا، بەر لەوەی نامەکە پێشانی ئەفسەرەکە بدەم، داوام لێکرد دەرمبچوێنێت، بەڵام ئەو ئەفسەرە خۆی لێ تووڕە کردم، کە نامەکەم پێدا هەستایە سەر پێ و یەکسەر بۆی ئیمزا کردم".

بەپێی ئەوئامارانەی لەبەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ دەست (ڕووداو) کەوتوون تا 2008/10/20، لە هەولێر 232 هەزار مۆڵەت و لەشاری دهۆک 130 هەزار مۆڵەت و لەشاری سلێمانیش 184هەزار مۆڵەتی شۆفێری دەراوە.

پوشۆ سەدیق، بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر ئەوەی ڕەتکردەوە واستەو بەرتیل وەرگرتن لە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان هەبێت، گوتی "مۆڵەتدانی شۆفێری لە هیچ شوێنێک نادرێتە کەسێک کە نەزانێت ئۆتۆمبێل لێبخورێت، ئەو پڕوپاگەندانە قسەی ئەو هاووڵاتییە نەفس نزمانەن کە خۆیان پارەیان داوەتە ئێمە مۆڵەتیان پێ بدەین".

بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ بۆ سەلماندنی قسەکانی چەندین فۆرمی خستە سەر مێزەکەی کە بەپارە وەگیرابوون و بەرتیلیان دابووە پۆلیسەکە تاوەکو دەریبچوێنێت، بەتایبەتی لەکاتی ترای ناو بازاڕ، بەڵام پۆلیسەکان قبوڵیان نەکردووەو فۆرمەکەیان لەوکەسانە وەرگرتوونەتەوە"هەیە 25 هەزاری داوە بۆ ئەوەی دەر بچوێنرێ و، ئێستا دەست بەسەرمانکردووە".

بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی بەرتیل و واستەکاری، هەر مانگە و ئەفسەرێک سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێری دەکات. عەقید یوسف محەممەد کە ئەو ئەم مانگە سەرپەرشتی تاقیکردنەوەی بەشی میکانیک و نیشانەکانی هاتووچۆ دەکات، ئاماژەی بەوەکرد ئەو کەسانەی پەنا بۆ واستە دەبەن "کەسانی بێهێزن" و دەڵێت "ئەو کەسانە فێربوونە ئەو کارە بکەن هەر کە دەچنە فەرمانگەیەکی حکومی هەر دەبێت پارچە کاخەزێک ببەن، بەڵام بەتایبەتی لەکارەکانی هاتووچۆدا تاوانە واستەی تێدا بکرێت، چونکە ئەوە پەیوەستە بە ژیانی مرۆڤەکانەوە".

ئەو ئەفسەرەی پۆلیسی هاتووچۆ باسی لەوە کرد کە ڕۆژانە زۆر داوایان لێدەکرێت و نامەیان بۆ دەچێت، بەڵام دەڵێت بەرتیلدان زۆر دەگمەن ڕوودەدات"زیاتر واستەو واستەکاری لەڕێگەی بەرپرس و ناسیاوییەوە"، گوتیشی نموونەی ئەوەمان زۆر لەلایە کە پارە یان کارتی مۆبایلیان بۆ دەرچوواندن داوەتە پۆلیس، بەڵام پۆلیسەکانمان قبولیان نەکردووەو هاتوون بە ئێمەیان ڕاگەیاندووە "شەرمەزارییە بۆ ئەو کەسەی پارە دەخاتە ناو فۆرمەکەیەوە".



دیمەنێک لە گۆڕەپانی ترای وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێری لە هەولێر (فۆتۆ:ڕووداو)

عەقید یوسف کە 14ساڵە لەهاتووچۆ کار دەکات، ئەوەندە بێزاری دەردەبڕی لەدەست ئەو کەسانەی کە نامەیان بۆ دەنێرن، وایان لێهاتووە ئەگەر بتوانن لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن ناوی بەرپرسەکان ئاشکرا بکات "یەکە یەکە لاپەڕەکان هەڵدەدەینەوە، کاکە گیان تکایە ئیتر نامەمان بۆ مەنووسن، تکایە وازمان لێ بێنن، با بتوانین کاری خۆمان بکەین".

ئەو سەرپەرشتیارە بەهەموو شێوەیەک ئەوەی ڕەتکردەوە کەسێک هیچ نەزانێت و لەلای ئەو بە واستە دەربچووێنرێت "چونکە هەر کارەساتێک بکات تاوانەکەی لەسەر منە".یەکێک لەوانەی کە بە پارە مۆڵەتی شۆفێری دەرهێنابوو، وەستایەکی کاشی بوو، باسی لەوە کرد ڕۆژێک کاری بۆ ئەفسەرێکی هاتووچۆ دەکرد، ئەفسەرەکە پێیگوتبوو چیت بووێ لەفەرمانگەکەمان بۆت دەکەم "منیش پێمگوت لەمۆڵەتی شۆفێری هاوکاریم بکە، چونکە نەمدەتوانی لەتاقیکردنەوەی ڕەمپە دەربچم"،هەروەها ئەو وەستایە گوتی "ئەو ئەفسەرە پۆلیسی لەگەڵ دانام، لەکاتی ڕەمپە ڕێنمایی منی دەکرد، کە چۆن بڕۆم، دواجاریش ئەوان نەبوونایە دەرنەدەچووم".

ئەفسەرانی پۆلیسی هاتووچۆ تەواو بێزارن بەدەست دیاردەی واستەکارییەوە، بەڵام بەئاشکرا قسە لەسەر دیاردەکە ناکەن، تەنانەت یەکێک لە ئەفسەرە ناسراوەکانی هاتووچۆ باسی لەوە دەکرد ئەگەر ڕۆژێک بمرێت لەداخی ئەوانە دەمرێت "چیان بوێت دەیکەن، گەندەڵی لێرەدا زۆر دەکرێت، ئەوەشم بەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندووە، کە چارەسەرێکی ئەو گەندەڵکاریانە بکرێت".

عەقید ڕۆبیتان فازل، سەرپەرشتیاری تاقیکردنەوەی ڕەمپە، ئاماژەی بەوەکرد کە ڕۆژانە واستەکاریان بۆ دێت "هەندێک لەواستەکان کاریگەریان لەسەر ئێمە هەیە، بەڵام زۆربەی واستەکان ڕەتدەکەینەوە، 5%ی خەڵک واستەی بۆ دەکرێت، ڕۆژانە زیاتر لە 20 کەس واستە دەکات، بەردەوام نامەمان بۆ دێت، ئەگەر بگونجێت دەریدەچووێنم، بەڵام ئەگەر بزانم شۆفێرێکی خراپە، ئەگەر 20 واستەش بکات هەر دەیکەوێنم، تەنیا هاوکاریان دەکەین".

کێشەی ئەو ئەفسەرانە ئەوەیە ئەگەر واستەکان قبوڵ نەکەن پێیاندەڵێن کەسێکی توندە، کەللە ڕەقە، کاری خەڵک ناکات، هەندێکجار باس لەوە دەکرێت پۆلیسەکانی هاتووچۆ لەترسی سەرووی خۆیان ئەو واستانە قبوڵ دەکەن، بەڵام عەقید یوسف دەڵێت پێویست ناکات پۆلیسەکان بترسێن چونکە لەسەرووی هەر بەرپرسێکەوە بەرپرسێکیتر هەیە، پێویستە پۆلیسەکان ویژدانی خۆیان ئاسوودە بکەن "هیواداریین ئەوەندە دەست نەخەنە کارەکانی هاتووچۆ، چونکە ڕۆژ هەیە دەیان نامە بۆ هەر یەک لەئەفسەرەکان دێت".

ئەو نامانەی بۆ ئەو ئەفسەرانە دێت بەگوێرەی قسەکانی عەقید ڕۆبیتان زیاتر بە شێوەی داواکردن و تکا کردنە نەک فەرمان پێکردن کە هەر دەبێ کەسەکە دەربچووێنێت، هەروەها عەقید ڕۆبیتان ئاماژەی بەوەدا ڕۆژانە ئەوەندە نامەی



**ڕۆژ هەیە دەیان نامەی واستەکردن بۆ هەر یەک لەئەفسەرەکان دێت**

عەقید ڕۆبیتان فازڵ

واستەیان ئاراستە کراوە لەگەڵی ڕاهاتوون، بەپێچەوانەی عەقید یوسف گوتی "بێزار نابین".

بۆ نەهێشتنی واستەکاری و بەرتیلدان، عەقید یوسف بە پێویستی زانی بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری سیستمی ئەلیکترۆنی پەیڕەو بکرێت، وەک چۆن لەکۆریاو دوبەی پەیڕەو دەکرێت "بەو شێوەیە دەتوانین 100%چارەسەری دیاردەکە بکەین".

---

# ئایا یاسای هاتووچۆ بۆ هەمووان یەک یاسایە؟!



حەکیم کاکەوەیس

ئەم بابەتە، بابەتی من نییە و خۆزگەم دەخواست کەسێکی دیکە بینووسیبا. ناکرێ نووسەر، خۆی لە هەموو بابەتێک هەڵقورتێنێ و لە هەمووشیدا، هەر ناڕازی بێ! بەڵام شتێک یان دیاردەیەک هەیە مرۆڤی دەرەوەی دەسەڵات، لەم وڵاتەی ئێمەدا لێی ڕازی بێ؟! ئایا لەم وڵاتەی ئێمەدا یاسا سەروەرە یا دەسەڵات؟! ئێمەیەک، کە هەموو تەمەنمان تێنووی ئازادی بووبین و ئێستا خەڵکمان هەبێ خۆزگە بۆ دەسەڵاتی داگیرکەر بخوازێ، سەیر نییە قسەمان لە سەر هەموو لایە سەقەتکراوەکانی ژیان هەبێ، لە باسی ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەوە بگرە تا دەگاتە باسی خۆراکی ژەهراوی و کەرەستەی بازرگانی و یاساکانی هاتووچۆ و دەرمانفرۆشی و ژنکوشتن و بێ مامۆستایی قوتابخانە و...

یاسای هاتووچۆ یەکێکە لەو سستەمانەی کە مرۆڤی ئەم سەردەمە، لە لایەکەوە لە مرۆڤی سەردەمی بەرد و سەدەکانی نێوەڕاست جیا دەکاتەوە، لە لایەکی دیکەوە سنوورێک لە نێوان مرۆڤ و گیاندارە دڕەکاندا دادەنێ. لە جیهانی دڕندان دا، بەهێز و بڕندەی کەڵبەتیژ بڕیار دەدەن کێ لە کوێوە بیقوچێنێ یان چۆن بخورێ. ئەگەر وەک ئێستا، هەرکەسە و بۆ خۆی یاسای هاتووچۆ دابنێ و پەیڕەوی بکا، واتە یاسا لە ئارادا نەما و گەڕاینەوە بۆ سەردەمی بەرد و چووینەوە ناو ژیانی ئەشکەوت، بەڵام بە مۆنیکاوە.. بە سەفتە دۆلار و چەک و دوا مۆدێلی ئۆتۆمبێلەوە، ئەوەندەش بە ناز و لووتبەرزییەوە ئەو ئۆتۆمبێلانە دەهاژۆین، هەر دەڵێی یەک بە یەکی بورغوو و واشەر و پەرچی ئەو ئۆتۆمبێلانە، لە کارگەی بابماندا، بە دەست و بیر و هۆشی خۆمان دروستکراون. وڵاتە پیشەسازییەکان، بەرهەمهێنن و ئێمەش جگە لەوەی بەکارهێنەری خۆکوژین، وڵاتی خۆمان کردووەتە زبڵدان بۆ بەرهەمی ئەوان و چییان لێ بەڵا بێ، بە پارەی خۆمان لە وڵاتەکەماندا فڕێی دەدەن.. وەک زانیومە، کوردستان بۆ داوودەرمانیش بووەتە هەمان زبڵدان!

کورد میللەتێکە، دەتوانێ شارستانی بێ و بۆ پێشکەوتنیش ئامادەیە، بەڵام لەم هەرێمۆچکەیەدا، بواری پێشکەوتنی بەوە لێگیراوە، ئەوانەی کە لە یاسا باڵاترن، بە ژمارە یەکجار زۆرن و ئەمەش بووەتە سەربازی ژێردەستییەکەی. نیشانەکانی هاتووچۆ بۆ ڕەچاوکردن هەن، بەڵام پێدەچێ ئەو نیشانانە تەنها بۆ ئەوە هەبن کە خەڵکی دەرەوەی حکوومەت و دەسەڵات ڕەچاویان بکەن. بەچکە لێپرساو و خزمی شوفێری بەرپرسە حیزبی و حکوومییەکان، ئەو یاسایانە ڕەچاو دەکەن کە لە کات و ساتی خۆیدا، بە عەقڵ و هەوەسی ئەو ساتە، بۆ خۆیانی دادەنێن. خەڵکی دەرەوەی حکوومەت و حیزب و دەسەڵاتیش، دەبێ لە هەموو ساتێکدا بزانن چ یاسایەک بە هۆشی ئەو دەسەڵاتدارە نازدارانەدا دێ!! بە پێچەوانەی ئاراستەوە دازۆن یا مل بە گڵۆپی سوورەوە دەنێن، یا خۆڵ و تۆز یا قوڕەلیتە بە سەروگوێلاکی خەڵکدا دەکەن یا کەسێک دەشێلن یان لە پشتەوە لە ئۆتۆمبێلی خەڵکی دەرەوەی دەسەڵات دەدەن و دوایی سزاشی دەدەن. قەیدی نییە ئەو دەسەڵات بەدەست و پەراوێزی دەسەڵات بەدەستانە ئاوها ڕەفتار دەکەن، بەڵام با نەڵێن تووشبووانی دەستیان، خەتابارن! ئەو تووشبوانە هەر لەوەدا خەتابارن کە هەن و وەک هەر بوونەوەرێکی دیکە بۆشاییەک لە بووندا پڕ دەکەنەوە. ئەوانیشمان لێ بوونەتە مارینز و دەبێ جادەیان بۆ چۆڵ بکەین! ئاخر هەندێ جار وەک ئەوان چاویلکەی ڕەش لە چاو دەکەن و وەک ئەوان خۆ لە خەڵکی مۆن دەکەنەوە! چما بەوەی دەبێ!

من پێشنیاز دەکەم ئەو نازدار و بەڕێزانەی ناو دەسەڵات و پەراوێزی دەسەڵات، لە پاش و پێشی ئۆتۆمبێلیانەوە، لایتی سوور یا شینی فسفۆریان هەبێ تا هەموو کەس لە دوورەوە بیانناسێ و خۆی بۆیان لادا: فەرموون بەڕێزینە! فەرموون تەڕاتێن هەر قابیلی جەنابتانە! ئاخر ئەگەر ئەو لایتە نەفرەتییە هەبووایە، بۆچی منداڵ دەشێلدرا و دواییش باوکی ناچار دەبوو دڵی گەورە بێ و لێبووردە بێ و یاساش.. بۆ هەژاران هەر لێبووردنی تێدا هەیە! سوڵحی عەشائیری، سەروەری یاسایە! سوڵح ناکەی چ دەکەی؟!

تەماشای ئەم ڕووداوە بکەن و لە بری ئەو حاکمەی کە ڕێی (سوڵحی عەشایری داناوە)، حوکمبدەن.. حوکم هەر بۆ ویژدانی خۆتان، نەک شتێکی دیکە:

ئێستا.. تا ئەم ساتە (نیوەی یەکەمی دوامانگی ساڵی 2008) جادەی سەرەکی هەولێر ـ کەرکووک، تا نێزیک خاڵی پشکنین دوو سایدە. لە جێیەکدا، لە سەر ئەو جادە خێرایە، نیشانەی لادان دانراوە بۆ ئەو شوفێرانەی کە دەیانەوێ بە دەستە چەپدا لابدەن، یا بەرەو هەولێر بگەڕێنەوە. وەک لە




وینەی ژمارە (1): (ع) کە پیکابی ژمارە (15357)ی بە دەستەوە بوو، ئەو نیشانەیەی خوارەوەی دیوە و ویستوویەتی لە کەلێنی دوای نیشانەکەوە لابدات و بەرەو هەولێر بگەڕێتەوە

وێنەی ژمارە (1)دا دیارە.

ئاشکرایە لادان بە دەستەچەپدا، هەمیشە مەترسیدارە، جا لە جادەی یەک ساید بێ یا دوو دوو ساید. بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ، نیشانەی لادانی داناوە، بەڵام لە بیری چووە لەو شوێنەدا کەلێنێک بۆ لادان تەرخان بکا. ئەم وێنەیەی خوارەوە، ئەو کەلینە بۆ لادان ڕوون دەکاتەوە، کە لەو جێیەدا بوونی نییە، بە تایبەتی لە سەر ڕێگەی خێرای وەک ئەو شوێنەی ڕێگای کەرکووک ـ هەولێر، کە هەر دەبێ هەبێ و ئەگەر نەبێ، نابێ پێچکردنەوە و لادانیش هەبێ:

(ع) دوای بینینی نیشانەی گەڕانەوەکە، گەیشتووەتە ئەو شوێنەی کە بڕیاری داوە لێیەوە لابدا و بگەڕێتەوە، بەڵام کتوپڕ لە پشتەوە، ئۆتۆمبیلێکی پۆلیس پێیدا کێشاوە و هاویشتوویەتییە سایدەکەی بەرانبەر کە لە کەرکووکەوە دێ. واتە لە خاڵی (ا)ەوە فڕەی داوەتە خاڵی (ب)- وێنەی 5- و وەریگێڕاوە. دوو کەسیش کە لە پیکابەکەدا بوون، زامدار بوون و ماوەیەکی درێژ پەکی کار و کاسبییان کەوت، کە دەبوو قەرەبووی ئەوەش بکرێنەوە. کەوتنی پیکابەکەی (ع) لە سایدی بەرانبەر، بەڵگەیە بۆ ئەوەی بە لای کەمەوە نەختێ چووەتە کەلێنەکەوە، دەنا دەبوو هەر بە ئاراستەی کەرکووکدا وەربگەڕێ.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە، کێ لەو ڕووداو و زەرەرانە بەرپرسیار یا خەتابارە؟ (ع) یان ئۆتۆمبێلەکەی پۆلیس؟ ئەو بڕیارە لێدەگەڕێین بۆ بەرپرسانی هاتووچۆی هەولێری پایتەخت با ئەوان وەڵام بدەنەوە. من، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ سەروەریی یاسا، وای بۆ دەچم، یەکەم خەتابار لەو ڕووداوەدا، لایەنی حکوومەت بێ کە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆدا بەرجەستەیە. ئەو شوێنە وەک تەڵەیەکە بۆ خەڵکی، ئەگەر پیاوی دەسەڵات لەو جێیەدا پێوە بێ، ڕەنگە خولێک بە دەوری یاسادا بیخولێننەوە و دەربازی بکەن، بەڵام خەڵکی هەژار و کاسبی ماڵی خۆیان، دەبێ باجی ئەو تەڵەیە بدەن. دووەم خەتابار ئەو شوفێرەیە






وینەی ژمارە (3): جێی گەڕانەوە کە دوای نیشانەکە دێ

کە لە دواوە لە ئۆتۆمبیلەکەی (ع)ی داوە، ئەوە جگە لەوەی لە هەموو بارودۆخێکدا ئەو شوفێرەی لە ئۆتۆمبێلی پێش خۆی بدا، هەمیشە خەتابارە و هەموو زەرەرەکە، هی هەردوو ئۆتۆمبێلەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو یان کۆمپانیای دڵنیایی، کە بە داخەوە لە کوردستاندا، تەنانەت بۆ ئۆتۆمبێلی پۆلیسی هاتووچۆش نییە و لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، مرۆڤ بۆی نییە یەک دەقیقەش ئۆتۆمبیلێک بازۆێ کە لە کۆمپانیای دڵنیایی (شرکە التامین)دا تۆمار نەکرابێ. ئەمەش دەبێتە هەڵەی حکوومەت و دەچێتە پاڵ نەخشە و نیشانەی ڕێگاکەوە.

ئەو پۆلیسەی لە ئۆتۆمبێلەکەی (ع)ی داوە، مافی خۆیەتی شکات لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆ بکات. بەڵام ئەو کارە دەکات؟ ئەگەر بیکا، ئایا هیچ پارێزەرێک بەرگری لێدەکا؟ کە شکاتی وا لەم وڵاتەی ئێمەدا ناکرێ، ئەو پۆلیسەش شکاتی لە (ع) کردووە و شکاتیشی دەبیسترێ!

نابێ لە بیرمان بچێ کە دنیا زۆر بچووک بووەتەوە و بۆی هەیە بێ یاساییەکی ئاوها ببێتە سەرەباسێکی گرنگ بۆ لێدانی شتێک کە حەزی لێ ناکەن. بە دواداچوونی ئەو بابەتانەش، بە لای کەمەوە لە ڕووی دڵسۆزییەوەیە بۆ یاسا و سەقامگیریی. ئاخر دەیان و سەدان ساڵە کورد بە دەستی بێ یاسایی و یاسای جەنگەڵەوە دەناڵێنێ، با دەسەڵاتی خۆماڵیش لە هەندێ بواردا زیاد دەست دانەگرێ تا کەس ڕووی ئەوەی نەبێ خۆزگە بۆ دەسەڵاتی بێگانەی داگیرکەر بخوازێ!

لە دادگادا، دادوەری بەڕێز بە (ع)ی گوتووە: بۆچی بۆ خۆتان پێک نایەن؟! منیش دەپرسم: ئەی ڕۆڵی یاسا و پۆلیس لەم مەسەلەیەداچییە و یاسا بۆچییە، جەنابی دادوەر! نابێ هەڵە لە بکرێتەوە؟! نابێ هەر کەسە و مافی خۆی بەپێی یاسا وەربگرێ و (پۆلیس)یش بڕیاری دادگا جێبەجێ بکا؟ ئەگەر مەسەلە پێکهاتن بێ، بگەڕێینەوە سێبەری ئاغا و کوێخا باشتر نییە؟! ئاخر چۆن پێک بێن؟ (ع) بچێ چی بڵێ؟ داوای لێبووردن بکا کە لێی دراوە و وەریانگێڕاوە و سەروگوێلاکی شکاوە یا ئۆتۆمبێلەکە بۆ حکوومەت چاک بکاتەوە؟!

هیوادارم پۆلیسی هاتووچۆ و جەنابی دادوەر پێش ئەوەی بە هەڵوێست وبڕیاری خۆیاندا بچنەوە، ئەو نیشانەیە لەو جێیەدا لابەرن، یا ئەو جێیە بۆ لادان و پێچکردنەوە بگونجێنن. غەدری لەم بابەتەش لە کەسێک نەکرێ کە هێشتا ترسی دڕندەیی بەعس و یاسای جەنگەڵی بەعس بەری نەداوە!. ئەگەرنا، خەڵکی کوردستان لە دەست یاسای ئاوها پەنا بۆ چی بەرن؟! بە قەولی یەکێک لە بەرپرسە دێرینەکان، با بچێ وەک پیرەژن دوعایان بکا!.



وینـەی ژمارە (4): بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و ئەندازیارانی هاتووچۆ، ئەو لادان و ڕێیە خێرایەیان ئاوها لێکردووە یا ئاوها لێیگەڕاون، کە وەک مین بە خەڵکیدا دەتەقێتەوە






وینەی ژمارە (6): ئۆتۆمبیلەکەی (ع) دوای لێدان و وەرگەڕاندنی

# هەمەجۆر



## ڕەزازی قەڵادزێی لەخەیاڵ نەبوو

ڕووداو- NNA

◆ لەوەڵامی داخوازییەکانی خەڵکی قەڵادزێ بۆ یادی کیمیابارانی ئەو شارە، هونەرمەند ناسر ڕەزازی لەشاری قەڵادزێ کۆنسێرتێک ساز دەکات. بڕیارە ڕەزازی چەندین کۆنسێرت لەشارەکانی کوردستان ئەنجامبدات و وەک خۆی دەڵێت یەکەم کۆنسێرتی لەکەرکووک و دووەمین کۆنسێرتیش لەخانەقین دەبێت.ناسری ڕەزازی لەوبارەیەوە ڕایگەیاند "پێشتر لەخەیاڵمدا نەبوو لەقەڵادزێ کۆنسێرت ساز بکەم، بەڵام لەسەر داواکاری زۆری خەڵکی ناوچەکە، بەڵێنیان پێدەدەم کە سێهەمین کۆنسێرتم لەشارۆچکەی قەڵادزێ ساز بکەم".

# هێرۆخان مێهران دێنێتە کوردستان

**ڕووداو- کوردنیوز**

دەرهێنەروئەکتەروکۆمێدیەنی بەنێوبانگی ئێرانی (مێهران مودیری) لەسەر بانگهێشتی خانمی یەکەمی عێراق دیتە کوردستان.

دوای ئـــەوەی هێرۆ ئیبراهیـــم ئەحمەد هونەرمەندی بەنێوبانگـــی ئێران محەممەد ڕەزا شەجەریانی بانگهێشتی کوردستان کرد، ئەمجارە بە فەرمی مێهران مودیری دەرهێنەرو ئەکتـــەر و کۆمێدیەنـــی بەنێوبانگی ئێرانی بانگهێشتی کوردستان کردووە و ناوبراویش داواکەی قبووڵکردووە و بەم زووانە سەردانی کوردستان دەکات.

مەبەست لەو بانگهێشتنە کەڵک وەرگرتنە لەتوانـــای هونەری مێهـــران مۆدیری و بەرز ڕاگرتنـــی پەیوەنـــدی هونەرمەندانی کوردو فـــارس و ئاشـــنایی زیاتر بـــە فەرهەنگی ئێرانییە.



کۆمێدیەنی ئێرانی مێهران مودیری

# چنار بە نابەدڵی گەڕایەوە ئیسرائیل

**کاژین بەرواری**
**ڕووداو-ئیسرائیل**

چنار ئیسماعیل، پێشکەشکاری بەرنامەی (جیهانـــی منـــداڵان) لەتەلەفزیۆنـــی گەلـــی کوردستان کەناڵی دهۆک، بەدڵێکی ڕەنجاوەوە گەڕایەوە ئیسرائیل و بەر لەگەڕانەوەشی هیوای خواست جارێکی دیکە بگەڕێتەوە کوردستان.

چنـــار، ســـاڵی 1994 لەشـــاری دهـــۆک لەدایکبـــووە، لەتەمەنی چوار ســـاڵی لەگەڵ ماڵباتەکەی چووەتە شاری ئۆرشەلیم (قودس)، دوای 6 ســـاڵ لەگـــەڵ ماڵباتەکـــەی دێتەوە کوردستان. دوای گەڕانەوەی وەک حەزێک رووی لەکاری ڕاگەیاندن کردو بووە پێشکەشـــکاری بەرنامەی جیهانی منداڵان لەتەلەفزیۆنی گەلی کوردستان هەروەها چووە ڕیزی تیپی موزیکی منداڵانی دهۆک.

ئەو کچە کـــوردە، کە زمانـــی عیبری زۆر بەباشی فێربوو بوو لەبارەی تێڕوانینی خەڵک بۆ ئەوان دەڵێـــت "ئێمە وامان بیردەکـــردەوە کە ئەگـــەر خەڵک بزانێت ئێمە لەئیســـرائیل هاتووین، بەچاوێکی تر سەیرمان دەکەن، بەڵام کاتێک دەیانزانی ئێمە لەئیسرائیل هاتووین زیاتر شادمان دەبوون".

دوای بەســـەر بردنی 5 ساڵ لەنێو جیهانی منداڵانی کوردســـتان، بڕیارێکی خێزانەکەی، چنـــار تووشـــی شـــۆک دەکات، کاتێک بڕیار دەدەن بگەڕێنـــەوە ئیســـرائیل، چنار گوتی " کاتێک زانیم دەگەڕێینەوە ئیسرائیل، بۆمن زۆر ناخۆش بوو، بەڵام ناچاربووم لەگەڵ خێزانەکەم بچم".پێشکەشکاری بەرنامەی منداڵان هەستی بەناخۆشی دەکردو نەیدەخواست دەستبەرداری کار و هاوڕێیانی ببێت، ئەو خواحافیزی لەمنداڵ و تەماشاکارانی بەرنامەکەی نەکرد "بەڕێوەبەری بەرنامەی منداڵان پێیگوتم، شتی بەم شێوەیە لەبەرنامەکەمـــان ناگوترێ".




# خزمێکی ئۆباما بووە حاجی

**ڕووداو-الشرق الاوسط**

"دەســـتی دوعـــا و نزام بۆ خـــودا بەرز کردەوە دوعام بۆ ســـەرۆک ئۆباما کرد کە لە ماوەی ســـەرکۆمارییەکەیدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، خودا سەرکەوتووی بـــکات بەو شـــێوەی لە خێر و خۆشـــی مرۆڤایەتیدایە" ئەوە قسەی حاجی عومران ســـەعد خێروڵڵا بوو کـــە خەڵکی گوندی کوجیلوی کینیایەو لە هۆزی (لیو)ە کەهۆزی باراک ئۆبامایە.

حاجی عومـــران (23 ســـاڵ) خزمێکی نزیکی ئۆبامایەو ئەمساڵ لە گوندی کوجیلو چووەتە حەج،عومران بە عەرەبییەکی شـــڕ و ئینگلیزییەکی ڕەوان بە ڕۆژنامەی شەرق ئەوسەتی ڕاگەیاند، کە ژمارەی ئەوحاجییانەی لە کوجیلووە بۆ حەج هاتوون 10 کەســـن. ســـەبارەت بەوەی بۆچی دوعا بۆ سەرۆک ئۆبامـــا دەکات گوتی:"چونکـــە سەر بە هۆزی ئێمەیە و تا ئێستا نەنکی لە نێوماندا دەژی کەناوی سارایە کەدایکی حوسێنی باوکی ئۆبامایـــەو موســـڵمانە". حاجی عومران هەروەها ڕوونیکردەوە کە 80%ی هۆزەکەیان موسڵمانن.

عومران یاداشـــتەکانی ئۆباما پشت ڕاســـت دەکاتەوە و دەڵێ" هۆزەکەمـــان ڕەگ و ڕیشـــەی بۆ باشووری ســـوودان دەگەڕێتەوە، لە سەردەمی کۆلۆنیالی ئینگلیزدا بـــەرەو کینیا کۆچی کـــردووە".

عومران دەڵـــێ جاران گوندەکەمـــان وەک هەر گوندێکی ئـــەم جیهانـــە وا بوو، ئێـــواران زوو دەنووســـت و بەیانیان بەخەبـــەر دەهات، بەڵام بە هەڵبژاردنی ئۆباما وەک سەرۆکی مەزنترین و بەهێزترین دەوڵەتی سەر گۆی زەوی، ئیدی خەڵکی کینیا بەر لە بیانییان ڕووی تێدەکەن و بووەتە مەزارگە.

دوای ئـــەوەی کەســـێکی خەڵکـــی گوندەکەیان بوو بە سەرۆک، ئیدی کوجیلو بوو بە وەرشـــەیەکی کار کردن بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژەی پەرەپێدان، دەشـــڵێ"لەگەڵ ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتیی ئەودا قیرتاو کردن و ڕووناک کردنەوەی شـــەقامەکان دەستیان پێکرد، بەرپرسانیش لە جاران زیاتر سەردانی دەکەن، حکوومەتیش بە نیازە مۆزەخانەیەکی تێدا بکاتەوە، چونکە پەیوەندیی بە ئۆباماوە هەیە".



سارای داپیرەی ئۆباما و حوسێنی زڕبرای

# شارۆخ دەڵێ تەنیا ناوەکەی ماوە



**ڕووداو- مهر**

دوای ســـازدانی کۆنســـێرتێکی حەیران لە ســـنەی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان، عەزیز شـــارۆخی ڕایگەیاند " مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی لەناوچووە".

هونەرمەنـــدی ناســـراوی کـــورد عەزیز شـــارۆخ کە خەڵکی مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، دوای سازدانی کۆنســـێرتێکی حەیران لە سنە، ئاماژەی بە گرنگینەدان بـــە موزیکی فۆلکلۆری کوردی کـــردو گوتی "بەداخەوە مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی تەنیا ناوەکەی ماوە، ئەگینا لەناوچووە و فەرامۆش کراوە".

شـــارۆخ داوای لە بەرپرســـانی فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان کرد زیاتر گرنگی بە موزیکی کوردی بدەن و گوتی "پێویستە هەوڵ و کۆششی بەرپرسان لەوە زیاتر بێت تاکو بتوانی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی لەو قەیرانە فەرهەنگییە ڕزگار بکەین".



# کیدمان: هاوسەرەکەم سەرنجڕاکێشەرترین پیاوە

**ڕووداو- نیمروز**

ئەکتەری بەنێوبانگی ئوسترالی بەتوندی ڕەخنەی لەگۆڤاری (بیبلۆ)ی ئوسترالی گرت لەســـەر ئەوەی گۆڤارەکە نازناوی سەرنجڕاکێشـــترین پیاوی هونەری بەخشییە ئەکتەری ئوسترالی هیو جاکمان.

لەمبارەیەوە کیدمان دەڵێ "کیس ئۆربانی هاوســـەرم شایانی ئەو نازناوەیە نەک هیو "کیس ئۆربان گۆرانیبێژەو هاوسەری نیکۆڵ کیدمانە و کچێکی چوارمانگیان هەیە بە ناوی ساندای ڕۆز.

کیدمان دوای جیابوونەوەی لەگەڵ هاوســـەری یەکەمی کە ئەســـتێرەی سینەمایی ئەمریکی تۆم کرۆز بوو، بێ ئەوەی منداڵیان هەبێت، ئەوە یەکەمجارە هەست بەسۆزی دایکێتی بکات دوای ئەوەی ساندای کچی هاتە ژیانییەوە.

هیـــو جاکمان نازناوی سەرنجڕاکێشـــترین پیاوی هونەرییەکـــەی لەلایەن گۆڤاری (بیبلۆ)ەوە پێبەخشـــراوە، بەبەشـــداری نیکۆل کیدمان، ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمێکدا بەنێوی (ئوسترالیا)دا بینیوە و لەساڵی 2009 دا بڵاودەکرێتەوە.

## عەدالەت ڕەزا بەڕێوەبەری ڕێکخراوی Art role:

# ئەگەر حکومەتی کوردستان وەڵامان نەداتەوە ڕوو لە بەغدا دەکەین

**کاکل ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

ڕێکخراوی Art role لە بەریتانیا لەلایەن چوار هونەرمەند: دوو بەریتانی و کوردێک و فەرەنســـییەک دامەزراوە.ئەو شێوەکارە کـــوردەی کە یەکێکـــە لـــە دامەزرێنەر و بەڕێوەبەرانـــی دەڵـــێ "ئامانجمان بریتییە لـــە دروســـتکردنی پردێکـــی کولتوری و هونەری لە نێـــوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا"، ئـــەو هونەرمەندە دەڵـــێ حکومەتی بەریتانیا هاوکاریان دەکات، بەڵام ئەوە نزیکەی ساڵێکە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامیان ناداتەوە.

عەدالەت ڕەزا گەرمیانی، کە لەدایکبووی قەزای خورماتووە و تا لە کوردستان بووە دوو پێشانگەی شێوەکاری کردووەتەوە، زۆر بەگلەییە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەڵێ، ڕێکخراوی (ئارت ڕۆڵ Art role)،واتـــە ڕۆڵی هونەر، ڕێکخراوێکی بەریتانییە و لە ســـاڵی 2004 دامەزراوەو، زۆر هاوکاری خۆبەخشیان هەیە کە زۆربەیان ئینگلیزن.

عەدالەت،کە خۆی بەڕێوەبەری Art roleە، دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانیە،دیپلۆمی باڵای لەهونەرەجوانەکانی موســـڵ بەدەســـتهێناوە، هەشـــت ساڵە لەبەریتانیا دەژی و بەکالۆریۆسی لەهونەرە جوانەکانی زانکۆی لنکۆلن بەدەستهێناوە. لە هەڤپەیڤینێکدا بـــە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کـــە Art role تاکە ڕێکخـــراوی هونەری و کولتووری بەریتانـــی و ئەوروپاییە تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی ڕاستەوخۆ کار لەگـــەڵ ( عێراق – کوردســـتان) دەکات،گوتیشـــی " هەمـــوو پڕۆژەکانمان بەپشتیوانی حکومەتی بەریتانـــی بەڕێوەچوون، لەڕێگەی وەزارەتـــی دەرەوەی بەریتانیا". هەروەها گوتـــی "رایان کرۆکەری باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغداو جەنەڕاڵ Patrick فەرماندەی گشتیی هێزە فرە ڕەگـــەزەکان لەعێراق، کە خۆی شـــاعیرە، ئاگاداری ئـــەم پڕۆژانەی ئێمەن".

ئـــەو دەڵـــێ یەکەمیـــن پـــڕۆژەی ڕیکخراوەکەیـــان بریتی بوو لە داوەتکردنی گرووپێکـــی هونەرمەندانی کوردســـتان بۆ بەریتانیـــا لە مـــاوەی 15 تـــا 30 / 2 / 2007، پرۆژەی دووهەمیشیان، لە 10/10- 6/ 11/ 2007 گرووپێک لە هونەرمەندانی بەریتانی و ئەمریکیان هێنایە کوردســـتان .هەروەها لەمانگی ئایاری ئەمساڵیش چەند هونەرمەندێکی دیکەیان هێنایە کوردستان، هەروەها دەڵێ "بەنیازین لە کۆتایی ئەمساڵدا دوو هونەرمەندی گەنج بۆ ماوەی یەک مانگ ببەینە بەریتانیا، بۆئەوەی سوود لە ئەزموونی ئەوێ وەربگرن، هەروەها ئێستا پەیوەندیمان لەگەل یەکێتی ئەوروپا و پەرلەمانی ئەوروپا و چەندین ڕێکخراوی جیهانی دروستکردووە بـــۆ ئـــەوەی ئۆفیســـەکەی بەریتانیامان فراوانتر بکەین و ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاریمان بکات ئۆفیس لێرەش دەکەینەوە". کاری دیکەشیان کردوون، کە هەموویان لە ماڵپەڕەکەیان بڵاوکراونەتەوە www.artrole.org.

عەدالەت دەڵێ بۆ ئەوەی ئامانجەکەیان لە ئاڵوگۆڕی هونەری بێتەدی دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاریان بکات، بۆ ئەو مەبەستەش داواکارییەکیان لە ڕێگەی وەزیری ڕۆشـــنبیرییەوە لە کۆتایـــی مانگی ئاداری ئەمساڵەوە داوەتە سەرۆکایەتی حکومەت، بەڵام تا ئێستا وەڵامیان نەدراوەتەوە.

گەرمیانی، ســـەبارەت بەو داواکارییەیان دەڵێ "بەهـــۆی وەزارەتی ڕۆشـــنبیریەوە داوایەکەمان بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بەرزکراوەتەوە، دوای گفتوگۆ و لێکتێگەیشـــتنێکی دوو کاژێری لە نێوان ئێمەو فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری . داوامان لەحکومەت کردووە لەکاتی هاتنی هونەرمەندانی بیانی، حکومەت میوانداریان لەئەستۆ بگرێت".

گەرمیانی گلەیی لە بێ وەڵامی حکومەت هەیـــە بۆ ئەو داواکاریەیـــان، کە دەیانەوێ حکومەت خەرجی هاتووچۆ و مانەوەی 10 هونەرمەند لە ئەوروپاوە بۆ کوردستان بخاتە ئەســـتۆی خۆی، بۆیە دەڵێت "بێ وەڵامی حکومەت تاکو ئێســـتا بەڵگەی بێ پلانی حکومەتمان بۆ ئاشکرا دەکات".

ئەو دەڵێ ئەگەر حکومەتی کوردســـتان وەڵامیان نەداتەوە، ڕووی داواکاری و کاریان دەکەنە بەغدا وگوتیشی "ئەگەر حکومەتی هەرێمـــی کوردســـتان هەر ئـــاوا بێ وەڵام بێت ناچـــار دەبین پرۆژەکەمان بگوازینەوە بـــۆ بەغدا بـــە تایبەتی لەکاتێکـــدا لەوێ بارودۆخەکـــە بەرەو ئارامی بچێت، ئەوکاتە هەلەکە لەدەست کورد دەردەچێت".


عەدالـــەت، گرنگـــی و بایەخی پرۆژەکە لـــەوەدا دەبینێ کە ئەوەی بە سیاســـەت ئەنجام نەدراوە بۆ تێگەیشـــتن لە خواست و داواکاریەکانی کوردســـتان، ئەوان بتوانن بەزمانی هونەری و ڕۆشنبیری ئیشی لەسەر بکەن و بە ئەنجامی بگەیێنن "دەمانەوێ بەو شێوەیە لۆبیەکی کوردی لەچەقی ئەوروپا پێکبێنین،کەچی بـــە پێچەوانەوە بینیمان لەمیهرەجانێکی وەکو (مەدا)دا چوارســـەد کەســـیان لە عەرەبەکان میوانداریکرد، خۆ ئەگەر لەو ژمارەیەدا پێنج کەسیان دڵسۆزی کورد بن زۆر خۆشحال دەبم".

ئەو پێیوایە، هەموو وڵاتان بۆ پێشکەوتن جگە لە بواری ئابووری و سیاسی پێیوستیان بە پێشکەوتنی هونەری و ڕۆشنبیرییە، بۆ ئەو مەبەستەش کودرستان دەبێ ڕووی لە ڕۆژئاوابێت. عەدالەت ڕەزا دەڵێ"ئەوەی من لەرابردوودا هەســـتم پێیکردووە و بینیومە هەتاکو ئێســـتاش بەردەوامـــە فەرهەنگی عەرەبی و تەنانەت بەعســـیانەش بەســـەر فەرهەنگی کوردیدا زاڵە".



عەدالەت ڕەزا

دەقی هەڤپەیڤینەکە
لە (ڕووداونێت)دا بخوێنەوە
WWW.RUDAW.NET



# کاتیک نیگرۆیەک دەبێتە سەرۆک

رامیار مەحمود-کەنەدا
karwanmramyar55@gmail.com

خەڵک زۆرجار تێرمی ئایدیۆلۆجی بە مانای باوەڕێکی سیستماتیک بەکاردەهێنن. بەگشتی ئەم تێرمە دەشێت لە ناو زیاتر لە پێناسەو شیکردنەوەیەکدا بەکاربهێنرێت و، زۆرجار ماناکانی نەیاری بە مۆدێرنێتی لە خۆیدا کۆدەکاتەوە وەک نەیاری بەرامبەر لیبرالیزم لە سیاسەتدا و تاکەکەسخوازی لە مۆراڵێتیدا و نەیار بەرامبەر بە بازاڕ لە رووی ئابورییەوە، یان بە مانای رەواییدان بە دەسەڵات و هێشتنەوەی پەیوەندی دەسەڵاتخوازی کە پێناسەیەکی زۆر بڵاوە، بەکاردەهێندرێن.

بە گوێرەی تێزی ئیگلیتۆن، ئایدیۆلۆجی لێکۆڵینەوەیە لە مەعریفە و بیر لە رووی زمانەوانییەوە پرسیارە دەربارەی ئەوەی بۆچی مرۆڤ دەبێتە هەڵگری دیدێکی دیاریکراو و شیکردنەوەی ئەو رێگایەی مرۆڤەکان بیری پێدەکەنەوە لەگەڵ هەقیقەتە کۆمەڵایەتییەکاندا. بۆ نۆرسرۆب فرای خولقێنراوێکی هۆشمەندانەیە لای فۆکۆ بە زەبروزەنگ سەپێنراوە. ئایدیولۆجی دامەزراندنێکی فەنتازییە لەسەر میسۆلۆجی و میتافۆر بەندە و بە دوای لێکدانەوەیەکی دیاریکراوەوەیە بۆ جیهان و کۆمەڵگا.

لەم رووەوە رەشپێست بناخەیەکی ئایدیۆلۆجی هەیە لە ناو بیرکردنەوەی خۆرئاوایی و ئەورووپیدا، ئەم ئایدیۆلۆجییە بناخەیەکی میسۆلۆجی و فەلسەفی هەیە و سەیرکردنێکی ریزبەندییانەی هەیە کە رەشپیست دەخاتە ئاستی خوارەوە و سپی پێست بۆ سەرەوە. رەشپێست و سپی پێست دوو جەمسەری دژ بەیەکن لە بونیادی کۆمەڵگایەکدا کە لەسەر ئایدیۆلۆجییەکی ئایدیالستی دامەزراوە و دادوەری کۆمەڵایەتی تێیدا لەسەر بنەمای تایبەتمەندی و شایستەییە لەژێر سایەی ئەم ئایدیۆلۆجییەدا تەنها رەگەزە باشەکە (سپی) شایستەیە.

لە پەیوەندی هێزدا ئەوروپا خۆی وەک سپی لە رەگەز و تایبەتمەندیدا پێناسە دەکات، خۆی لە لوتکەی ریزبەندییە کۆمەڵایەتییەکەدا دادەنێت، لە ناو ئەم باڵادەستییەدا ئەفەریقا وەک رەش پێست دامەزرێنراوە لە رووی کولتوری و رەنگی پێستەوە. هەڵبەتە سەرچاوەگرتنی بیرکردنەوە لەسەر بنەمای رەگەز رەگێکی قووڵی لە ناو سەدەی هەژدەیەمدا هەیە، بەڵام رەیسیزم وەک دۆکتەرینی دەوڵەت حاڵەتێکی تایبەتی ئەڵمانیای سەردەمی نازیزمە، بەڵام کێشەی رەش کیشەیەکی قووڵ و جیاوازترە لە کێشەی جولەکەو دۆخە هەمە رەنگەکانی رەیسیزم.

(فانون) لە کتێبە بە نێوبانگەکەیدا (پێستی رەش و دەمامکی سپی) جیاوازییەکی قووڵ دەخاتە ڕوو لە نێوان مەسەلەی جولەکە و مەسەلەی رەش پێستدا، لەو رووەوە کە رەشپێست مەترسییەکی بایۆلۆجییەو ترس لە نیگرۆ رەهەندێکی بایۆلۆجی هەیە جیاواز لە جولەکە کە لە رووی دەسەڵات و ئینتلێکچواڵییەوە جێگای مەترسییە.

بیرمان نەچێت ئۆباما تەنها هێما نییە بۆ پەڕینەوە بۆ قۆناخی دوای بیرکردنەوە لەسەر بنەمای باڵادەستی رەگەزی لە کۆمەڵگای ئەمەریکیدا. بەڵکو وانەیەکی ئەخلاقی و سیاسی گرنگیشە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە کە بەدەست قۆرخکردنی سیاسی و سەیرکردنێکی نایەکسانەوە دەناڵێنێت بۆ بەهاکردنی ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵگایە کە دیوە سیاسییەکەی بریتییە لە گوتاری ئێتنیک ناسیونالیزم، کە وا دەکات گرووپە ئاینی و رەگەزییە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی هەست بکەن بێ داهاتوو و بێ هیوا و دەرکراون. بۆ ئەمە پێویست دەکات پارتە سیاسییەکانی کورد واز لە گوتاری ناسیونالیزمی رەگەزی بێنن کە کوردبوون دەکاتە سەنتەری خۆی و پێویستە خۆیان بگوێزنەوە بەرەو ناسیونالیزمی مەدەنی کە لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوونە. دیوە ئەخلاقیەکەش ئەوەیە ئەم کۆمەڵگایە دەستهەڵگرێت لە مەسەلەی گاڵتەجاڕیکردنی شارێک بە شارێکی دیکە و شار بە دێهات و نزم بەهاکردنی مرۆڤی ئەم کۆمەڵگایە بە هۆی شوێنی کۆمەڵایەتی و جوگرافییەوە، هەمووما دەزانین خەڵکی شارە کۆمیدییەکانی کوردستان خۆشحال بوون بەوەی خەڵکی راگوێزراوی گوندەکان، ئەنفال و کیماباران بکرانەیە نەک بهاتنایە سەر ورگی شارە کۆمیدییەکانی کوردستان.



# بێ هەلویستی بەرامبەر سەرهلدان بۆ خواندنا زمانێ کوردی

موسەدەق تۆڤی- دهۆک

ژ دەسپێکا وەرزێ خواندنێ یێ نوو هەتا ئیرۆ ل باکوورێ کوردستانێ و ل بازێرێن دی یێن تورکیا ئەوێن کورد لێ دژین هەوەکا بەرفرەها داخوازیێ بۆ خواندنا زمانێ کوردی د هێتەکرن، ئەڤ هەوە ل ژێر دروشمێن وەک : ئەم پەروەردەیا ب زمانێ کوردی د خوازن،بێ زمان ژیان نابە،زمانێ من هەبوونا مەیە. ب رێڤە دچیت،کو هەژیە ب "سەرهلدان بۆ خواندنا زمانێ کوردی" بێتە بناڤکرن،یەکەمین بزاڤا جەماوەرییە کو هەموو تەخ و ئالیێن سیاسی و جڤاکیێن باکوورێ کوردستانێ ب بیر و باوەر و بۆچوونێن خوە یێن جوداڤە پشکداریێ تێدا دکەن،هەموو یەکدەنگ دخوازا پەروەردەیا ب زمانێ کوردی دکەن ڤێت، ب هەڤرا یێ بزاڤێ دکەن بۆ نەهێلانا وان بریاران یێن مستەفا کەمال ئەتاتورکی و میراتگرێن وی زمانێ کوردی پێ قەدەخەکری.

ئەڤ هەوە یان راسترە بێژین ئەڤ سەرهلدانە د دەمەکێ نێزیک یان دووردا دێ هەر گەهیتە ئارمانجا خوە و زمانێ کوردی ل ڤێ پارچا مەزنا وەلاتی دێ بیتە زمانێ پەروەردێ و ئەڤ وارێن دی. بەلێ یا من دڤێت د ڤی بابەتیدا ئاماژە پێ بکەم خالێن ژێرینە:

-بەری هەر تشتەکی ئەڤ سەرهلدانە چاکترین بەرسڤە بۆ خۆیی و بیانیان بۆ تورکێن شوڤێنیست و هندەک کوردان ب خوە ژی یێن بۆ هەر مەرەمەکێ بیتن هەڤباوەر دگەل تورکان دبێژن زمانێ کوردی ل تورکیا نەمایە،ل ئاستێ مرنێیە،زمانێ هندەک گوندان و چەند عەشیرەتەکانە و یێ خەندقیە ب پەیڤێن تورکی..!بەلێ ڤێ سەرهلدانێ سەلماند زمانێ کوردی ل باکوورێ کوردستانێ هەر یێ زیندوویە و ب زیندوویاتی دێ وەرارێ کەت.

-خالا دی تایبەتە بێ هەلویستێ خەلکێ باشوورێ کوردستانێ بەرامبەر ڤێ سەرهلدانێ،ئەڤ پەیڤە ژی پتر ژ دەسەلاتداریێ د ئاراستەکرینە بۆ خەلکی. گەلۆ ئەگەر دەسەلاتداریا هەرێما کوردستانێ ژ بەر کاودانێن خوەیێن تایبەت کو ژ هەموو ئالیان یا دەورەدایە ب دوژمنان و هەموویان سویند ب سەرێ وێ خواریە نکاریت هەلویستەکێ پشتەڤانیێ بەرامبەر ڤێ سەرهلدانێ دیار بکەت،هەرچەندە ب هەر رەنگەکێ بوایە و ب هەر ئاستەکێ بوایە پێدڤی ب هەلویست دیارکرنەکێ بوو.

ئەرێ خەلکێ مە ل باشوورێ کوردستانێ ب میدیا و دەزگەهێن رەوشەنبیری، ب رێکخراوێن مەدەنی و جەماوەریڤە بۆچی د ڤی واریدا د بێ هەلویستن؟ هەر دەم ئەم دبێژین کورد یەک نەتەوەنە:کوردستان یەک وەلاتە تنێ سنوورێن دەسکرد د نێڤبەرا مەدا هەنە. دەمێ سەرێ کوردەکی ل جهەکی د ئێشیت سەرێ مە هەموویان د ئێشیت،بەلێ د ڤی واریدا مە هەلویستەکێ پشتەڤانیێ و هەڤسۆزیێ بەرامبەری ڤێ داخوازا رەوایا گەلێ خوە ل باکوورێ کوردستانێ نینە..!کۆڤار و رۆژنامە و رادیۆ و تلەڤزیۆنێن هەرێمێ د ڤی واریدا د بێدەنگ و بێ هەلویستن،هندی ئەز ئاگادار و من دووڤچوون کری تنێ هەر دوو رۆژنامێن (رووداو ) و (هاولاتی) هەتا ئاستەکی گرنگی ب ڤێ سەرهلدانێ دایە.

ئەرێ چما دێ تورکیا مافی دەتە خوە گشت شیانێن خوە دژی جێبەجێکرنا مادێ 140 ژ دەستوورێ عیراقێ و زڤراندنەڤا دەڤەرێن داگیرکریێن کوردستانێ بۆ سەر سنوورێ هەرێمێ بکاربینیت و ئەو ب خوە ژی داپێدانێ ب ڤێ چەندێ دکەت،ئەرێ ئەم وەک خەلک وەک رێکخراوێن جڤاکێ مەدەنی، یەکێتی یێن قوتابی و خویندکار و مامۆستا و گەلەکێن دن بۆچی وی مافی نەدەینە خوە تنێ رێپیڤانەکێ بۆ داخوازیا رەوایا قوتابی و مامۆستایێن باکوورێ کوردستانێ بکەین یان سپێدەکێ ب هەڤرا ل گورەپانێن خواندنگەهێن خوە پێنج خولەکان ب بێدەنگی وەک پشتەڤانی و هەڤسۆزی بۆ ڤێ داخوازا رەوایا خوشک و برایێن خوە راوەستین..؟

ل بیرا مە هەموویانە پشتی تێکچوونا شۆرشا کوردستانێ ل ئادارا 1975ێ خەلکێ باکوورێ کورستانێ چەند د هەڤسوز بوون دگەل خەما مە د وێ کارەساتا ب سەرێ مە هاتی،ب هاریکاریا وان ب نان و چەک و پشتەڤانیا وان مە خوە ڤەگرتەڤە و سەر ژ نوو خوە ل سەر پێیان گرت و دەست ب شۆرشێ کر،مال و زۆمێن وان بارەگایێن مە بوون هەتا شۆرش جارەک دن بوویە خوەدی دەڤەرێن رزگارکری.

ئەرێ بەرامبەر ڤێ ئەرکێ وان د رۆژێن بەرتەنگدا بەرامبەر مە ئەنجامدای نە پێویستە ئەم ژی خوەدی سەدان هەلویستێن پشتەڤانیێ بین بەرامبەر ڤێ سەرهلدانا مەدەنییا باکوورێ کوردستانێ..؟

هەلویستێن کوردانە یێن خەلکێ باکوورێ کوردستانێ بەرامبەر مە ل باشوور نە تنێ ب سالا 1975ێ و سەر ژ نوو دەسپێکرنەڤا شۆرشێ ب داوی دهێن،بەلکی هێژ د بەردەوامن،ل ئەنفالێن 1988،ل سەرهلدان و کوچا ملیۆنیا 1991و د هەموو روودان و کارەساتێن هەتا ئەڤرۆ ب سەرێ مە هاتین هێژ ئەوێن ژێردەست خوەدی هەلویستێن پشتەڤانی و هەڤسوزیێ نە دگەل مە،بەلێ ئەمێن ئەڤرۆ خوەدی نیمچە سەربەخۆییەک،خوەدی دەسەلات و دامودەزگەهێن دەولەتی و سەدان رێکخراو و سەندیکا و دەزگایێن راگەیاندنێ بەرامبەری کێمترین داخوازا رەوایا برایێن خوە ل باکوورێ وەلاتی د بێ هەلویستن..!بۆچی ب یەک دەنگ گازی نەکەین ئەم پشتەڤانێن داخوازا هەوەیا رەواینە بۆ خواندنا زمانێ کوردی.



# دیموکراسی بێ ئۆپۆزسیۆن

مستەفا شەفیق ئێدلبی- ئەڵمانیا
gare2005@hotmail.de

دیموکراسی لیبرالی،یان دیموکراسی سەرمایەداری دوو قاچی هەیە، قاچێکی دەسەڵاتی هەڵبژاردراو ئەویتریشیان ئۆپۆزسیۆنە. واتە بوونی بەرهەڵستکارییەکی دیموکراسیانە بنەمایەکی سەرەکی دیموکراسیبوونی دەسەڵاتە. پێشکەووتووترین دیموکراسی ئەوەیە کە بەهێزترین هێزی ئۆپۆزسیۆنی هەبێ کە لە سەر ورد و درشت رەخنەی لێبگرێت،چونکە رەخنەی گرانتر حکومەت ناچاری کاری باشتر دەکات، سوودمەندی یەکەمیش لەوەدا کۆمەڵگەیە. نەبوون یان بوونی ئۆپۆزسیۆنی لاوازیش پێش هەموو شتێک بەزەرەری کۆمەڵگەیە. هەربۆیەش دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکان پێش هەموو شتێک بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی رەهایان، روودەکەنە لەنێوبردنی ئۆپۆزسیۆن.بەوشێوەیەش، نیازەکان هەر چییەک بن، رێنەدان بە گەشەکردنی ئۆپۆزسیۆن واتە زەمینە خۆشکردن بۆ دیکتاتۆری.

ئەگەر بەگوێرەی ئەم راستیانە بڕوانینە رەوشی ئەمرۆی دەسەڵاتی کوردستان،کە رووبەڕووی کۆمەلیک رەخنەی جدی بووەتەوە، تێدەگەین کەموکوڕی لە سیستەمدا هەیە و پیداچوونەوەیەکی راستی دەوێت. رەخنەکان لەنێو خەڵکدا زۆر بە روونی دەگیرێن، بەڵام لە دەزگا رەسمیەکان بەتایبەتی لە پەرلەماندا نابیسترێن، وەک ئەوەی ئەو کێشانە هی وڵاتێکی دیکە بن،یان ئەم پەرلەمانە هی خەڵکێکی دیکە بێت و پەرلەمانی ئەو خەڵکە نەبێت کە رەخنە دەگرێت . باشە بۆچی پەرلەمان نابیتە جێی گفتوگۆی کیشەکانی خەڵک و کەس نییە بەرامبەر ئەم رەخنانەی خەڵک بەرپرسیاربێت؟ئایا ئەمە نیشانەی ئەوە نییە خەلک لە دونیایەک و دەسەلات لە دوونیایەکی دیکەیە و ئۆپۆزسیۆنێکی زمانحالی خەڵک نییە.

پەرلەمانی کوردستان بەدرێژایی بوونی، بێ ئۆپۆزسیۆنێکی بەرچاو بووە. بەتایبەتیش کە رێککەوتنی پارتی و یەکێتی لە سەر دابەشکردنی دەسەڵات و داهات و باڵادەستیان بەسەر راگەیاندن و سەرمایەدا، گفتوگۆ و بڕیاری خستووەتە دەست مەکتەبی سیاسی ئەو دوو حیزبە نەک پەرلەمان. ئەم شێوازەش رۆلی پەرلەمان ناهێلێت،هەرچەندە لە رووی شەرعیەتی هەڵبژاردنەوە پەرلەمان دەزگای شەرعی بڕیاردەرە نەک مەکتەبی سیاسی کە خەڵک هەلینەبژاردوون، بەڵکو هەڵبژێردراوی حیزبن.

لێرەشدا ئەو پرسیارە دێتە کایەوە، ئایا رێککەوتن لە پێناو نەهێشتنی شەڕو ناکۆکی نێوخۆیی دەکرێ هەمان رەوایی بمێنیت کاتێک دەکرێتە پەردەی چاوپۆشین لە ناتەواوی و گەندەڵێ ؟

بەهەر شێوازێک بێت لە سیستەمی دیموکراسیدا نەمانی بەرهەلستکاری نیشانەیەکی مەترسیدارە. بێگومان ئەگەر بڵێین شەڕ باشترە یان ریککەوتن، هەموو کەس دەڵێ رێککەوتن، بەڵام ئەگەر رێککەوتن و شەڕ هەردووکیان بۆ شاردنەوەی گەندەڵی و ناتەواوییەکان بن، ئەوکات مەترسی رێککەوتنیش بە ئەندازەی شەڕ گەورە دەبێت. بەتایبەتی لەهەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستاندا ئەگەر سنووریک بۆ گەندەڵی و کەموکوڕییەکان دانەنرێت لە کوردستاندا و ئاوڕێک لە ویستەکانی خەڵک نەدرێتەوە بێگومان نارەزایی لە شیوەی ئاشکراوە دەگوازێتەوە بۆ شێوەی شاراوەی خراپەکارانە، کە ئەمەش بە سوودی دوژمنە زۆرەکانی کوردستانە. ئەوکاتیش ئەوەی جێی گلەیی دەبێت هەر ئەو دەسەڵاتە دەبێت کە خەڵکی بەهۆی گەندەڵی و نەبوونی دیموکراسی راستەقینەوە بۆ ئەوە هانداوە. دەبێ بزانین هەڵەی دەسەڵات زەمینەی ئەو ئاراستە خراپە دروست دەکات.

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# ئیستیقالەی کوردی

هەواڵێکی زۆر ئاساییە کاتێک لە سەر کوژرانی یەک گەنج لە یۆنان، دەیان هەزار خۆپیشاندەر داوای دەست لەکارکێشانەوەی حکوومەت بکەن. هیچ مایەی سەرسوڕمان نییە کە لەسەر جیابوونەوەی هەرێمی کۆسۆڤۆ، (کۆستۆنیچا)ی سەرەکوەزیرانی سڕبیا دەست لە کار بکێشێتەوە، ئاخر لەو وڵاتانەدا، با جار و بار رووباری خوێن لە چۆکانیش بووبێت، بەڵام کار و پۆست و دەنگی خەڵک شکۆی هەیە و کاتێک ئەو شکۆیە بڕووشێ، ئامادە نین بۆ خاتری مووچەیەکی چەور، درێژەی بدەنێ و لە دەسەڵاتدا بمێننەوە.

بۆ دوور بڕۆین، ئەها لە سەر جیاوازیی بۆچوون، بە جارێک 11 وەزیری سۆماڵی دەست لە کار دەکێشنەوە. هیچ دوور نییە لە واری دیموکراسی و ئازادی راگەیاندندا، کوێت، سەت ساڵ لە پێش کوردستانەوە بێت، ئەوە نییە لە سەر بە دەنگەوە نەهاتنی وەک پێویستی پەرلەمان، تەواوی حکوومەتی کوێت، لە ئاداری رابردوودا دەست لە کار کێشانەوەی خۆی دایە میری ئەو وڵاتە.

کاربەدەستی کورد، حەیای دەست لە کارکێشانەوەشی بردووە. جارێ هیچ وەزیرێک یان ئەندام پەرلەمانێکی کورد شک نابەم، با بە درێژایی پۆستەکەشی یەک دانە داخوازی جێبەجێنەبووبێ، ئامادە بێت دەست لە کار بکێشێتەوە. وەزیری کورد هەیە نەک هەر هیچی پێشکێشی خەڵکی نەکردووە، بەڵکو بۆ حکوومەتیش مایەی عەیبە بووە، کەچی هەرگیز نابیستی، ئارەقەی شەرمی بێبەرهەمیی، وای لێبکات دەست لە کار بکێشێتەوە.

جگە لە دەست لەکارکێشانەوە بەناوبانگەکەی شێرکۆ بێکەس لەپۆستی وەزیری رۆشنبیریی لەیەکەمین کابینەدا، حکوومەتی کوردی، یەک دوو نموونەی گاڵتەجاڕیانەی دەست لە کار کێشانەوەی تێدا بووە، جارێک بەڕێز محەممەد ئیحسان وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، لە سەر وەختی چەقین و هەپروون بە هەپرووونی ماددەی بەدناوی سەدوچل دەستی لە کار کێشایەوە، کەچی پێش ئەوەی هەواڵی دەست لە کار کێشانەوەکەی شەوێکی بە سەردا تێپەڕێ، پەشیمان بوونەوەی خۆی لەو بڕیارە راگەیاند. جارێکیش بەم دواییانە بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری، کە بۆ پتر لە جارێک چانسی خۆی لە وەزارەتی چەقیو و کەمبەرهەمی رۆشنبیریدا تاقیکردەوە، رایگەیاند کە ئیدی تا ئێرە بەسە و دەست لەو پۆستە بەردەدات و خەریکی چالاکیی سیاسی دەبێت، کەچی هێشتا هەواڵی دەست لە کار کێشانەوەکەی بە تەواوی تەشەنەی نەکردبوو، پەشیمان بوونەوەی بەسەردا هات.

ئەزموونی ئیستیقالەی کوردی یەک راستی پێیە، ئەویش ئەوەیە وەزیری کورد بۆ دەرباز بوون و شاردنەوەی چەقینی پیشەییانەی خۆی، وەک رێکلام و بازاڕگێڕییەک، نمایشی دەست لە کار کێشانەوە دەکات. یان وایە، یانیش وەزیری کورد تەنانەت دەسەڵاتی بڕیاری دەست لە کار کێشانەوەشی لە دەستی خۆی نییەو، ئەگەر مۆڕەی لێکرا، پاشگەز دەبێتەوە. من نازانم، ئێوە پێم بڵێین، وەزیرێک دەسەڵات و جورئەتی دەست لە کار کێشانەوەی نەبێت، چاوەڕێی چی لێدەکەیت؟ خۆ ئەوانەشی خۆیان کڕ کردووە و بە بێدەنگی نانێک لە بەر سێبەر دەخۆن، ئەوە تەنانەت چاوەڕێ مەکە وەک نمایشیش، بوێرن باسی دەست لە کار کێشانەوە بکەن.




پەیامی ڕووداو

# شەڕی ئاشتی

ڕۆژگارێک تورک و کورد لەوبەر و ئەمبەری خابوور، شەڕە قسەیان بوو، بەتایبەتی میدیای تورک زۆرجاران نەک پلار بەڵکو جنێویشیان بە هەرێمی کوردستان و سەرکردەکانی دەدا، بۆیەش پێکەوەبوونی ئاڵای کوردستان و تورکیا لەکاتی کردنەوەی زانکۆی ئیشق لەبەردەم سەرۆکی حکومەتی کوردستان و قونسولی تورکیا لە موسڵ، لەورێورەسمەدا لە هەولێر جێی سەرنجێکی ئەرێنی بوو. بەتایبەتی دوای ئەوەش جگە لە دەنگوباسی هاتنی عەبدوڵڵا گیولی سەرۆک کۆماری تورکیا لە سەردانەکەی کۆتایی مانگیدا بۆ عێراق، بۆ هەرێمی کوردستانیش، زانیاری ئەوە هەیە کە وەزیریش بەدوای ئەندام پەرلەمانی تورک و قونسولی تورکیادا بێنە هەولێر.

حکومەتی هەرێمی کوردستان،خاوەن بوونێکی یاساییە بەپێی دەستووری عێراق، بەگوێرەی هەموو یاسا و ڕێساکانیش ئەوەی دان بە دەوڵەتی عێراق دابنێ نابێ هەرێمی کوردستانی پێ قبول نەبێ، بەڵام بنەما و یاسای نێودەوڵەتیش هەر بەپێی ئەو دەستووریبوونە هەندێ ئەرک دەخاتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە هێڵانە نەبوونی ئەو هەرێمەیە بۆ دژایەتی دەوڵەتانی دیکە. بۆیەش تێگەیشتنی ئەو پێویستییە نێودەوڵەتییە لەلایەن هەموو کوردەوە، کارێکە دەبێ بخرێتە بەر هەڵسەنگاندنی لۆژیک نەک هەست.

لەبەرامبەر ئەوەدا، کە چەسپاندنی ئاشتی و پاراستنی مافی مرۆڤیش بوونەتە بنەمای سنوور بڕ،ئەرکێکی هاوچارخانەی حکومەتی کوردستانیشە زەمینەی چارەسەری بۆ کێشەی کورد لەپارەچەکانی دیکەی کوردستان، خۆشبکات، هەر ئەوەشە ئەو دەستکەوتە گرنگەی چەند ساڵی دوایی کورد دەپارێزێ، کەئەویش بڕانەوەی شەڕی براکوژییە.

ئەوەی گرەنتی مانەوەو فراوانبوونی ئەو تاکە حکومەتە کوردستانییەش دەکات، لە هەر چوار بەشی دابەشکراوی کوردستاندا، پێشکەوتنی ئابوورییە، پێشکەوتنی ئابووریش پێویستی بە مامەڵەیە لەگەڵ نزیکدا دواییش دوور. ئەوەی کە کەس ناتوانێ دراوسێی خۆی هەڵبژێرێ، دروست بەسەر هەرێمی کوردستان و تورکیادا ساخ دەبێتەوە، تورکیا هێندەی پێیکرا لە دژایەتی و ڕێگرتن لە پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان کردی، وەک چۆن ئێستاش گەورەترین کۆسپی جێبەجێبوونی مادەی 140ە، بەڵام ئێستا حکومەت و دەزگا ئەمنییەکانی تورکیا دەزانن دەبێ ئەمجارە دەستی خۆیان بۆ تەوقەکردنیش بۆ باشووری کوردستان درێژ بکەن، ئەگەر ئەوەش پێکهات سوپاش ناچارە لە نەڕەی شەڕانگێزی خۆی کەمبکاتەوە.

شەڕی چەکداری لە باکووری کوردستانیش وەک باشوور و ڕۆژهەڵات، لەقۆناخی تواندنەوەو قڕکردنی کورددا کوردی لە تواندنەوە پاراست، بەڵام هەروەک لەگەرمەی شەڕەکانیشدا حیزبە شەڕەکەرەکانی کوردستان گوتوویانە شەڕی ئەوان بۆ ڕاگرتنی قڕکردنی کوردە، ئەمڕۆ دەبێ بۆ ئاشتی هەمیشە کورد دەستپێشخەربێت، چونکە بەدرێژایی شۆڕشی کوردستان قورسایی شەڕ هەر لە کوردستان بووە، ئەمڕۆش هەم چەمکی بەرگری گۆڕانی بەسەردا هاتووە لەچاوی جیهاندا و هەم ڕێگەکان بۆ خەباتێکی مەدەنیانە کراوەترن، کورد دەبێ زەیرەکی لە دیالۆگ دا بنوێنێ.بەتایبەتی کە هەولێرێکی بێ کێشە لەلایەکانی دیکە، دەتوانێ هەڵوێست بەهێزتربێ لەگەڵ بەغدا، کە پێدەچێ فیدرالییەکەی لەگەڵ بەغدا لە هەموو فیدرالییەکانی جیهان پڕ ململانێتربێ.

ئاکۆ محەممەد



# وەحشیگەری لە کوردستان

عارف زێرەڤان-سوێد
zerevan@nefel.com

ڕۆژانە هەواڵی کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی "شەرەف"دا لە باشووری کوردستانەوە دێن، مانگانە 100 کچ و ژنی کورد بۆ"شەرەف"ی پیاوانی کورد دەکوژرێن. سەرۆک وەزیرانی کوردستان نێچیرڤان بارزانی لە 2008/12/2 لە هەڤپەیڤینێکدا گوتی، لەبارەی ئەو دیاردەوە و کوشتنانەوە دەڵێ "کوشتنێکی بێ شەرەفانە".

نێچیرڤان بارزانی بۆ ڕۆژنامەڤانی کوردی سوێدی ئەشرەف ئۆکوموشیی باسی ئەو زۆردارییەی کرد کە پیاوانی کورد لە ژن و کچانی کوردی دەکەن و، کاردانەوەیەکی زۆر دژواری بەرامبەر ئەو جۆرە پیاوانە نیشانداو ئەو تاوانەی وەک "کوشتنێکی بێ شەرەفانە" ناوبرد. نێچیرڤان بارزانی گوتی، سیستەمی دادوەریی کوردستانیش وەک تیرۆریست مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکات کە ژنان دەکوژن و گوتی: "ئێمە لەم بوارەدا هەندێ یاسامان گۆڕیون. گۆڕانی هەرە گەورەش لەسەر مەسەلەی کوشتن بە ناوی شەرەف و ناموسەوە کراوە، کە من ناوەکەم گۆڕیوە و کردوومەتە "کوشتنێکی بێ شەرەفانە". چۆن دەتوانی مرۆڤێک بکوژی و بڵێی ئەوە لە پێناوی شەرەفە!".

بە گوێرەی ئەم وەسفکردنە، هەموو ئەو پیاوانەی بە ناوی "شەرەف"ەوە ژنی خۆیان یان کچانی خۆیان دەکوژن بێ شەرەفن، بەخشینی ئەم ناوە بەو تاوانکارانە بوێرییەکی گەورەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا کارێکی ترسناکیشە، چونکە ژمارەی ئەو "بێ شەرەفان"ی کوردستان کەم نییە.

کوشتنی ژنان بە هەر ناوێکەوە بێت، وا دیارە لە باشووری کوردستان زیاترە تا پارچەکانی دیکەی کوردستان. بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤ تەنیا ویلایەتێک (پارێزگایەک)ی باکووری کوردستان، بۆ نموونە ویلایەتی شڕنەخ لەگەڵ پارێزگای دهۆک بەراورد بکات، یەکسەر دەتوانێ بێ دوودڵی بڵێت ژمارەی کوشتنی ژنان بە ناوی"شەرەف"ەوە لە شرنەخ زۆر لە دهۆک کەمترە، لە میدیای تورکیشدا کەم جار مرۆڤ هەواڵی لەم جۆرە دەربارەی شرنەخ دەبیستێ.

لە گوندی مەلی، کە ناحیەیەکی سەر بە شرنەخە و 5000 کەسی تێدا دەژی، لەم 40 ساڵەی دواییدا تەنیا کچێک یان ژنێکیش بە بیانووی"شەرەف"ەوە نەکوژراوە. دانیشتووانی گوندی مەلی هەموو ماڵە فەقێ، ماڵە مەلا و ماڵە شێخن، ئەوانیش وەک کوردی باشوور موسڵمانن. واتە ئەو وەحشیگەریەی لە باشووری کوردستاندا هەیە، خەتای موسڵمانبوون و ئایینی ئیسلام نییە، هەرچەندە کاریگەری خۆیشی هەبێت.

دیاردەیەکی دیکە کە لەم دواییانەدا جارێکی دی زۆر باسدەکرێت، مەسەلەی خەتەنەکردنی ژنانە. خەتەنەکردنی ژنان لە بنەڕەتدا نەریتێکی هەندێ وڵاتی ئەفریقاییە و، مرۆڤ نازانێ چۆن گەیشتووەتە باشووری کوردستان. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەکیش 40%ی ژنان و کچانی باشووری کوردستان خەتەنە کراون.

شرنەخ و هەکاری لە باکووری کوردستان دوو ویلایەتی هەرە نزیکی باشووری کوردستانن، لە هەردووکیاندا مەسەلەی خەتەنەکردنی ژنان نییە و هیچ کەسێک شتی وای نەبیستووە. بە بڕوای من ئەگەر کوشتن بە ناوی "شەرەف"ەوە بێ شەرەفی بێت، خەتەنەکردنی کچانیش "بێ شەرەف"ییەکی گەورەی دیکەیە و لە هەمانکاتدا وەحشیگەرییەکی دیکەیە بەرامبەر ژنان.

بە گوتەی ڕێکخراوی تەندروستی نێودەوڵەتی WHO خەتەنەکردنی ژنان زۆر مەترسیی بەدواوەیە، هەر لەبەر ئەوەش خەتەنەکردن لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا قەدەخەیە. لە ڕووی تەندروستیشەوە ئەو مەترسیانەی هەیە:

1 -خوێن لەبەرچوون و شۆکەکانی خوێن، 2-بەزەحمەت میزکردن، 3- زیان بە ئەندامەکانی نزیکی ناوگەڵ دەگەیێنێت، 4-ئەنفەکسیۆن و ژەهراویبوونی خوێن زیاد دەکات، 5- دەبێتە هۆی زیادبوونی شۆکە دەروونییەکانی ژنان بەهۆی ئازار و ژانی لە ناکاویان بەهۆی خەتەنەکردنەوە.

جگە لەو مەترسییانە، خەتەنەکردنی ژنان ناهێڵێت ژن چێژ لە کرداری جووتبوون لەگەڵ پیاو وەربگرێت. ئەگەر لەو کردارە یەکسانی و هاوبەشی هەبێت چاکە، هەر بۆیە دەبێ ژنانیش مافیان هەبێت، هەمان چێژی پیاوی لێوەربگرن.

ئەگەر نا، با ئەو پیاوانەی کورد کە دەبنە مایەی ئەم وەحشیگەریە و ژنان ناچاری خەتەنەکردن دەکەن، واز لە کرداری جوتبوون و سێکسکردن لەگەڵ ژنان بێنن.

سەرۆکوەزیرانی کوردستان نێچیرڤان بارزانی دەڵێ، سزای ئەو پیاوانەی کچان و ژنان بە ناوی "شەرەف"ەوە دەکوژن، وەک سزای تیرۆریستان دەبێت و، هەندێکیان سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە. ترسی من لەوەیە نێچیرڤان بارزانیش نەتوانێ کوردستان لەم "بێ شەرەف"یەی هەموو ڕۆژێک دەقەومێ ڕزگار بکات.



# کات لەبارە باسی هەڵەبجە بکەن

هێمن عەبدوڵڵا- هۆڵەندا
hemn_abdulla@hotmail.com

دوو ساڵ بەر لە ئێستا حکومەتی هۆڵەندا لەسەر داوای دوو ڕێکخراوی نادەوڵەتی چەند بەڵگەنامەیەکی هەستیاری سەبارەت بە مەسەلەی فرۆشتنی کەرەستەی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی لە ساڵانی هەشتاکاندا بە حکومەتی عێراق ئاشکراکردن. دوو ڕێکخراوەکە دواتر لە ڕاپۆرتێکیاندا بە توندی دەوڵەتی هۆڵەندایان شەرمەزار کرد بەرامبەر بەو هەڵوێستە بەرژەوەندپەرست و دوو ڕوویانەیەی کە لەو سەردەمەدا گرتبوویە بەر.

بەڵگەنامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ساڵی 1984دا لەسەر پێشنیازی هۆڵەندا، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن هەر دەوڵەتێکی دنیاوە بە توندی پرۆتەستۆ کردووە. لێ هەر لەو ساڵەشدا هۆڵەندا هاوکاریی حکومەتی سەددام حوسێنی کردووە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو چەکانە.


ئەوکاتە گەنگەشەیەکی گەرم لە نێوان هەردوو وەزارەتی کاروباری ئابووری و کاروباری دەرەوەی هۆڵەندادا سەبارەت بەو پرسە دەستپێدەکات. وەزارەتی دەرەوە وایدەبینێت کە پێویستە دەوڵەت لیستی مۆڵەت وەرگرتن بۆ ئەو کەرەستە کیمیاییانەی کە ڕەنگە بۆ سازکردنی چەکی کۆکوژ بەکاربێن و لەلایەن هۆڵەنداوە بە وڵاتانی دیکە دەفرۆشرێن فراوان بکات. چونکە تا ئەو کات لیستێکی بچووک هەبووە و زۆر لە کەرەستەکان ناویان تێدا نەبوو. بەڵام وەزارەتی کاروباری ئابووری پێیوابووە کە جارێ بەرژەوەندییە ئابوورییەکان وادەخوازن کە حکومەت چاو لەو پرسە بنوقێنێ و بە چاکیشی نازانێ کە هۆڵەندا دەستپێشخەری بکا و لیستەکە فراوان بکات.

گەنگەشە و مشتومڕی ئەو دوو وەزارەتە چەندین مانگ دەخایێنێ و لەو نێوەندەشدا کۆمپانیای مێڵ خێمی و KBS لەگەڵ بازرگان فرانس فان ئانراتدا نزیکەی نیوەی ئەو کەرەستانەی بۆ سازکردنی چەکە کیمیاییەکانی حکومەتی ئەوسای عێراق پێویست بوون دەستەبەر دەکەن. دواتر عێراق بەو چەکانە هێرشدەکاتە سەر کوردستان و بەشێکی ئێران.

هۆڵەندا لە ساڵی 1996 دا پەیماننامەی قەدەخەکردنی بازرگانی بە چەکی کیمیایی ئیمزا کردووە و ئێستاش بارەگای ئەو ڕێکخراوەی پاش ئیمزاکردنی پەیماننامەکە دامەزرا ( ڕێکخراوی OPCW) لەو وڵاتەیە. بەڵام دوای ئەوەش درێژەی بە بازرگانیکردن و فرۆشتنی ئەو کەرەستانەی ئەو چەکانەی پێ بەرهەمدەهێندرێن داوە.

ئێستا لە هۆڵەندا کۆمەڵێک پەرلەمانتار و ڕۆژنامەنووس دەستیان بە هەڵمەت و کامپاینێک کردووە بۆ دەستکاریکردنی یاسای چەکفرۆشیی هۆڵەندا. چونکە وەک دەرکەوتووە کێشەکە تەنیا مەسەلەی بازرگانی بە کەرەستەی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی نییە، بەڵکو ئەو ڕاستییە کە بۆ نموونە تورکیا بە فرۆکە ئێف شانزدەکانی هۆڵەندا خەڵکی بێتاوانی کوردستان دەکوژێ و گوندان بۆمباباران دەکات بووەتە دۆزێکی دیکە.

بۆ کورد ئێستا کاتێکی لەبارە دۆزی هەڵەبجە و مەسەلەی پشکداریی ناڕاستەوخۆی هۆڵەندا لەو ڕەشەکوژییەدا بخەنە بەرباس. بە تایبەتیش کە پاش بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکەی چەند هەفتەی ڕابردووی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو بەڵگەنامانەی تێوەگلانی هۆڵەندا لەو دۆزەدا دەسەلمێنن یەکجار زۆر و باوەڕپێکراوتر بوون.



# لە 1991دا چەتە عەرەبەکانی مووسڵ هەولێریان ڕووتاندەوە

تاریق کارێزی
tfhkarezy@yahoo.com

نازانم یان ئەوەتا ئێمە نەتەوەیەکی شەرمنین و لەگەڵ بەرامبەردا لەڕوو دادەمێنین، یان ئەوەیە میللەتێکی خەمسارد و بێباکین و هەر زوو تفت و تاڵیی ڕابردوومان لەبیر دەچێتەوە. ڕەنگە ئەو خەسڵەتەی کورد کە تاریفم کرد و ناوم نەهێنا، بە دیوێکدا باش و بە لایەکیشدا خراپ بێت! یەکێک لە باشییەکانی ئەوەیە زوو غەدری نەتەوەکانی دەوروبەرمان لەبیر دەچێتەوە و هەردەم توانیومانە لاپەڕەی نوێیان لەگەڵدا هەڵبدەینەوە، بەمەش ڕێمان بۆ خۆمان خۆشکردووە کە باز بەسەر مەرگەساتێکی وەک ئەنفالدا بدەین و ئامادەبین دیسان وەک دوو نەتەوەی دۆست لەگەڵ عەرەبدا بژین. ئەمەش کولتوورێکی کوردانەیە و ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی هەیە.

هیچ لەوەناچێ عەرەب هەمان جۆرە کولتووری ئێمەی هەبێت، وەک لە مێژوودا ساخ بووەتەوە، ئەوان ڕوویان کردبێتە هەر شوێن و جوگرافیایەک، ئاسەوار و کولتووری نەتەوەکانی پێش خۆیان ڕەشکردووەتەوە. عیراق و شام و میسر و تەواوی باکووری ئەفریقا نموونەیەکن بۆ شاڵاوی عەرەباندن و سڕینەوەی نەتەوەکانی دی. پێنج سەد ساڵ بەر لە ئێستاش ئەگەر نەتەوەکانی نیمچە دوورگەی ئایبیریا ڕاپەڕینیان بەرپا نەکردبا و دەسەڵاتی عەرەبیان لەو جوگرافیایەدا نەڕووخاندبا، ئێستا وڵات و زمانێک بە ناوی ئیسپانیا و ئیسپانی یان پورتوگال و پورتوگالی نەدەبوو.

لە ڕابردووی دوورەوە بۆ ڕابردووی نزیک وا چاکە پەردەی شەرم بدڕین و ئاشکرای بکەین، کە لە 1991دا دز و چەتەی مووسڵ بەربوونە دووکان و بازاڕی هەولێر و ڕووتاندیانەوە. ڕەنگە ئەم نووسینەی من پتر بۆنی کاردانەوەی لێ بێت، کاتێک دەبینم و دەبیستم لە میدیای عەرەب و بە تایبەتی لە میدیای ئاسمانییاندا، گەلێ جار کورد بە دزیی و چەتەیی تۆمەتبار دەکەن. ئەوانەی دەڵێن کورد دزی دەکات مەبەستی سیاسییان هەیە و دەیانەوێ کورد لەکەدار بکەن.

لێرەدا با نموونەیەک بهێنینەوە. هەر لە ڕاپەڕینەکەی 1991دا کاتێک کورد کەرکووکی ڕزگار کرد، بەرەی کوردستانی و هیچکام لە پارتەکانی بواریان نەدا کەس دەسکاریی موڵکی گشتی و تایبەت بکات، تەنانەت چەند هەلیکۆپتەرێک لە نێو فڕۆکەخانەی کەرکووکدا گیران، پێشمەرگە ڕێی نەدا خەڵکی ئازارچەشتە تەنانەت بیانسووتێنن. لە پاڵ ئەوەشدا نکووڵی لەوە ناکرێت کە خەڵکانێکی شڕەخۆر هەبوون کەلوپەل و کەرەستەی نێو سەربازگە و بارەگاکانی حیزبی بەعسیان بە تاڵان برد. کورد لە هەر 9 ڕۆژی ڕزگاریی کەرکووک لە 1991دا دەستی بۆ یەک ماڵە عەرەب نەبرد تاڵانی بکات، هەرچەندە 80%ی عەرەبی ئەو شارە هاوردە و داگیرکەری خاکی کوردستانن، بەڵام کاتێک حەرەس جمهوریی سەددام شاریان داگیر کردەوە، ماڵە کورد نەما لە کەرکووک تاڵان نەکرێت، لەوەش زیاتر لە شۆڕیجە و ڕەشیداوە و ڕزگاری و چەندین گەڕەکی دی، بەعسی و چەتەی عەرەب نەک هەر دەرگا و چەنجەرەی ماڵە کورد، بەڵکو وایەری کارەبا و بۆڕیی ژێر عەردیشیان دەرهێنا و بە تاڵان بردیان.

من وەک شاهێد حاڵێک دەیگێڕمەوە، بە چاوی خۆم لە سێیەمین ڕۆژی پاش داگیرکردنەوەی هەولێر لە لایەن سوپای عیراقەوە، عەرەبی مووسڵ و شوێنانی دەوروبەریم بینی قوفڵی دەیان دووکانی کوتاڵ فرۆشییان شکاند و هەرچی هەبوو بە لۆری باریان کرد و بردیان. دز و چەتەی عەرەب نەک هەر دوکان و کۆگایان تاڵانکرد بەڵکو دەستیان لە ماڵانیش نەدەپاراست. هەر بۆ نموونە بەعسییەک بە پلەی ڕەفیق بە بیانووی ئەوەی ماڵی تاڵان کراوە، دە ماڵە کوردی هەولێری تاڵان کردبوو، بە لۆرییەکی دوو پارچە (پێی دەگوترا قاتیرە و مەقتوورە، یان نەقل بەڕی)، ئەو بەعسییە 10 - 12 مافوور، 4- 5 تەلەڤزیۆن، 3- 4 سەلاجە، بێ حیساب دۆشەک و سەرین و لێفە و بەتانیی باش، 7- 8 سۆبای باش، 6-4 تەباخی غاز و....هتد، تاڵان کردبوو، بەو لۆرییە دوورودرێژە بەرەو باشوور بۆی شۆڕبووەوە.

# 2009 ساڵێکی شوومە



**ڕووداو-مەلەف پرێس**

خانمە ئەستێرەناسی عەرەب ماگی فەرەح، پێشبینی دەکات 2009 ساڵی ڕووداوی ناخۆش وسەیر و سەمەرە بێت. "ئاسمانی 2009 تەماوییە و جیهان لە ئاستی سیاسی و ئابووریدا تەنگژەی زۆر گەورە دەبینێ. کودەتای سەربازی ڕوودەدەن وهەندێک ڕژێم دەڕووخێن ودووجاریش خۆردەگیرێ".

بەپێی پێشبینییەکانی ئەو ئەستێرەناسە لوبنانییە ساڵی 2009 لە بواری ئابووری وسیاسییەوە ساڵێکی شوومەو چەندین کۆمپانیای گەورەی جیهانی هەرەس دەهێنن. عێراق وئەفغانستان وپاکستان وچین دووچاری کردەوەی تیرۆریستی گەورە دەبن وئەمەریکاو عەرەبستانی سعودیش کارەساتی سروشتی بەخۆیانەوە دەبینن.

# سواری پرادۆ دەبن و منداڵیشیان کرمیان هەیە

**ڕووداو-هەولێر**

د.عەتیە حەمە سەعید، پسپۆری نەخۆشییەکانی ژنان ئاماژە بەرەوشی منداڵانی کوردستان دەکات و دەڵێت هەندێک لەمنداڵانی کوردستان کرمیان هەیە.

هەروەها دەڵێت "بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO 30%ی منداڵانی عێراق لەبەر دەرگەی ماڵەکانیان پیسایی دەکەن".



ناوبراو لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (ڕووداو)دا ڕەخنە لەدایکان دەگرێ بەوەی ئاگاداری پاکوخاوێنی منداڵەکانیان نین ودەڵێ"هەندێک لەو ژنانەی سواری مۆنیکا و پرادۆ دەبن و پرچیان مێش و نیگرۆ دەکەن ومنداڵەکانیشیان لەبەر پیسی کرمیان هەیە".

**لەژمارەی داهاتوودا ڕاپۆرتێک لەمبارەیوە**

# دوعایان زۆر بۆ کردم

**ڕووداو-لۆسئەنجلس تایمز**

لەیەکەمین دیداری ڕۆژنامەوانیدا دوای هەڵبژاردنی بەسەرۆکی ئەمەریکا،باراک ئۆبامابە ڕۆژنامەی لۆسئەنجلس تایمزی ڕایگەیاند کە پێیخۆشە لەکاتی سوێندخواردنی وەک سەرۆکی ئەمەریکا کە لە 20 /1/2009 بەڕێوەدەچێت بەناوی باراک حوسێن ئۆباما سوێند بخوات نەک باراک ئۆباما.



ئۆباما لەودیدارەدا ئاشکرایکرد لەکاتی هەڵبژاردندا پیاوانی ئاینی لەهەموو ئاینەکان دوعای سەرکەوتنیان بۆکردووە" کۆمەڵێک پیاوی ئاینی لە هەموو ئاینەکان لە سەرانسەری ئەمەریکا دوعایان بۆ دەکردم، هەندێکیان بە تەلەفۆن هەموو بەیانییەک دوعایان بۆ دەکردم، بەڵام دڵنیاش نیم لەوەی ئەو پیاوانە دەنگیان بۆ من دابێت".

**لەژمارەی داهاتوودا بەشێکی دیدارەکە بڵاودەکەینەوە**


Rudaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز**: کۆمپانیای ڕووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن**: نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر**: ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین**: ساڵح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری**: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net

**نوێنەری ئەورووپا**: هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**نووسینگەی سلێمانی**: شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997

**دیزاین**: عەبدوڵڵا ڕەفیق - بەختیار مستەفا - ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای ڕووداو دەریدەکات ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی

www.rudaw.net rudaw@rudaw.net Tel: 0750 488 5696


# مەزهەری خالقی : ئەگەر بمویستبا دەبوومە وەزیر

**ڕووداو-سلێمانی**

هونەرمەندی نێودار مەزهەری خالقی لە هەڤپەیڤینێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەمتوانی وەزارەتێک وەربگرم"، هەروەها ڕەخنە لە تەلەڤزیۆنە کوردییەکان دەگرێ کە بەهۆی هەڵنەسەنگاندنی بەرهەمەکانەوە هونەری کوردییان خستووەتە ناو "فەوزا"وە.



مەزهەری خالقی کە لەساڵی 1938 لە شاری سنە لە دایکبووەو، دوای ڕووخانی ڕژێمی شا چووە بەریتانیا، لەساڵی 2003وە لە باشووری کوردستان نیشتەجێبووەو ئەنستیتوتی کەلەپووری کوردی دامەزراندووە،سەرەڕای ئەوەی زاوای ئیبراهیم ئەحمەدو ئاوەڵزاوای مام جەلالە دەڵێ" زۆر بە شانازییەوە دەیڵێم،لە ژیانمدا کەس یارمەتی نەداوم و داوای یارمەتیشم لەکەس نەکردووە، چ ماددی و چ مەعنەوی".هەروەها دەڵێ ئەگەر بیویستبا دەبووە وەزیر لە هەرێمی کوردستان " زۆرکەس کە شیاوی وەزارەت نەبوون بوونە وەزیر، من دەمتوانی وەزارەتێک وەربگرم، کە هەم خەڵک منی قبوڵ بوو، هەم ئەزموونم هەیەو دۆستایەتیم لەگەڵ حیزبە عێراقییەکاندا هەیە".

ئەو کە ئێستا کار لەسەر بڵاوکردنەوەی کۆبەرهەمی هونەرمەندە کۆچکردووە نێودارەکانی کورد دەکات، دەڵێ هونەری کوردی لە هەرێمی کوردستان لە نێو "فەوزا" دایە و گوتیشی "ئەم فەوزایە، هی نەخوێندەواری و بێ سەوادییە، ئەوانە نەخوێندەوار و بێ سەوادن کە نابەرپرسانە گۆرانی دەڵێن و ئەوانەش کە بڵاوی دەکەنەوە".

**دەقی هەڤپەیڤینەکە لەژمارەی داهاتوودا بڵاودەکرێتەوە**





